فەزڵی زانستی شەرعی و پێگەی زانایان لە ئیسلامدا

نوسینی: کۆڵینەوەی فەرموودەکان
کاروان کەمال کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

فەزڵی زانستی شەرعی و پێگەی زانایان لە ئیسلامدا

ناوی کتێب: فەزڵی زانستی شەرعی و پێگەی زانایان لە ئیسلامدا

نوسینی: کاروان کەمال کردی

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم - ١٤٤٤ کۆچی – ٢٠٢٣ زاینی

ژمارەی سپاردن: ژمارە ( ) ـی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە


بسم الله الرحمن الرحيم

فەزڵی زانستی شەرعی و پێگەی زانایان لە ئیسلامدا

نووسینی: کاروان کەمال کوردی

پێشەکی

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

الحَمْدُلِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينْ وَصَلى اللَّهُ عَلى نَبِيِّنَا مُحَمَّد الأَمِين وَعَلى آله وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَان إلى يَوْمِ الدِّينْ، أَمَّا بَعْدُ:

دەرگایەک بۆ ناساندنی کتێب و پاڵنەری نووسینی:

بەپێی واقع و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ، ئێمە ئێستا لە سەردەمی نەزانی و نەمانی زانست داین، جا کۆمەڵێک لە فێرخوازی زانستی شەرعی داوایان کرد کەوا پێویستە دووبارە جارێکی تر پلەو پایەو گەورەیی علم بۆ خەڵک بەیان بکرێتەوە، چونکە کەسانێک کە لەوپەڕی نەزانی و گومڕایی ڕۆچوون، ئاوڕ بەلای زانست نادەنەوە و خەڵکی لە زانست سارد دەکەنەوە و کتێبەکان فڕێ دەدەن، وە هیچ ڕێزێک بۆ پێشەوایانی سەلەفی ئوممەت دانانێن و دەڵێن: ئەوان مردن و ڕۆیشتن، دین لەوان وەرناگیرێت!!

هەروەها سەلماندنی ئەوەی کەوا (واجبە) بە بەڵگە و ئیجماعی زانایان (فێربوونی زانستی شەرعی) بەتایبەت مەسائیلی عەقیدە و حەڵاڵ و حەڕام.

جا ئامانج لەو کتێبە دووبارە گەڕانەوەی پێگەو گەورەیی زانستە بۆ خوێنەر، چونکە بە زانینی گەورەیی و گرنگی زانست دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی موسڵمان زیاتر و زۆرتر هەوڵی ئەوە بدات خۆی لە دین شارەزا بکات، وە تێدەگات لەوەی ئەوەی ئەو دەیکات جیهادە و لای سەلەف لە نوێژی سوننەت گەورەتر بووە، وە هەندێک وەک نوێژ مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، دواتر بە وردی باسیان دەکەین ان شاء الله.

ئیمەش بەیارمەتی الله ﷻ بەو کەمە زانستەی کەوا الله پێی بەخشیوین دەستمان پێ کرد و کۆمان کردەوە و نووسیمان، بەجۆرێک کەوا لە (خوێنەری بەڕێز) بکەین هەرکاتێ ئەم کتێبەی خوێندەوە هێندە تامەزرۆ بێت بۆ علم ئامادەبێ خۆی (زیندانی) بکات لە ماڵ و پشت لە خۆشیە فریودەرەکانی سەردەم بکات، وە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی فێربوون و خۆ شارەزا کردن بدات لە دین بإذن الله.

الله ﷻ لە قورئان بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤﴾﴾[1]، واتە: بڵێ: ئەی پەروەردگارم! زانست و زانیاریم زیاد بکە. جا ئەو ئایەتە بەسە بۆ تۆی خوێنەر کەوا تێبگەی بۆچی لە هەموو قورئاندا الله تعالى تەنها لە (زانست) داوای لە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە داوای زیاتر بکات و شارەزاتری بکات و چاکتر و باشتر لە دین تێبگەیەنێت، چونکە هەریەکێک الله خێری بۆی بوێت ئەوا حیکمەت و دانایی زیاتر دەکات وەک دەفەرموێ: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ

(١) طه (١١٤).

خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُوا الْأَلْبَابِ ﴿٢٦٩﴾[1] ، واتە: دانایی و حیکمەتی خۆیشی دەدات بە هەرکەسێک خۆی بیەوێت و فێری دەکات، بە هەرکەسیش حیکمەت و زانایی قورئان و فەرموودە بدرێت، دەرگای دونیا و قیامەتی لێ والا کراوە. خاوەن بیر و هۆشمەندان نەبێت کەسانی تر لەو بەهرەیە تێ ناگەن و ئامۆژگاریەکانی الله ﷻ بەهرەمەند بوونە.

لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا ئیمامی ابن جریر دەڵێ: قولە: ﴿ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾ واتە: شارەزایی لە قورئاندا بە ناسخ و منسوخەوە، وە بە محکم و متشابهەوە، وە بە پێشین و بە پاشین، وە یە حەڕام و حەلاڵیەوە، وە هاوشێوەی ئەوان، وە هێناویەتی بە سەنەد لە:

١- (قتادة) دەربارەی وتەی الله تعالى: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ﴾، قال: الحكمة: القرآن، والفقه في القرآن. واتە: (الحكمة) مانای قورئانە، وە تێگەیشتن لە قورئان.

٢- لە (أبي العالية): ﴿وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾، واتە: قورئان و تێگەیشتنیەتی.

(١) البقرة (٢٦٩).

٣- لە (**مجاهد**)ـەوە دەربارەی وتەی اللە تعالى: ﴿يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ﴾، واتە: مەبەست پێی پێغەمبەرایەتی نییە، بەڵکو قورئان و زانست پێی و تێگەیشتنیەتی.[١]

واتە: هەریەکێک اللە ﷻ فێری تێگەیشتن لە قورئان و دینی کردبێت ئەوا بەتایبەت خێری بۆ ئەو بەندەیە ویستووە.

هەروەها لە چەندان فەرموودەی صریح و صحیح و ثابت ئەوەمان بۆ ڕوونکراوەتەوە کەوا (زانست) یەکێکە لە نیشانەکانی خێر و بێر بۆ هەریەکێ کە اللە پێی ببەخشێت، إن شاء اللە بە وردی لەسەر ئەو باسە دەڕۆین و دەدوێین و شیدەکەینەوە.

(١) تفسير الطبري، وفرض طلب العلم للآجري لاپەڕە (١٩)، والفقيه والمتفقه للخطيب (١٠٥، ١٠٦، ١٠٧).

ئەو کتێبەم دابەشی سێ بەشی سەرەکی کردووە ئەوانیش:

١- (**فضل العلم**): پلەو پێگەی زانست.

٢- (**فضل العلماء**): پلەو پێگەی زانایان.

٣- ڕێگاکانی فێربوونی زانستی شەرعی.

بۆ هەریەکێکیان دەیان فەرموودە و ئەثەر و وتە و ئەقوالی سەلەفم گواستۆتەوە، هەروەها ئەو کتێبە تەنها بۆ نیشاندانی پلەو پایەی زانست نییە بەڵکو لە (باسەکانی زانست) دا قسەمان لەسەر هەموو لایەنەکانی کردووە، هەروەها مەترسی فێرنەبوون و فێربوون و دواتر ئیهمال کردن و کار پێ نەکردنی، ئەوە لە باسی زانستدا.

لە باسی (زانایان) فەزڵی زاناکان بەهەمان شێوە لەسەرەتادا **لە تەفسیری** سەلەف و قورئان و دواتر لە فەرموودە و ئەثەر دا **پێگەو گەورەیی و** گرنگی کەسانی زانامان بەیان کردووە بۆ خوێنەر، ئینجا ئەو **زانایانەی** کار بە زانستەکەیان ناکەن کێن و چ هەڕەشەیەکیان لەسەرە، هەروەها لەکۆتاییدا بۆ ئاسانکاری خوێنەر بەشێوەیەکی پوخت هەستاوم بە باسکردنی چۆنیەتی فێربوونی زانستی شەرعی لەسەر ڕێگای سەلەفی ئوممەت. هەروەها لەو کتێبەدا تەنها فەرموودەی (صحیح)م نەهێناوە،

بەڵکو گەڕاوم لە زۆرترین سەرچاوە، جگە لە صحیح، ضعیف یشمان هێناوە بەتایبەت ئەو فەرموودانەی مشهور و بڵاون لەنێو خەڵکدا دواتر (تحقیق)مان کردوون دانە دانەی، هەروەها دیراسەی کۆمەڵێک فەرموودەی مشهورمان کردووەو بەیانمان کردووە لە باسی (زانست).

(**طلب العلم فريضة**) ئەوە فەرموودەیەکی باو و مشهورە لەنێو خەڵکدا بۆیە هەستاوم دیراسەم کردووە لە کتێبەکانی (العلل) بەڵام تخریجی هەموو ڕێگاکانم نەکردووە چونکە زۆر زیاتری پێویست بوو.

ئەو کتێبە جگە لەوەی هاندەرێکە بۆ فێربوونی زانستی شەرعی وەک سەرچاوەیەکی تحقیقیشە چونکە دەیان فەرموودەی تێدا تحقیق کراوە، ئەمەش چێژێکی تایبەت بە (طالب الإسناد) دەبەخێشت، بە یارمەتی الله ﷻ یەکەم کتێب دەبێ لەو سەردەمە لەنێو کورد دا بەو شێوە نووسرابێ بەتایبەت لەڕووی (تخریج و تحقیق و تعلیق) چونکە سەنەد لێرەدا زۆر فەرامۆشکراوە و گوێی پێنادرێ، دەبینین بە حیساب دکتۆرای هەیە یان دەیان ساڵە لە بواری فەرموودە کاردەکات کەچی گوێ نادات بە سەنەد و هەر فەرموودەیەکی بکەوێتە بەرچاو دەری دەبڕێ بێ گوێدانە سەرچاوەی زۆرێکیان، تەنانەت فەرموودەی (منکر و موضوع) باس دەکەن و لە خەڵکی دەکەن بە دین، بەڵام ئێمە الحمدلله ئەو بۆشاییەمان لێرەدا پرکردۆتەوە، وە تام و چێژێکی تایبەتی خودی زانستمان بۆ خوێنەر گەڕاندۆتەوە لەو کتێبە کەوا هەست بکات ڕێک لە خزمەت کتێبەکانی سەلەفە و سەنەد بە سەنەد دەچێتە خزمەتیان.

خاڵێکی تر: لەو کتێبە دا هەوڵم داوە زۆرترین سەرچاوە بەکار بێنم، هەروەها هەر سەرچاوەیەک کەوا لەو کتێبە نووسرابێت ئەوا لە خودی ئەو سەرچاوەیەم دەرهێناوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەک نانووسم هەتا پێش وەقت هەمووی دیراسە نەکەم و نەیخوێنمەوە، بۆ نموونە: کاتێک دەڵێم (العلم والحلم لآدم) یان (العلم لزهير بن حرب) ئەوا لە خودی ئەو کتێبانە دەرم هێناون دوای دیراسە و خوێندنەوەیان.

ئەو سەرچاوانەی تێیدا بەکارم هێناون بریتین لە:

١- (**العلم والحلم لآدم بن أبي إياس العسقلاني**): نووسەر: شێخی ئیمام بوخاری و هاوەڵانی کتوبی ستتەیە لە ساڵی (٢٢٠ هـ) یان (٢٢١ هـ) وەفاتی کردووە، ئیمامی البخاري لە صحيح البخاري فەرموودەیەکی زۆری لێوە ڕیوایەت کردووە، وە ئەو کتێبەی (آدم) بە یەکێک لە کتێبە لەپێشینەییەکانی سەلەف دادەنرێ کە لە باسی (زانست) بە سەنەدی عالی نووسرابێت.

٢- (**العلم لزهير بن حرب، أبو خيثمة**): یەکێکە لە پێشەوایانی سەلەف لە ساڵی (٢٣٤ هـ) وەفاتی کردووە.

٣- (**فرض طلب العلم للآجري**): یەکێکە لە پێشەوا دیارەکانی سەلەف و خاوەنی چەندان کتێبی گرنگی عەقیدەیی و علمیە، لە ساڵی (٢٨٠ هـ) لەدایک بووە، وە لە ساڵی (٣٦٠ هـ) وەفاتی کردووە.

٤- (**أخلاق العلماء للآجري**): لەپێشدا باسمان کرد.

٥- (**جامع بيان أخذ العلم وفضله لإبن عبد البر**): یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی کەوا لەو بوارە نوسراوە، نوسەر یەکێکە لە زانا دیارەکانی متأخرین و نزیک سەردەمی سەلەف، لەسالّی (٣٦٨ هـ) لەدایک بووەو لە (٤٦١ هـ) وەفاتی کردووە.

٦- (**المدخل إلى سنن الكبيرى للبيهقي**): یەکێکە لە نووسەرە **دیارەکانی** سەرەتایی سەردەمی متأخرین، خاوەنی زۆرترین **کتێبە لەهەموو** بوارەکان لە سالّی (٣٨٤ هـ) لەدایک بووە و لە سالّی **(٤٥٨ هـ) وەفاتی** کردووە.

٧- (**الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي**): یەکێکە لە دیارترین و کاریگەرترین نووسەرەکانی سەرەتای سەردەمی متأخرین لە هەموو بوارەکان، زۆرترین کتێبی ئەوم لەو باسەدا بەکارهێناوە، لە سالّی (٣٩٢ هـ) لەدایک بووە و لە سالّی (٤٦٣ هـ) وەفاتی کردووە.

٨- (**الرحلة إلى طلب الحديث للخطيب البغدادي**).

٩- (**شرف أصحاب الحديث للخطيب البغدادي**).

١٠- (**النصيحة لأهل الحديث للخطيب البغدادي**).

١١- (**أقتضاء العلم العمل للخطيب البغدادي**).

١٢- (**ذم من لا يعمل بعلمه لإبن عساكر الدمشقي**): نووسەر خاوەنی کتێبی گەورەی (تأريخ الدمشق)ەو لە ساڵی (٤٩٩ هـ) لەدایک بووە و لە ساڵی (٥٧١ هـ) مردووە.

ئەوانە وەک کتێبی تایبەت کەوا نووسراون لەو باسەدا، واتە: باسی (زانست)، جا هەموویم لەپێشدا خوێندووەتەوە و دیراسەم کردووە ئینجا فەرموودە یان ئەثری تایبەتم لێ دەرهێناون.

جگە لەو سەرچاوانە هەموو سەرچاوەکانی تری تایبەت بە (کتاب العلم) کەوا نووسراون لەنێو صحيح و سنن و مسندەکان، **لەوانەش:**

١- (**كتاب العلم**) لە (**صحيح البخاري**).

٢- (كتاب العلم) له (صحيح مسلم).

٣- (كتاب العلم) له (سنن أبي داود).

٤- (أبواب العلم) له (سنن الترمذي).

٥- (أبواب العلم) له مقدمەی (سنن ابن ماجه).

٦- (أبواب العلم) له مقدمەی (سنن الدارمي).

٧- (كتاب العلم) له (صحيح ابن حبان البستي).

٨- (كتاب العلم) له (المستدرک للحاكم).

٩- (كتاب العلم) له (مصنف ابن أبي شيبة).

١٠- (كتاب العلم) له (مسند الحارث).

١١- (كتاب العلم) له (شعب الإمان للبيهقي).

جگە لەوانەش، ئەوانە هەموویم دانە دانە دیراسە کردووە و خوێندووە ئینجا ئەگەر شتێکی تایبەت هەبووبێ تێیدا دەرم هێناوە، واتە بۆ ئەوەی ئەو کتێبە لە ڕووی تخریجەوە بەهێز بێ زۆرترین سەرچاوەم تێیدا بەکار هێناوە، ئینجا لەدوای ئەوە بۆ قۆناغی تحقیق و دیراسەی سەنەدەکان ئەوەی کەوا خۆم دەیزانم و زانیومە ئەوا ڕاستەوخۆ بە کورتی تحقیقم کردووە، ئەوانی تر گەڕاومەتەوە سەر کتێبەکانی، وەک:

١- (العلل لإبن أبي حاتم الرازي).

٢- (العلل الكبير للترمذي).

٣- (العلل المتناهية لابن الجوزي).

٤- (الموضوعات لابن الجوزي).

٥- (الأباطيل والصحاح والمشاهير للجورقاني).

چونکە هەوڵم داوە گرنگیەکی زۆر ورد بە بابەتی سەنەد بدەم، بۆ نموونە دەیان فەرموودە و ئەثەرم هێناوە کەوا لاوازن، وە ئاماژەم پێ کردووە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت و لێی تێبگات، جا ئەو فەرموودانەی بەناوبانگ (مشهور)ن زیاتر گرنگیم بە تحقیقی داوە و ئەوانی تر تەنیا نووسیومە ضعیف.

خاڵێکی تر: بۆ ئەوەی خوێنەر لای ڕوون بێت و نەکەوێتە دوو دڵی و گومان، مەنهەجی پێشەوایان لە (الجرح و التعديل) دا لە کۆن و نوێ بەو شێوە بووە کەوا لە باسەکانی عەقیدە و ئیمان و بیر و باوەڕدا زۆر تووندتر بوون، وە ڕیوایەتی هەموو کەسێکیان وەرنەگرتووە بە بەراورد بە باسەکانی (زوهد و سیرەو فتن و علم)، بۆ نموونە:

ئیمامی الترمذي له سنن: له (أبواب الإيمان) له چل ڕیوایەت تەنها دوو تاکو سێ دانەی (فيه مقال) قسەی لەسەرە، بەڵام له (أبواب الزهد يان علم) تاوەکو هەژدە ڕاوی زۆر ضعيف و شبه متروک یش ڕیوایەتی هێناوە، واتە له سەلەفیش زانایان له باسی زانستدا به بەراورد به عەقیدە زۆر متساهل بوون، بۆیە منیش لەو کتێبە زۆرترین فەرموودە و ئەثەر هەبووە کەوا هێناومە وەک شاهێدی و زانینە، وە هەندێکیان بۆ احتجاج پێ کردنە، بۆیە وریایی ئەو خاڵە بن.

نووسینی ئەو کتێبە کەمێک بەپەلە بووە بۆیە دەکرێ هەڵەمان لە هەندێ شوێن کردبێ چونکە ئێمەش مرۆڤین و قابیلی هەڵەین.

داواکارم الله ﷻ لێمان وەرگرێت و بۆمان بکاتە توێشووی قیامەت و ببێتە ئەو زانستەی دوای مردنیش سوودمان پێ بگەیەنێت.

کاروان کمال الکردي

١٤٤٤/٢/٣٠

دووشەممە

" بەشی یەکەم "

* فضل العلم: پێگە و گرنگی زانستی شەرعی *

فەرموودەی: (**طلبُ العلمِ فريضةٌ على كلّ مسلمٍ**)[1]

دەڵێم: ئەو فەرموودە لە کۆمەڵێک هاوەڵ هاتووە لەوانیش: علي بن أبي طالب، و ابن مسعود، و ابن عمر، و ابن عباس، و جابر بن عبدالله الأنصاري، هەروەها أنس بن مالک و أبي سعيد الخدري (ﷺ).

(مەنا) دەڵێ: بە احمدم گووت: بۆی باس کردین ئیبراهیمی کوڕی موسی دەڵێ: عەرزی مالیکم کرد لە نافع لە عبدالله ی کوڕی عمر دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: هەوڵدان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێک.

احمد فەرمووی: ئەوە ڕاست نییە.[2]

---

(١) ابن ماجه له سونەنەکەیدا هێناویەتی بە ژمارە (٢٢٤)، وە لە فرض طلب العلم للآجري هێناویەتی بە ژمارە (١٠) تاکوو (١٦)، وە ابن عبدالبر لە جامع بيان العلم هێناویەتی بە ژمارە (١٥) تاکوو (٣٠)، البيهقي لە شعب الإمان هێناویەتی بە ژمارە (١٥٥٢)، وە الخطيب لە الفقيه والمتفقه هێناویەتی بە ژمارە (٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢)، وە الرحلة إلى طلب الحديث للخطيب بە ژمارە (١، ٢، ٣)، وە ابن جوزي لە العلل المتناهية هێناویەتی بە ژمارە (٥٠) تاکوو (٧٠).

(٢) المنتخب من العلل الخلال (٦١).

گووتم: واتە فەرموودەکە صحیح نییە.

(**حسن بن علي بن حسن**) دەڵێ: پرسیاری لە باوکی عبدالله کرد دەربارەی (**طلبُ العلمِ فريضةٌ**)؟

گووتی: لای من هیچ شتێکی لەسەر جێگیر نەبووە.[1]

واتە: هیچ فەرموودەیەکی بە ڕاست و دروستی بەو شێوە لەسەر نەهاتووە.

(**عباس الدوري**) دەڵێ: بۆی باس کردین حەسەنی کوڕی عەطیة لە باوکی عاتکەوە لە ئەنەس فەرمووی: پێغەمبەری الله ﷺ فەرمووی: (**اطلبوا العلم ولو بالصين، فإنه فريضة على كل مسلم**).

دەڵێ: پرسیارم کرد لە یحیی کوڕی مەعین دەربارەی باوکی عاتکە؟ نەیناسی. واتە (مجهوله لای).[2]

هەواڵی پێدام (**المروذي**) دەڵێ: باوکی عبدالله (احمد) زۆر بە تونديی نکۆڵی لەو فەرموودە دەکرد.

---

(١) المنتخب من العلل للخلال (٦١).

(٢) المنتخب من العلل للخلال (٦٣).

واتە: ڕەتی دەکردەوە بەوەی فەرموودەیەکی ڕاست و دروست بێت.[١]

(**ابن عبدالبر**) لە (**جامع بيان العلم**) لە باب ی (قولە ﷺ: «**طلبُ العلمِ فريضةٌ على كلّ مسلمٍ**» دەڵێ: ئەو فەرموودە ڕیوایەت کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالک لە پێغەمبەرەوە ﷺ لە چەندین ڕێگای جیاوازەوە هاتووە بەڵام، هەموویان (معلول)ن، وە هیچ یەکێکیان نابێتە بەڵگە لای ئەهلی علم بە حدیث لە ڕووی سەنەدەوە.

هەروەها ابن عبدالبر هێناویەتی لە إسحاق بن منصور الكوسج لە (**إسحاق بن راهويه**) دەڵێ: (**طلب العلم واجب ولم يصح فيه الخبر**). واتە: هەوڵدان بۆ فێربوونی علم و زانست واجبە، بەڵام لەو بارەوە هیچ خەبەرێک لەسەری صحیح نییە.[٢]

(**ابن عبدالبر**) دەڵێ: مەبەستی إسحاق والله اعلم ئەوەیە کەوا فەرموودەی واجبێتی طلب العلم سەنەدیان قسەی لەسەرە لای ئەهلی علم، بەڵام ماناکەی صحیح ـە لایان.

(**دكتور نورالدين عتر**) لە تەحقیقی کتێبی (**الرحلة إلى طلب الحديث**) لە لاپەڕە (٧٧) دەڵێ: ئەو فەرموودە لە پەنجا ڕێگاوە هاتووە.

(١) المنتخب من العلل للخلال (٦٣).

(٢) جامع بيان العلم (٣٣).

(**ابن الجوزي**) لە (العلل المتناهية) هەموو ڕێگاکانی هێناوە، بۆ نموونە: دەڵێ: (**أما حديث أنس فله أربعة عشر طريقا**)، واتە: تەنیا فەرموودەی (ئەنەس) لە (١٤) ڕێگاوە هاتووە، بەڵام دوای هێنانی هەموو ڕێگاکان دەڵێ: (**هذه الأحاديث كلها لا يثبت**)، واتە: هیچ یەکێک لە ڕیوایەتەکان جێگیر نەبوون بە مرفوعی لە پێغەمبەرەوە ﷺ واتە: هیچیان صحیح نین. لەوەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کەوا ئەو فەرموودە لای سەلەف و متأخرین صحیح نییە لە ڕووی سەنەدەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەلبانی و محمد بن صبحي الحلاق)، وە بەشێکی تر لە معاصر دەڵێن (صحيحة!).

بەڵام ئاوڕ بەلای ئەو حاڵەتە شازانە نادرێتەوە و هیچ قوڕساییان نییە لە تەرازووی علمی سەلەف، هەروەها ڕیوایەتێکی تری مشهور هەیە بەو شێوە لە أنس بن مالک:

(**اطلُبُوا العِلْمَ ولَوْ بالصينِ، فإنَّ طلَبَ العِلْمِ فريضةٌ على كُلِّ مسلِمٍ**)[1] بەڵام ئەوەشیان لە ڕووی سەنەدەوە زۆر لاوازە، بۆیە (ابن الجوزي) لە (الموضوعات) لە (كتاب العلم) هێناویەتی، وە دەڵێ: (**هذا حديث لا يصح عن رسول الله ﷺ**).

فأما (الحسن بن عطية) فضعفه أبو حاتم الرازي، وأما (أبو عاتكة) فقال البخاري: (**منكر الحديث**).

---

(١) الرحلة إلى طلب الحديث للخطيب بە ژمارە (٣،٢،١)، وە جامع بيان العلم بە ژمارە (٢٢،٢١)، وە تأريخ البغداد للخطيب لە ج (٩) لا (٣٦٤)، وە لە الموضوعات لابن جوزي، (كتاب العلم) ج (١) لاپەڕە (٢١٦).

واتە: ئەو فەرموودە بە صحيحي ثابت نەبووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەهۆی [الحسن بن عطية] أبو حاتم الرازي بە لاوازی داناوە، وە [أبو عاتكة] ئیمامی البخاري دەڵێ: منكر الحديث. کە یەکێکە لە تووندترین جرحەکان لای ئەو.

هەروەها دەڵێ: (**ابن حبان**) دەڵێ: (**وهذا الحديث باطل لا أصل له**). واتە: ئەو فەرموودە نەک ضعيفە بگرە پووچە و ئەصلی نییە.

هەروەها لە (الموضوعات لابن جوزي).[1]

کەواتە لە ڕووی سەنەدەوە هیچ ڕێگەیەکی مرفوع و صحيح نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشەوایان فێربوونی زانستی شەرعیان بە واجب داناوە بەم شێوە:

* ابن عبدالبر هێناویەتی لە إسحاق بن منصور الكوسج لە (**إسحاق بن راهويه**) دەڵێ: (**طلب العلم واجب**).[2] ، واتە: پێشەوا ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە دەڵێ: هەوڵدان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی واجبە.

* پێشەوا (**سفيان بن عيينة**) دەڵێ: هەوڵدان بۆ فێربوونی علم و جیهاد واجبە لەسەر کۆمەڵێکیان بەوەش لەسەر ئەوانی تر لادەچێت. ئینجا ئەو

(١) لە (كتاب العلم) ج (١) لا (٢١٦)، وە لە (اللآلئ المصنوعة للسيوطي ج (١) لا (١٧٦)، لە کتاب العلم) هێناویەتی کە تایبەتە بە فەرموودە دروستکراوەکان.
(٢) جامع بيان العلم (٣٣).

ئایەتەی دەخوێند: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا إِلَيْهِمْ﴾[1] ، واتە: بۆیە ئەگەر لە هەر کۆمەڵ و گروپێکیان کۆمەڵێک دەربچوایەن (ئەوەندەی کە پێویست و مەبەستەکەیان بهاتبایەتە دی) ئەوەش بۆ ئەوەی ئەوانەی کە دەرچوون بۆ فێربوونی ئاینەکەی اللە ی پەروەردگار و ئەوەش کە بۆ سەر پەیامبەرەکەی ﷺ نێردراوە، پاشان بۆ ئەوەی گەلەکەیان ئاگادار بکەنەوەبەوەی کە فێری بوون لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ لایان.

* (**ابن عبدالبر**) دەڵێ: کۆدەنگی هەیە لای زانایان کەوا هەندێک لە علم فێربوونیان (واجبە) (فرض العين)ە لەسەر موسڵمانان، وە هەندێکی تر فێربوونیان (فرض الكفاية)یە، واتە: بە کردنی چەند کەسێک لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.
لەو شتانەی کەوا فێربوونی پێویستە و واجبە لەسەر تاک بە تاکی موسڵمانان بریتییە لە: (شەهادەت هێنان بە قسە و تصدیق کردنی بە کردەوە، وە ناسینی ئەوەی اللە تاک و تەنهایە و بێ هاوبەشە، زانینی حەڵاڵ و حەرام کراوەکان و ناسینی اللە بەو سیفەتانەی خۆی وەسفی پێکردووە، هتد ...).

دەڵێم: لێرەدا جێگای ئەوە نییە کەوا وتەکە هەموو بگوازینەوە چونکە تەفاسیلی تەواوی پێداوە، بەڵام لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا هەندێ

(١) التوبة (١٢٢).

باس هیچ بیانوویەکی نەزانین هەڵناگرێ وەک تەوحید و ناسینی الله ﷻ بە ناو و سیفاتەکان بەو شێوەی وارد بووە لە سەلەف، هتد ...

* پێشەوا (**محمد بن الحسين الآجري**) دەڵێ: بزانە ڕەحمەتی الله ﷻ مان لێبێت، کەوا واجبە و پێویستە لەسەر هەر موسڵمانێکی عاقڵ و باڵغ کەوا دەوڵەمەند بێت یان هەژار یان خانەدان بێت یان نا، وە ئازاد بێت یان کۆیلە، وە کوڕ بێت یان کچ، یەکەم زانست لەسەری ئەوەیە الله بناسێت بە (سیفاتەکانی)، وە زانستی هەبێ بەوەی چۆن الله بپەرستێ، وە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی واجبات و دوورکەوتنەوە لە حەڕام کراوەکانی ... هتد.(١)

دەڵێم: یەکێک لەو باسانەی کەوا سەلەفی ئوممەت زۆر تەئکیدیان لەسەری کردووە ئەوەیە الله بناسرێ بە سیفاتەکانی، لەپێشدا ئیجماعی ابن عبدالبر بیشمان نەقڵ کرد لەسەر ئەو باسە.

جا ناسینی الله بە ناو و سیفاتەکان زۆر گرنگە بەو شێوەیەی کەوا هاتووە، بەبێ لێکچواندن و تعطیل کردن، وە بەبێ ئەوەی بڵێین چۆن و (کیف) چۆنیەتی بۆ دابنێین، وەک لەو بارەوە قەولێکی بەناوبانگی ئیمام مالک هەیە کە دەڵێ: (**الاستواء معلوم، والكيف مجهول، والإيمان به واجب، والسؤال عنه بدعة**).

(١) فرض طلب العلم للآجري، لا (٥٤).

جا باوەڕ کردن و داننان بەوەی اللە بەرز بۆتەوە و لە سەرووی ئاسمانەکانە و لەسەر عەرشە شتێکی ڕوون و زانراوە، بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین، وە پێویست ناکات موسڵمان زۆر ڕۆچێتە نێو چۆنیەتیەوە چونکە مەزمومە، بەهەمان شێوە جێگیر کردنی ناو سیفاتەکانی تری اللە وەک ئەوەی: دەستی هەیە و دەبینێت و دەبیستێت و پێیەکانی هەیە، هتد ...) بەڵام بەبێ لێکچواندن و شوبهاندن بە دروستکراو، کە لێرەدا جێگای درێژە پێدانی نییە.

* دەرچوون بۆ علم وەک جیهادە *

(**أنس بن مالك**) ﷺ دەفەرموێ: رسول الله ﷺ فەرموی: هەریەک دەرچێت لەپێناو بەدەستهێنانی علم دا ئەوا وەک مجاهیدە لەپێناو الله تاوەکو دەگەڕێتەوە.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ڕیوایەتەکانی (الترمذي) و (البيهقي) و (الآجري) و (ابن عبدالبر)، (أبو جعفر الرازي) تێدایە کە ناوی: (عیسی بن أبي عیسی بن ماهان)ـە، (**فيه مقال، صدوق إلا انه يخطئ ويغلط ويهم**).

قال (ابن معين وعلي ابن المديني وأبو زرعة الرازي) وقال (أحمد بن حنبل والعجلي والنسائي) (**ليس بالقوي في الحديث**)، وذكره (ابن حبان) في (المجروحين).

هەروەها ئیمامی (**الترمذي**) دەڵێ: (**هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَرَوَاهُ بَعْضُهُمْ فَلَمْ يَرْفَعْهُ**)، بەڵام ماناکەی صحیح ـە گەرچی لە ڕووی سەنەدەوەش لاوازە.

---

(١) الترمذي (٢٦٤٧)، والمدخل إلى سنن الكبرى للبيهقي (٣٧١)، وفرض طلب العلم للآجري (٣٠)، وأخلاق العلماء للآجري (٣١)، وجامع بيان العلم وفضله لابن عبدالبر، في باب جامع في بيان فضل العلم (٢٧١)، والحلية لأبي نعيم (٢٩٠/١٠)، والطبراني في الصغير (٢٧٦/١)، والعقيلي في الضعفاء (١٧/٢).

جا بێگومان دەرچوون لەپێناو (زانست) گەر مەبەستت (في سبيل الله) لەپێناو الله بێت و ئامانج لێی خۆ شارەزا کردن و ڕزگار کردنی خەڵکی بێت لە جەهل ئەوا جیهادە، چونکە کاتێک یەکێک دەردەچێت لەپێناو علم دا زۆر شت دەکاتە قوربانی لەوانیش (ماڵ و سامان)، بۆیە دەبینین زۆرێک لە سەلەف لەپێناو علم دا ئەوەی هەیان بووە بەخشیویانە، وەک:

(شعبة بن الحجاج أبو بسطام) دەڵێن: مەنجەڵێکی دایکی هەبووە فرۆشتوویەتی لەپێناو فەرموودەدا، هەروەها ئیمامی (يحيى بن معين) هەرچی سەروەت و سامانی هەبووە کە زۆریش دەوڵەمەند بوو لەپێناو (حدیث) فەرموودەدا بەخشی، هەروەها ئیمامی (مسلم بن الحجاج)یش، جا ئەوە لە ڕووی ماڵ و سامان بەخشیندا، ئەی لە ڕووی کردنە قوربانی خۆشیەکانی دونیا و ئەهلەکەیان؟، جا دەبینین پێشەوایانی سەلەفی ئوممەت کەسی وا هەبووە بیست ساڵ و هی وا هەبووە پازدە ساڵ و سی ساڵ ئاوارەی شار و ولاتان بووە بە سەرما و گەرما شەو و ڕۆژ لەنێو بیابان و ئاودا ڕێگایان کردووە تەنها لەپێناو (زانست)، لە کتێبی **(هەوڵی سەلەف لەپێناو علم و ترسیان لە فتوادا)** زۆر نموونەم هێناوەتەوە، کەواتە ئەگەر ئەوە وەک مجاهید نەبێ ئەی کێ وەک مجاهیدە؟

* هەریەك الله خێری بۆی بوێ له دین شارەزای دەکات *

(حُمَيْدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ) دەڵێ: گوێم له (معاوية) بوو، وتاری دەدا و دەیگوت: هەریەک الله چاکەی بۆ بوێت شارەزایی دەکات له دین یان تێگەیشتووی دەکات لێی.(١)

دەڵێم: شارحی فتح دەڵێ: له پوختەی ئەو فەرموودەیە ئەوە دەردەکەوێت کەوا هەریەک له دین تێنەگات، واتە بنەماکانی ئیسلام و ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێیەوە له فروعدا ئەوا له خێردا بێبەش کراوە. هەروەها دەڵێ: ئەوەشیان ڕوونکردنەوەی ئاشکرایە له پلەو پایەی (زانا)، بەسەر تێکڕایی خەڵکی بە گشتی.(٢)

لەو فەرموودەیەدا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا دەدات بە خوێنەر کەوا زاناکان ئەو چینەن کەوا الله تعالى خێری بۆیان ویستووە، چونکە له دین شارەزای کردوون و کردوونی بە چرا و ڕێنیشاندەری خەڵک له گومڕایی بۆ هیدایەت، هەڵبەت ئەو زانایانەی کەوا کاریان بە علم بەکەیان کردووە

---

(١) البخاري (٧١)، ومسلم (١٠٣٧)، وابن ماجه (٩)، وموطأ مالك (٢٦٢٣)، والدارمي (٢٣٠)، وأحمد (١٦٨٣٤)، والعلم والحلم لآدم بن أبي إياس العسقلاني (٨٨)، وصحيح ابن حبان (٨٩) والطبراني له "الكبير" (٧٢٩/١٩) و (٧٨٢ - ٧٨٣)، وفرض طلب العلم للآجري (٣)، واخلاق العلماء للآجري (١٥)، والخطيب له الفقيه والمتفقه (١) تاوەکو (٢٥)، وجامع بيان العلم (٨٤).

(٢) فتح، شرح حديث (٧١).

لە خیر القرون و سەلەف دا، وە دوای ئەوانیش هەر زانایەکی سەر ڕاست و لەخوا ترس دەچێتە چوارچێوەی ئەو فەرموودەیە.

* باشترینی جاهیلیەت باشترینی ئیسلامە بەهۆی علم *

(**أبو هريرة**) ﷺ دەفەرموێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: خەڵکی وەک کانگا وان، دەیانبینی کەوا چاکترینیان لە جاهیلیەتدا چاکترینیانە لە ئیسلامدا، ئەگەر هاتوو تێبگات و شارەزا بێت لە دیندا.(١)

واتە: بەهۆی تێگەیشتن لە دین دەبێتە چاکترین و باشترین، واتە بەهۆی (زانست)، ئەمەیان بە هەمان شێوە دەچێتە چوارچێوەی (فضل العلم)، کە خاوەنەکەی دەگەیەنێت بە لوتکە لە چوارچێوەی دینی ئیسلام، سبحان الله لە گەورەیی علومی شەرعی ﷻ پلەو فەزڵێک دەبەخشێت بە هەڵگرانی حەقیقی. داواکارم الله ﷻ شارەزامان بکات لە دینەکەی و تێمان بگەیەنێت و پێمان بگەیەنێت لە ڕووی علم بۆ ئەوەی بکەوینە نێو ئەو بازنەیە.

(١) البخاري (٣٣٥٣)، وأحمد (٧٤٩٦)، ومسلم (٢٥٢٦)، والترمذي (٢٥٢٦)، والدارمي (٢٢٩)، والفقيه والمتفقه للخطيب (٢٦) تا (٢٩)، وجامع بيان العلم (٢٢ - ٢٣).

* تەنها لە بەدەستهێنانی علم حەسادەت دروستە *

(عبدالله بن مسعود) ﷺ دەفەرموویێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویێ: حەسادەت بردن نییە تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت، پیاوێک الله تعالی قورئانی پێ بەخشیبێت، ئەویش بە شەو و ڕۆژ دەیخوێنێ و خەڵک فێردەکات، وە یەکێک الله مالّی پێ بەخشیبێت لە حەقی خۆیدا بە شەو و ڕۆژ بەکاری دێنێت.(١)

دەڵێم: کاتێک دەفەرموویێ: لە دوو حاڵەت حەسادەت بردن تێیدا دروستە مەبەستی ئەو حەسادەت بردنە نییە کە خەڵک دەیبات بە یەکتر، بەڵکو ئەو جۆرەیە کەوا تۆ یەکێک دەبینیت الله تعالی فەزڵی پێداوە و علمی پێ بەخشیوە، وە بانگەوازی پێ دەکات و کار بەو علمە دەکات، وەک لە فەرموودەدا هاتووە (**خيرُكُم مَن تعلَّمَ القرآنَ وعلَّمَهُ**)، واتە چاکترینتان ئەوانەن کەوا قورئان فێر دەبن و خەڵکیش فێر دەکەن، واتە (طالب العلم و العلماء) چونکە ئەوانن کەوا علم و قورئان فێر دەبن و خەڵکیش فێر دەکەن. ئا لەو حاڵەتەدا تۆ بۆت هەیە بڵێی: (خۆزگە منیش وەک ئەوم بزانیبا تاوەکو وەکو ئەو کارم پێ کردبایە)، جا ئەو جۆرەیان دروستە، نەک حەسادەت و نەفەس بەوەی ئەوەی هەیەتی لە علم و مالّ نەیبێ و

(١) البخاري (٧٣)، ومسلم (٨١٦)، وابن ماجه (٤٢٠٨)، وأحمد (٣٥٥١)، والمدخل إلى سنن الكبرى للبيهقي (٣٦٣ – ٣٦٤)، وصحيح ابن حبان، كتاب العلم.

نەیمێنێت، ئەوەیان سیفەتی موسڵمان نییە، بەداخەوە ئەوەی هەیە ئەمڕۆ زۆرینەی لەوانەن کە حەسادەت دەبەن کە ببێتە هۆی نەمانیان.

* فەزڵی ئەوانەی لەپێناو علم کۆدەبنەوە *

(**أبو هريرة**) ﷺ دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر کۆمەڵێک لە ماڵێک لە ماڵەکانی الله دا کۆببنەوە، قورئانی تێدا بڵێن و بخوێننەوە لەنێوان خۆیاندا، ئیللا مەلائیکەت دادەبەزێتە نێویان، وە ڕەحمەت و ئارامیش دادەبەزێتە سەریان، وە مەلائیکەی بەزەیی دەوریان دەدەن، وە باسیان دەکات لەلای ئەوانەی لایەتی.[1]

دەڵێم: ئەوەشیان یەکێکی تر لەو تایبەتمەندی و فەزڵانەی بە هۆی علمەوە دەدرێ بە (طالب العلم) چونکە جگە لە فێرخواز و عالم کێی تر دەور و دیراسەی قورئان دەکاتەوە؟

(١) أبو داود (١٤٥٥)، ومسلم (٢٦٩٩ - ٢٧٠٠)، والترمذي (٣٣٧٨)، وابن ماجه (٢٢٥) و (٣٧٩١)، وأحمد (٧٤٢٧).

* ئەو کەسەی کە کردەوەیەکی خراپ یان چاک دادەهێنێت *

عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَيْهِمُ الصُّوفُ، فَرَأَى سُوءَ حَالِهِمْ قَدْ أَصَابَتْهُمْ حَاجَةٌ، فَحَثَّ النَّاسَ عَلَى الصَّدَقَةِ، فَأَبْطَئُوا عَنْهُ حَتَّى رُئِيَ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ، قَالَ: ثُمَّ إِنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ جَاءَ بِصُرَّةٍ مِنْ وَرِقٍ، ثُمَّ جَاءَ آخَرُ، ثُمَّ تَتَابَعُوا حَتَّى عُرِفَ السُّرُورُ فِي وَجْهِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ. وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ عَلَيْهِ مِثْلُ وِزْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ).[1]

واتە: (**جریر بن عبدالله**) ﷺ گووتی: چەند کەسێک لە عەرەبە بیابان نشینەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ کە جلی خورییان لەبەردا بوو، پێغەمبەر ﷺ بینی کە حاڵیان باش نییە و هەژار کەوتوون، هانی خەڵکیدا لەسەر خێر کردن، خەڵکەکە سستیان کردوو، زوو کارەکەیان ئەنجام نەدا هەتا لە ڕوخساری پێغەمبەردا ﷺ بێزاری دەبینرا، پاشان پیاوێکی ئەنصاری تورەکەیەکی هێنا کە زیوی تێدابوو، پاشان پیاوێکی تر هات پاشان بەدوای یەکدا هاتن هەتا خۆشحاڵی لەناوچاوانیدا دەبینرا و فەرمووی: (هەر کەسێک لە ئیسلامدا شتێکی باش دابهێنێت و لە دوای

(١) آدم بن أبي إياس له العلم والحلم (٩٨) و (٩٩)، ومسلم (١٧٧)، والنسائي (٢٥٥٤)، وأحمد له المسند، وابن حبان له صحيح، والطبراني له الكبير.

خۆی پەیڕەوی بکرێت، ئەوا پاداشتی ئەوانەی دەست دەکەوێت کە پەیڕەوی دەکەن، بێ ئەوەی پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە، هەر کەسێکیش کارێکی خراپ دابهێنێت و، پاش خۆی پەیڕەوی بکرێت ئەوا تاوانی هەموو ئەوانەی لەسەرە کە پەیڕەوی دەکەن بێ ئەوەی لە گوناهەکانی کەم ببێتەوە).

دەڵێم: ئەو فەرموودە دەچێتە چوار چێوەی (زانست)یش، واتە ئەوانەی لە ڕێگای زانستی شەرعیەوە خەڵک فێردەکەن، چونکە فێرکردن و پێگەیاندنی خەڵک دەچێتە چوارچێوەی سوننەی حەسەنە، بۆ نموونە : نوسینی کتێبێک لە بابێک لە بابەکانی زانستدا وەک نووسینی (صحيح البخاري يان مسلم يان مسند احمد يان ئەبوابی فقهی) ئەوانە ئوممەتێک سوودی لێ دەبینن و لەسەری دەڕۆن، یەکێکە لە گەورەترین و چاکترین داهێنان لە ئیسلامدا، چونکە دەبێتە هۆی زیندوو هێشتنەوەی علومی شەرعی و دین، گەر کتێبەکانی ئەوان نەبوایەن ئێمەی نەزان چۆن و بە چ شێوەیەک دەمانتوانی تەنانەت یەک فەرموودەی صحیح بدۆزینەوە، کەچی ئەمڕۆ کەسانێکی (نەزان و گومڕا) دەرچوون و نەک ڕێز لەو سوننە حەسەنەیە ناگرن بگرە دەڵێن ئەو کتێبانە (بتن!) و، ناکرێ و نابێ ئێمە دین لەو کتێبانە وەرگرین، ولا حول ولا قوة إلا بالله لەو سەردەمەی تێیداین و تێی کەوتووین کە خراپترین هەڵاتنی خۆر هەڵاتبێ ئەو سەردەمەیە کە فتنە وەک شەوی تاریک دابارێوە بەسەر ئوممەت.

* ئەوەی خەڵکی بانگ دەکات بۆ ڕێگای هیدایەت یان گومڕایی *

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا. وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ، كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا).[1]

واتە: (**أبو هريرة**) ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەر کەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ ڕێگای هیدایەت، ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون پاداشتی دەست دەکەوێت، هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکات، هەر کەسێکیش بانگی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی، ئەوا تاوانی لەسەرە وەک ئەوانەی کە شوێنی دەکەون و هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکات).

(١) مسلم (٢٦٩٩)، والترمذي (١٤٢٥)، وابوداود (٣٦٤٣)، وابن ماجه (٢٢٥)، والدارمي (٣٥٦)، واحمد (٧٤٢٧).

* ڕێگای علم ڕێگای بەهەشتە *

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " مَا مِنْ رَجُلٍ يَسْلُكُ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا إِلَّا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقَ الْجَنَّةِ.

واتە: هیچ پیاوێک نییە ڕێگایەک بگرێتەبەر بە مەبەستی فێربوونی (علم)
واتە: دین، ئیللا الله ﷻ ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.(١)

دەڵێم: ئەو فەرموودە مشهورە دەلالەتێکی زۆر ڕوونە بۆ موسڵمان کەوا تێبگات لەوەی گرتنەبەری ڕێگای زانست و زانیاری دەبێتە هۆکاری ئاسانکاری بۆ چوونە بەهەشت، واتە: چوونە بەهەشت پەیوەستە بە زانستەوە، چونکە گەر یەکێک زانستی نەبێت بەوەی الله ﷻ بناسێت بە سیفات و، زانستی نەبێ بە ئەحکامەکانی دین و حەڵاڵ و حەڕام لێک نەکاتەوە، هەروەها کوفر و شرک لێک نەکاتەوە ئەوا (نەزانینەکەی) بەرەو دۆزەخی دەبات پەنا بە الله، چونکە گەر (زانست) هۆکاری چوونە بەهەشت بێت ئەوا بە پێچەوانەوە (نەزانین) هۆکاری خستنە نێو دۆزەخە.

(١) مسلم (٢٦٩٩)، والترمذي (٢٩٤٥)، وأبوداود (٣٦٤٣)، وابن ماجه (٢٢٥)، والدارمي (٣٥٦)، وأحمد (٧٤٢٧).

* علم دوای مردنیش سوودت پێ دەگەیەنێت *

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ ؛ إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ ".

واتە: هاوەڵی بەڕێز (**أبو هريرة**) ﷺ دەفەرموێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: کاتێک مرۆڤ دەمرێت هەرچی کردەوەیە کۆتایی دێ، واتە دەپچڕێت، تەنها سێ شت نەبێت، خێرو چاکەیەکی کردبێت، یان زانستێک سوودی پێ بگەیەنێت، یان منداڵێکی چاک کە دوعای بۆ بکات.[1]

دەڵێم: ئەو فەرموودە یەکێکە لە گرنگترین ئەو فەرموودانەی کەوا گەورەیی و فەزڵی (زانست) بەتایبەت بۆ موسڵمان دەردەخەن، وە هاندانێکە بەتایبەت بۆ موسڵمان کەوا خۆیان فێری علم بکەن ئینجا خەڵکیش فێربکەن.

(١) مسلم (١٦٣١)، وابو داود (٢٨٨٠)، والترمذي (١٣٧٦)، والنسائي (٣٦٥١)، والدارمي (٥٧٨)، واحمد (٨٨٤٤)، وابن ماجه (٢٤٢)، والمدخل إلى سنن الكبرى للبيهقي (٣٦١).

* گەورەیی مەجلیسی (علم) زانست *

١- (**عبدالله بن عمرو بن عاص**) ﷺ دەفەرموویێ: پێغەمبەر ﷺ ڕۆیشتە نێو مزگەوت، دوو (مجلیس) دانیشتنی بینی، مەجلیسێکیان یادی الله یان دەکرد و دوعایان دەکرد، ئەوەی تریان خۆیان فێری تێگەیشتن لە دین دەکرد، رسول الله ﷺ فەرموویێ: هەردوو لایان لەسەر خێر و چاکەن، یەکێکیان یادی الله دەکەن و دوعا دەکەن، گەر الله ویستی وابێت پێیان دەدات یان پێیان نادات، ئەوەی تریان خۆیان و کەسانی جاهلیش فێر دەکەن، وە من نێردراوم وەک فێرکەر (واتە وەک مامۆستا) ئەوانە چاکترن، ئینجا لایان دانیشت.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە هەموو ڕیوایەتەکان دەچێتەوە سەر (عبدالرحمن بن زياد بن انعم الإفريقي) کەوا پێشەوایانی (الجرح والتعديل) قسەیان لەسەر کردووە بەو شێوەیە:

---

(١) مسند الحارث كتاب العلم، باب فضل العلماء (٤٠)، وجامع بيان العلم (١٩٧)، والزهد لابن المبارک (١٣٨٨)، والطيالسي (٢٢٥١)، والدارمي في السنن، والفقيه والمتفقه للخطيب (٣٠-٣١-٣٢-٣٣-٣٤).

ئەو زانایانەی (جرح)یان کردووە:

(**أحمد بن حنبل**) دەڵێ: (**ليس بشيء**)، هەروەها دەڵێ: فەرموودەی لێوە نانووسمەوە، دەڵێ: (**منكر الحديث**).

(**أبو حاتم الرازي**) دەڵێ: (**يكتب حديثه ولا يحتج به**)، واتە: فەرموودەی دەنووسرێتەوە بەڵام ناکرێتە بەڵگە.

(**أبو زرعة الرازي**) دەڵێ: (**ضعيف أفضل من ابن لهيعة، ومرة: ليس بقوي**)، بە لاوازی داناوە بەڵام دەڵێ باشترە لە (ابن لهيعة).

(**علي بن المديني**) دەڵێ: (**أصحابنا يضعفونه، وأنكروا عليه أحاديث تفرد بها لا تعرف**)، واتە: هاوەڵانمان بە لاوازیان داناوە.

(**أبو عيسى الترمذي**) دەڵێ: (**ضعيف عند أهل الحديث**). واتە لاوازە لەلای زانایانی فەرموودە.

(**أحمد بن شعيب النسائي**) دەڵێ: (**ضعيف**).

(**الدارقطني**) دەڵێ: (**ضعيف لا يحتج به**).

(**محمد بن إسحاق بن خزيمة**) دەڵێ: (**متروك، لا يحتج به**).

ئەو زانایانەی (جرح)یان نەکردووە بەڵام بە (ثقة)شیان دانەناوە:

(**يحيى بن سعيد القطان**) دەڵێ: (**يحتج بحديث الإفريقي فهو صحيح الكتاب، ومرة: ليس به بأس وفيه ضعف وهو أحب إلي من ابن أبي مريم الغسانى**)، واتە: پشت بە ڕیوایەتی (عبدالرحمن) دەبەستڕێت، هەروەها صحيح الكتاب، ئەگەر لە کتاب بێت، هەروەها کێشەی نییە و هەندێ لاوازی تێدایە، ئەو لای من چاکترە لە (ابن أبي مريم الغسانى).

(**أبو دواد السجستاني**) دەڵێ: (**يحتج بحديثه صحيح الكتاب**).

(**أحمد بن صالح المصري**) دەڵێ: (**يحتج بحديث الإفريقي فهو صحيح الكتاب، وهو من الثقات ومن تكلم فيه فليس بمقبول**).[1]

دەڵێم: لێرەدا (احمد بن صالح) تعدیلی کردووە و بە ثقة شی داناوە، بەڵام ئەو قەولەی مردودە کە دەڵێ: ئەوەی قسەی لەسەر کردبێت مقبول نییە، چونکە لە سەرەوە چەندان گەورە پێشەوای سەلەفمان داناوە کەوا لەو لە پێشترن.

(**محمد بن إسماعيل البخاري**) دەڵێ: (**مقارب الحديث**).

(**يحيى بن معين**) لە چەند شوێنێک قسەی لەسەر کردووە:

لە ڕیوایەتی (**العباس الدوري**) دەڵێ: (**ليس به بأس وفيه ضعف وهو أحب إلي من أبي بكر بن أبي مريم**).

لە ڕیوایەتی (**الدارمي**) دەڵێ: (**ضعيف ويكتب حديثه وإنما أنكر عليه الأحاديث الغرائب التي كان يجيء بها**).

لە ڕیوایەتی (**ابن محرز**) دەڵێ: (**ليس بذاک القوي**).

(١) ميزان الاعتدال للذهبي (٤٨٦٦).

دەڵێم: ڕاستترین ڕیوایەت یاخود پێکاوترینیان لە (ابن معين)، (عباس الدوري)ـە، کە دەڵێ: **(ليس به بأس وفيه ضعف وهو أحب إلي من أبي بكر بن أبي مريم)**، واتە جرح ـە بەڵام لە پلەیەکی نزمدا نەک جرح یێکی توند چونکە بەراوردی ڕاوی تری ضعيف ی کردووە.

کەواتە زۆرینەی ئەهلی علم بە لاوازیان داناوە بەڵام وەک بینیمان بە تۆندی جرحیان نەکردووە بۆیە فەرموودەکانی دەنوسرێنەوە و پیشان دەدرێن، وەک لەپێشدا باسمان کرد زانایان متساهل بوون لە ڕیوایەت کردنی فضائل، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا بکرێنە بەڵگە والله اعلم. لەگەڵ ئەوەشدا زانایان لە سەلەف و خەلەف وەک هاندانێک بۆ خەڵک استدلالیان بەو فەرموودە کردووەو لەو کتێبانە هێناویانە کە تایبەت بووە بە علم.

٢- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " لَأَنْ أَقْعُدَ مَعَ قَوْمٍ يَذْكُرُونَ اللَّهَ تَعَالَى مِنْ صَلَاةِ الْغَدَاةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُعْتِقَ أَرْبَعَةً مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ، وَلَأَنْ أَقْعُدَ مَعَ قَوْمٍ يَذْكُرُونَ اللَّهَ مِنْ صَلَاةِ الْعَصْرِ إِلَى أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أُعْتِقَ أَرْبَعَةً ".

ئیمامی (**أبو داود**) هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز (**أنس بن مالك**) ﷺ دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: گەر بێت و لەگەڵ کەسانێکدا دابنیشم کەوا زیکرو یادی الله عزوجل دەکەن تاوەکو خۆر هەڵاتن لام خۆشترە یان (چاکترە) لە ئازاد کردنی چوار کۆیلەی (کوڕانی ئیسماعیل)، وە ئەگەر دابنیشم لەگەڵ کۆمەڵانێکدا کەوا زیکر و یادی الله دەکەن لە نوێژی عەسرەوە تاوەکو خۆر ئاوابوون لام خۆشترە لە ئازاد کردنی چوار لە کوڕانی ئیسماعیل.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە رجالەکان هەمووی (ثقة)ن تەنها (موسى بن خلف العمي) نەبێت کەوا (فيه مقال) قسەی لەسەرە، (يحيى بن معين) لە ڕیوایەتی (اسحاق بن منصور) و (احمد بن ابي يحيى) دەڵێ: (**ليس به بأس**). هەروەها لە ڕیوایەتی (ابن الجنيد) دەڵێ: (**ضعيف**).

(**أبو حاتم الرازي**) دەڵێ: (**صالح الحديث**).

(**عفان بن مسلم**) و (**يعقوب بن أبي شيبة**) و (**العجلي**) دەڵێن: (**ثقة**).

(**الدارقطني**) لە (سؤلاتی البرقاني) دەڵێ: (**يعتبر به**).

(**ابن حبان**) لە (المجروحين) بە توندی جرح ی دەکات.

(**الذهبي**) لە (الكاشف) (٣٠٣/٣): نەقڵی (تعديل)ی دەکات.

---

(١) سنن ابو داود، كتاب العلم (٣٦٦٧) واللفظ له.

(**ابن حجر**) لە (التقريب) دەڵێ: (**صدوق**) بەڵام (له أوهام).

٣- (**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە ڕێگای (يزيد الرقاشي) لە (**أنس بن مالك**) دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی گەر لەگەڵ کۆمەڵێک دابنیشم کەوا یادی الله تعالى دەکەن لە بەیانی تاوەکو خۆرهەڵاتن پێم خۆشترە لە هەڵاتنی خۆر، وە لە عەسر تا ئاوابوونی خۆر لەوەو لەوە.[١]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە (يزيد الرقاشي) تێدایە کەوا (ضعيف)ـە، بۆیە ڕیوایەتی (ابو داود) صحيح تره لەوە بەڵام، لە بابی (الترغيب) وەری دەگرین بۆیە (المنذري) لە (الترغيب والترهيب) بە (حسن)ی داناوە.

شیکردنەوەی مەتن: واتە دانیشتن بۆ (علم) چونکە هەریەک لە (ابو داود) و (الخطيب) لە (أبوابى علم) هێناویانە، ئەمەش دەلالەتە لە گەورەیی و گرنگی فێربوونی (علومی شەرعی).

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي (٣٥).

* تێگەیشتن لەدین باشترە لە بەنایەتی کردن بە جەهل *

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**ضرار بن عمرو**) دەفەرمووێ: کەسانێک وازیان لە (علم) هێناو و وازیان لە کۆڕ و مەجلیسی ئەهلی علمیش هێنا، جێگایەکی تایبەتیان دروست کرد تەنها بۆ نوێژو ڕۆژوو تا وای لێهات هەندێکیان پێستیان بە ئێسکیانەوە نووسا، ئینجا پێچەوانەی سوننەتیان کرد، وە تیاچوون، نەخێر سوێند بەوەی هیچ خوایەکی تر نییە جگە لەو، هیچ کەسێک نییە کارێک بکات بە جەهل و نەزانی ئیللا خراپەی زیاترە لە باشیەکەی.(١)

هەروەها هێناویەتی لە (**نافع**) دەڵێ: یەکێک پرسیاری کرد لە (ابن عمر) ﷺ پێی گوت: ئەی باوکی عبدالرحمن شتێکم پێ بڵێ بەرەو خێرم ببات، ئەویش فەرمووی: (تێگەیشتن لە دین)، گووتی: لەوانەیە لێم تێنەگەیشتبێ، با دووبارە پێی بڵێمەوە، گوتی من دەڵێم داوات لێ دەکەم شتێکم فێربکەیت بەرەو خێرم ببات؟ (ابن عمر) ﷺ پێی فەرموو: هاوار بۆت جارێکی تر، ئایا تێگەیشتن لە دین باشتر نییە لە کردەوەیەکی زۆر؟ کەسانێک خۆیان لە مااڵدا جێگیر کرد و بەڕۆژوو بوون و نوێژیان کرد تا

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي، لاپەڕە (١٠٦) ژمارە (٦٥).

وای لێهات پێستەکانیان وشک بوو بە ئێسکەکانیانەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێک پێی لە اللە نزیک نەبوونەوە تەنها دووری نەبیت.(١)

هەروەها هێناویەتی لە (**عمر بن عبدالعزیز**) بە هاوشێوەی ئەو دوو ڕیوایەتە.

دەڵێم: ئەگەرچی لە ڕووی سەنەدەوە (لاوازن) بەڵام ماناکانیان تەواوە چونکە عیبادەت و بەندایەتی کردنی خالق بە (جەهل) زیانی زیاترە وەک لە سوودی، هەروەها بەندایەتی کردن دانامەزرێت بە جەهل تەنیا بە (علم) نەبێت، وە قبوڵ نابێ ئیللا بەو شێوە نەبێ کە بۆمان هاتووە، ئەمەشیان دەلالەتە لە گرنگی و گەورەیی (علم) بەسەر کردەوەدا، چونکە هەوڵدان بۆ فێربوونی علم جگە لەوەی ڕزگارکەری بەندەیە لە (جەهل) بەشێکە لە عیبادەت.

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٠٧) ژمارە (٦٤).

* ڕێزگرتنی سەلەف لە ئەهلی علم *

(**أبي العالية**) دەڵێ: من دەهاتمە لای (ابن عباس) ﷺ دایدەنیشاندم لای خۆی لەسەر سەریر، وە قوڕەیش لە خوار بوون، وەک بڵێی لایان ناخۆش بوو، دەیان گوت: ئەو بەندەیە یان کۆیلەیە بەرز دەکاتەوە سەر سەریر، (ابن عباس) ﷺ پێیانی فەرموو: ئا ئەو زانستە پلەی خاوەن ڕێز زیاد دەکات، کەسانی بەندە (کۆیلە) دادەنیشێنێت لەسەر تەختی بەرز یان سەریر.[1]

دەڵێم: ئەوە سیفەتی زۆرینەی سەلەفی ئوممەت بووە هەر لە هاوەڵان و تا دوا چینی اتباع التابعین، بەوەی کەوا ڕێزی زۆریان لە هەڵگرانی علم گرتووە، چۆن (ابن عباس) ﷺ ڕێزی لەو بەندەیە گرتووە کەوا خاوەن علم بووە، بەهەمان شێوە لەپێش ئەودا ئیمامی (عمر) ﷺ ڕێزی زۆری لە پێشەوا (عبدالله بن عباس) ﷺ دەگرت بەهۆی زانستەکەی، دایدەنیشاند لە کۆڕو کۆبوونەوەی گەورە پیاوانی ئوممەت، وە داوای لێ دەکرد کەوا تەفسیری قورئانیان بۆ بکات، ئەوەشیان یەکێکی تر بوو لە (فضل العلم).

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي ژمارە (٣٩٨)، والفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٣٩) ژمارە (١١٧).

* بیانووی نەزانین بۆ هیچ کەس نییە *

(آدم بن أبي اياس) هێناویەتی لە (أبي الأحوص حكيم بن عمير العنسي) دەڵێ: (عمر بن الخطاب) ﷺ نامەی نارد بۆ ئەمیرەکان، بۆی نووسین: خۆتان فێری دین بکەن چونکە هیچ بیانوێک نییە بۆ کەسێک کەوا شوێن باطل بکەوێ وابزانێت حەقە و واز لە حەقێک بێنێت پێی وابێت کەوا باطلە.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ئەو ئەثەرە لاوازە، وە لە ڕێگەی ترەوە هاتووە، پێشەوا (البربهاري) لە (شرح السنة) هێناویەتی لە ئیمامی (الاوزاعي) دەڵێ: پێمان گەیشتووە لە (عمر بن الخطاب) ﷺ کەوا فەرموویەتی: هیچ بیانوێک نییە بۆ یەکێک کەوا شوێن باطل بکەوێت پێی وابێت لەسەر هیدایەتە، وە بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەویشیان بەهەمان شێوە سەنەدی لاوازە چونکە (متصل) نییە، (الاوزاعي) دەڵێ: (پێمان گەیشتووە)، بەڵام ئیمامی (عمر) ﷺ زیاتر لە (٦٠) ساڵ پێش لەدایک بوونی ئیمامی (الاوزاعي) وەفاتی کردووە، دوای بەدوا داچوون بۆم دەرکەوت کەوا ئەو قەولە دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوا (عمر بن عبدالعزيز).

بەڵام ماناکەی تەواوە چونکە هەم لە قورئان و هەمیش لە سوننەت چەندان دەق ئەوە دەسەلمێنن کەوا عوزر نییە بۆ ئەوانەی لەنێو گومڕاییدا

(١) العلم والحلم لآدم بن ابي اياس العسقلاني (٨٨).

بن و پێیان وابێ لەسەر ڕێگای ڕاستن، بۆیەش لەسەر خوێنەری موسڵمان پێویستە کەوا خۆی فێری ئموری دینەکەی بکات.

* سەلەف منداڵەکانیان هاندەدا بۆ علم *

(الزبير بن بكار) دەڵێ: باوکم نامەیەکی بۆم نووسی و گوتی: ئەی کوڕەکەم، دەست بگرە بە زانست (علم) چونکە سوێند بە اللە زۆر باشترە بۆت لە میراتی باوکت، دەڵێ: چووم بۆ مامم (مصعب بن الزبير)م باس کرد، پێی گوتم: سوێند بە اللە ڕاستی کردووە و باشترین ئامۆژگاری کردوویت، کوڕەکەم، دەست بگرە بە علم (زانست) چونکە گەر پێویستت پێی بێت ئەوا بۆت وەک مآل وایە واتە (پارە)، وە ئەگەر لێشت زیاد بێت ئەوا بۆت جوانیە.(١)

ئەوەش ئامۆژگاری پێشەوایانی سەلەف بۆ منداڵەکانیان، نەیانگوت کوڕم هەوڵدە پارە پەیدا بکە یان خانوو بکڕە، بەڵکو تاکە ئامۆژگاریان بۆیان دەست گرتنە بە علم چونکە مرۆڤ بەهۆی علم ڕزگاری دەبێت لە جەهل و نەزانی، جا بەردەوام موسڵمان پێویستی بە علمە بۆ ئەوەی ڕێگا ون نەکات.

سبحان اللە کاتێک کە دەڵێ ئەگەر لێت زیاد بوو یان زیادی کرد ئەوا جوانیە بۆت، مەبەست بەرز بوونەوەی پلەی هەڵگرانی علمە، هەروەها ڕێز و تەقدیری زیاتر.

---

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي ژمارە (٣٩٩).

(**هشام بن عروة**) دەڵێ: باوکم ئێمەی کۆ دەکردەوە و پێی دەگوتین: (ڕۆڵەکانم، کوڕەکانم) ئێمە سەردەمانێک بچوکی نێو خەڵکی بووین، و ئەمڕۆ ئێمە گەورەیانین، وە ئێوەش ئەمڕۆ بچوکن، وە دەبن بە گەورەی قەومەکەتان ئەگەر بمێنن، وە خێر لە زۆری نییە بێ زانست (علم) بێت، دەڵێ: ئینجا فەرموودەی لە (عبدالله بن عمر) ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ باس دەکردین لەبارەی نەمانی زانست (علم).[1]

دەڵێم: ئەوەی کە ئامۆژگاری دەکرێت (هشام بن عروة)، وە ئامۆژگاریکار (عروة بن الزبير)، بە دڵنیاییەوە بەهۆی زانست (عروة) بوو بە یەکێک لە هەرە گەورەترین پێشەوایانی ئیسلام لە چینی (التابعين)، هەروەها بە یەکێک لە (علماء السبعة) دانراوە، ئەوەش هەمووی بەهۆی گەورەیی زانست (فضل العلم)، کوڕەکەی (هشام) بەهەمان شێوەی باوکی، بوو بە یەکێک لە هەڵگرانی علم، وە یەکێک لە دیارترین پێشەوایانی سەلەف و ئوممەتی ئیسلام ئەویش بەهۆی (فضل العلم).

سەلەف (ڕەحمەتی الله یان لێبێت) دەیانزانی تاکە ڕێگای سەربەرزی و ڕێز و عیزەت تەنها دەستگرتن بوو بە (علم)، بۆیە ئامۆژگاری خۆیان و منداڵەکانیشیان دەکرد تەنها بە دەستگرتن بە (علم)، واتە فێربوونی زانستی شەرعی.

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي ژمارە (٤١٥).

* فەزڵی علم لای هاوەڵان *

أبو هريرة ﷺ :

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**أبو هريرة**) ﷺ دەفەرموێ: گەر بێت تەنها (باب)یێک لە (علم) دەربارەی (ئەمر) و (نەهی کردن) فێربم، لام خۆشترە لەوەی حەفتا غەزوە بکەم لە پێناو الله دا.[1]

علي بن أبي طالب ﷺ :

پێشەوای ئیمانداران (**علي بن أبي طالب**) ﷺ لەبارەی ئایەتی: ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾[2] ، دەڵێ: واتە خۆتان و خێزانەکانتان فێری چاکە بکەن، واتە (علم).[3]

عبدالله بن مسعود ﷺ :

١- پێشەوا (**الأوزاعي**) دەڵێ: پیاوێک هات بۆ لای (ابن مسعود) ﷺ پێی گوت: ئەی باوکی عبدالرحمن، چاکترین کار کامەیە؟ گوتی: (العلم، زانست)

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٠٢) ژمارە (٥٢).
(٢) التحريم (٦).
(٣) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٧٢).

ئەویش پێی گوت: بەڵام من پرسیاری چاکترین کارت لێ دەکەم و تۆش دەڵێیت: علم، پێی گوت: هاوار بۆت، لەگەڵ هەبوونی علمت بە الله ﷻ دا کاری زۆرو کەمیش سوودت پێ دەگەیەنێت، بەڵام جاهل بیت بە الله ﷻ ئەوا سوودت پێ ناگەیەنێت کاری زۆر یان کەم.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە (ضعيف)ـە، چونکە (منقطعة)، ئەویش بەهۆی ئەوەی (الأوزاعي) لە (اتباع التابعين)ـە و لە ساڵی (٨٧ هـ) لەدایک بووە، بەڵام (ابن مسعود) ﷺ لە ساڵی (لەنێوان ٣٠ تا ٣٤ هـ) وەفاتی کردووە بۆیە مقبول نییە.

٢- (**زيد بن أسلم**) دەڵێ: (**عبدالله بن مسعود**) ﷺ دەیگوت: گەر لە مەجلیسێکی فقهدا بۆ یەک سەعات دابنیشم پێم خۆشترە لە ڕۆژووی ڕۆژەکە و شەونوێژەکەی.[2]

٣- (**عبدالله بن مسعود**) ﷺ دەفەرموێ: بەیانی بکەرەوە کەوا زانا بیت یان فێرخواز یان گوێگر، وە مەبن بە چوارەم تیا دەچن.[3]

---

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٤٦٦)، والعلم والحلم لآدم (٣٠٧).

(٢) المدخل إلى سنن الكبرى (٤٦١).

(٣) العلم والحلم لآدم بن ابي اياس (١٣٣)، والعلم لزهير بن حرب (١١٦).

٤- (**عبدالله بن مسعود**) ﷺ دەڵێ: ئەی خەڵکینە، فێربن یان خۆتان فێربکەن، وە ئەوەی فێربوو با کاری پێ بکات.[١]

عبدالله بن عباس ﷺ :

١- (**مطرف**) دەڵێ: گوێم لە (ابن عباس) ﷺ بوو دەیگوت: خوێندنەوەی یەک سەعاتی علم چاکترە لە زیندوو کردنەوەی شەوەکە و شەونوێژ.[٢]

دەڵێم: (ابو بكر البيهقي) دەڵێ: ئەو فەرموودە لە (ابن عباس) ﷺ ڕیوایەت کراوە بە (مرفوع) بەڵام بە سەنەدی لاواز، کە ڕاستی ئەو قەولە دەگەڕێتەوە بۆ (مطرف بن عبد الله بن الشخير).[٣]

٢- (**عنترة**) دەڵێ: گوێم لە (ابن عباس) بوو ﷺ دەیفەرموو: **هیچ پیاوێک** نییە ڕێگایەک بگرێتەبەر بە مەبەستی فێربوونی علم ئیللا الله ﷻ ڕێگای بەهەشتی لەسەر ئاسان دەکات.[٤]

(١) العلم لزهير (٣).
(٢) المدخل الى سنن الكبرى (٤٥٦).
(٣) المدخل الى سنن الكبرى (٤٥٦).
(٤) العلم لزهير بن حرب (١٧).

* فەزڵی علم لای تابعین *

علقمة بن وقاص (رحمه الله) :

(**علقمة**) بە هاوەڵانی دەفەرموو: با بڕۆین تاوەکو ئیمانمان زیاد بکەین، واتە: بە تێگەیشتن لە دین. مەبەستی فێربوونی علمە.(١)

سعيد بن المسيب (رحمه الله):

ئیمامی (**الآجري**) هێناویەتی لە پێشەوا (**سعيد بن المسيب**) دەفەرمووێ: باشترین (چاکترین) عیبادەتی الله بریتییە لە تێگەیشتن لە دین و، هەروەها بیرکردنەوە لە دروستکراوەکانی الله.(٢)

الحسن البصري (رحمه الله):

١- پێشەوا (**الحسن البصري**) دەفەرمووێ: ئەگەر تەنها یەک (باب) لە (علم) فێربم و موسڵمانێکی پێ فێربکەم، زۆر لام خۆشترە لەوەی دونیا هەمووی هی من بێت و لەپێناو الله بیبەخشم.(١)

---

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي (١٤٣).

(٢) فرض طلب العلم للآجري (٤)، وابن سعد له طبقات (١٣٥/٥).

٢- پێشەوا (**الحسن البصري**) دەیگوت: لە خێر و چاکە ئەوەیە کەوا گوێ لە فقهـ ڕابگریت و دواتر باسیکەیتەوە، یان بیڵێیتەوە یان بڵاویکەیتەوە.[٢]

٣- هەروەها لە ڕیوایەتی (**البيهقي**) هاتووە لە خێر و چاکە ئەوەیە فێری علم بیت و خەڵکیش فێربکەیت.[٣]

مطرف بن عبدالله (رحمه الله):

(**مطرف بن عبدالله**) دەڵێ: زانست (علم) باشترە (چاکترە) لە کردەوە (عمل)، ئایا نابینن (راهیب) لە شەودا هەڵدەستێ بۆ عیبادەت تاوەکو بەیانی دێ و (شرک) دەکات.[٤]

زيد بن اسلم (رحمه الله):

(**زيد بن اسلم**) دەربارەی ئایەتی: ﴿وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾[٥] دەڵێ: واتە: بە زانست (علم).[١]

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٠٢) ژمارە (٥٣).
(٢) الفقيه والمتفقه للخطيب (١٤٤).
(٣) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٩٧)، والعلم لزهير بن حرب.
(٤) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١١٠) ژمارە (٦٧).
(٥) الإسراء (٥٥).

يحيى بن أبي كثير (رحمه الله):

(**عبدالله بن يحيى بن أبي كثير**) دەڵێ: گوێم لە باوکم بوو دەیگوت: میراتی زانست (علم) زۆر چاکترە لە زێڕ، وە نەفسی چاکیش باشترە لە لؤلؤ.[٢]

(**يحيى بن أبي كثير**) دەڵێ: فێربوونی فقهـ (نوێژە)، هەروەها دیراسە کردنی قورئانیش (نوێژە).[٣]

الأصمعي (رحمه الله):

(**أبو داود سليمان بن معب**) دەڵێ: گوێم لە (**الأصمعي**) بوو دەیگوت:

هەریەک سەعاتێک بەرگەی (ناڕەحەتی یان زەلیلی) فێربوون نەگرێت، تا مردن لە زەلیلی جەهالەت دەمێنێتەوە.[٤]

موسى بن يسار (رحمه الله):

(**خطيب**) هێناویەتی لە (**محمد بن عمرو بن عطاء**) گووتی: (موسى بن يسار) لەگەڵ ئێمەدا بوو، فەرموودەی باس دەکرد، (ابن عمرو) پێی گووت: ئەگەر تۆ تەواو بوویت، ئەوا سەلام بدەوە چونکە تۆ لە نێو نوێژدای.[١]

---

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٤٤).

(٢) حلية الأولياء (٦٦/٣) والمدخل الى سنن الكبرى (٤٠٠) والفقيه والمتفقه للخطيب (١٠٣/٢).

(٣) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٠٣) ژمارە (٥٧).

(٤) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٤٠٣).

عون بن عبدالله (رحمه الله):

(**عون بن عبدالله**) دەڵێ: بە (عمر بن عبدالعزیز)ـم گوت: دەڵێن: ئەگەر توانیت ببیتە کەسێکی زانا ئەوا ببە زانا، ئەگەریش نەتتوانی ئەوا ببە بە فێرخواز، وە ئەگەر نەتتوانی ببیتە فێرخواز ئەوا ئەوانت خۆشبوێت، ئەگەر خۆشیشت نەویستن ئەوا ڕقت لێیان نەبێت، (عمر) فەرمووی: سبحان الله، الله ﷻ دەرچەیەکی کردۆتەوە.[٢]

قتادة بن دعامة (رحمه الله):

(**قتادة**) دەڵێ: پلەو پایەی زانست (علم) چاکترە لە پلەو پایەی عیبادەت کردن، هەروەها چاکترینی دینەکەتان ترسانە (واتە: ترسی نەفس لە حەڵاڵ و حەڕام لەبەر الله).[٣]

محمد بن شهاب الزهري (رحمه الله):

پێشەوا (**الزهري**) دەڵێ: هیچ عیبادەتێک بۆ الله هاوشێوەی فقهـ نییە (واتە علم).[٤]

---

(١) شرف اصحاب الحديث للخطيب البغدادي (١٦٦).

(٢) العلم لزهير بن حرب (٢).

(٣) المدخل الى سنن الكبرى (٤٥٧).

(٤) المدخل الى سنن الكبرى (٤٥٧).

* فەزڵی علم لای ئەتباعی تابعین *

مالك بن أنس (رحمه الله):

لە ئیمامی (**مالك**)ـەوە دەفەرمووێ: بەهۆی زانستەکەیان پلەیان بەرز دەکاتەوە.[1]

سفيان الثوري (رحمه الله):

(**سفيان الثوري**) دەڵێ: نەمزانیوە لە عیبادەت کردندا شتێک هەبێت چاکتر بێت لەوەی خەڵکی خۆیان فێری زانست بکەن.[2]

(**خطيب**) هێناویەتی لە (**عبدالله بن أحمد بن حنبل**) گوتی: گوێم لە (**علي بن حكيم**) بوو دەیگوت: گوێم لە (**وكيع**) بوو دەیگوت: (**سفيان الثوري**) گوتی: هیچ شتێک نییە ترسم لێی بێت هێندەی فەرموودە، وە هیچ شتێک نییە چاکتر بێت لەو بۆ یەکێک کەوا مەبەستی ڕەزامەندی الله بێت.[3]

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٤٣).
(٢) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٧١).
(٣) شرف اصحاب الحديث للخطيب (١٦٠).

بشر بن الحارث (رحمه الله):

(**خطیب**) هێناویەتی لە (**یعقوب بن بختان القزاز**) گوتی: گوێم لە (**بشر بن الحارث**) بوو دەیگوت: وا نازانم لەسەر ڕووی زەوی کردەوەیەک هەبێ چاکتر بێت لە داواکردنی زانست (طلب العلم)، هەروەها فەرموودە بۆ کەسێک لە الله ترس بێت و نیەتی تێیدا چاک بێت، هەروەها منیش داوای لێخۆشبوون لە الله دەکەم بۆ هەر هەنگاوێک کەوا هەنگاوم بۆی نابێت.[1]

عبدالله بن المبارك (رحمه الله):

(**ابن المبارك**) دەڵێ: نەمزانیوە شتێک هەبێت چاکتر بێت لە هەوڵی فێربوونی (حدیث) بۆ ئەو کەسەی نیەتی الله بێت.[2]

هەروەها گوترا بە (**ابن المبارك**): ئەگەر پێت بڵێن یەک سەعاتت لە ژیاندا ماوە چیت دەکرد؟ فەرمووی خەڵکم فێر دەکرد.[3]

(١) شرف اصحاب الحدیث للخطیب (١٦٣).
(٢) المدخل الی سنن الکبری للبیهقي (٣٧٢).
(٣) المدخل الی سنن الکبری للبیهقي (٣٧٣).

وكيع بن الجراح (رحمه الله):

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**زكريا بن عدي**) گوتی: گوێم لە (**وكيع**) بوو دەیگوت: گەر بێتوو فەرموودە لای من زۆر چاکتر نەبێ لە (تسبیح) ئەوا بۆم باس نەدەکردن.[1]

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**يوسف القطان**) دەیگوت: گوێم لە (**وكيع**) بوو دەیگوت: ئەگەر بزانم نوێژ چاکترە لە فەرموودە ئەوا فەرموودەم بۆ باس نەدەکردن.[2]

دەڵێم: مەبەستی نوێژی سوننەتە.

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**إبراهيم بن سعيد الجوهري**) دەیگوت: گوێم لە (**وكيع بن الجراح**) بوو دەیگوت: (ما عبد الله بشيء افضل من الحديث).[3]

(١) شرف اصحاب الحديث (١٦٤).
(٢) شرف اصحاب الحديث (١٦٧).
(٣) شرف اصحاب الحديث للخطيب البغدادي (١٦٢).

المعافي بن عمران (رحمه الله):

(**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**أبو ثوبان مزداد بن جميل البهراني**) گوتی: (**عمر بن سهيل**) کە یەکێک بوو لە هاوەڵانی فەرموودە پرسیاری لە (**المعافي بن عمران**) کرد، گوتی: ئەی باوکی (عمران) کامیان خۆشەویستترە لای تۆ؟ نوێژ بکەم یان فەرموودە بنووسمەوە؟ گووتی: نووسینەوەی تەنها یەک فەرموودەم لەلا خۆشترە لە نوێژی شەوەکە. (واتە شەونوێژ).[1]

محمد بن ادريس الشافعي (رحمه الله):

پێشەوا (**الشافعي**) دەیگوت: هەوڵدان بۆ فێربوونی زانست باشترە لە نوێژی سوننەت.[2]

هەروەها دەیفەرموو: بەندە دوای جێبەجێ کردنی فەرزەکان لەسەری هیچ شتێک وەک هەوڵی فێربوونی علم لە الله ﷻ نزیکی ناکاتەوە.[3]

(١) شرف اصحاب الحديث للخطيب البغدادي (١٦٩).
(٢) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٧٤).
(٣) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٧٦).

أحمد بن حنبل الشيباني (رحمه الله) قوتابی ئەتباعی تابعین:

(ابراهيم بن هانئ) دەڵێ: بە **(أحمد بن حنبل)**م گوت: کامیان لای تۆ باشترە، شەو بنووسمەوە یان شەونوێژ بکەم؟ فەرمووی: گەر تۆ بخوێنی و بنووسیەوە ئەوا خۆت فێری دینەکەت دەکەی، ئەوەیان لام خۆشەویستترە یان باشترە.[1]

دەڵێم: مەبەستیان لە زانستەکانی دینە بە قورئان و علومەکانی، هەروەها حدیث و علومەکانی، ئەگەر سەیر بکەن بە عیبادەتیان وەسف کردووە، چونکە پێویستی بە جهد و قوربانی و شەونخونی و زۆر شتی ترە، بەڵێ بە دڵنیایی تاکە ڕێگای ڕامالینی جەهل و نەزانی، فێربوونی زانستی شەرعیە، زانست و نەزانی دوو دژ بەیەکن هەردووکیان دژی یەک بەردەوام لە جەنگن.

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي.

* ئەو زانستەی کە فێربوویت لێت دەپرسرێتەوە لەسەری *

(آدم بن ابي اياس العسقلاني) هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز (معاذ بن جبل) ﷺ دەفەرموێ: هیچ بەندەیەک لە قیامەت هەنگاو نانێت تاوەکو پرسیاری چوار شتی لێ دەکرێت، لەوانیش: (عن علمه ما عمل فيه)، واتە: لەو زانستە و شارەزاییەیی لە دین بەدەستی هێناوە کاری پێکردووە؟[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە سەنەدی بێهێزە بەهۆی بوونی (ليث بن ابي سليم)، بەڵام رجالەکانی تری هەمووی (ثقة) متمانەن، هەروەها بە (مرفوع) هاتووە لە ڕێگای تردە لەوانیش: (الدارمي) و (الترمذي) هێناویانە لە (أبي برزة الأسلمي) ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: چوار شت لە قیامەت لە هەموو بەندەیەک دەپرسرێتەوە لەوانیش: ئەو علمەی بەدەستی هێناوە چۆن کاری پێ کردووە.

لە ڕووی سەنەدەوە: ئیمامی (الترمذي) دەڵێ: (هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ).[2]

---

(١) العلم والحلم لآدم (١٤٦)، وذم من لا يعمل بعلمه لابن عساكر (٢).

(٢) الدارمي (٥٥٤)، والترمذي (٢٤١٧)، واخلاق العلماء للآجري لاپەڕە (٧٧)، والبيهقي له المدخل الى سنن الكبرى لاپەڕە (٤٩٤)، واقتضاء العلم العمل للخطيب البغدادي (٢).

هەروەها لە رێگای ترەوە هاتووە کە ئیمامی (الترمذي) لە هاوەڵی بەڕێز (ابن مسعود) ﷺ لە (سنن) هێناویەتی بە ژمارە (٢٤١٦) بەڵام سەنەدی لاوازە و ئیمامی (الترمذي) خۆی دەڵێ: (**غريب**). بۆیە هاوەڵان زۆر لەوبارەوە ترساون، جا لەوبارەوە کۆمەڵێک ئەثەر لێیانەوە هاتوون بەو شێوە:

(**آدم بن اياس**) هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز (**أبو هريرة**) ﷺ کە دەفەرمووێ: یەکەم شت کەوا لە ڕۆژی دوایی من لێی بترسم پرسیارم دەربارەی لێ بکرێت ئەوەیە بڵێن: فێری علم بوویت، چ کارێکت بەو علمە کرد کە فێری بوویت؟[1]

هەروەها هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز (**أبو الدرداء**) ﷺ کە دەفەرمووێ: ئەوەی لێی بترسم لە الله ﷻ ئەوەیە لە ڕۆژی قیامەت لە سەرووی هەموو بوونەوەر پێم بڵێ: ئەی عویمر منیش دەڵێم: لبیک یا رب، پێم بفەرمووێ: چ کارێکت کرد لەو زانستەی کە فێری بوویت؟[2]

دەڵێم: دوای زانین و بینینی دەیان حدیث و ئەثەر لەسەر گەورەیی و گرنگی و واجبێتی فێربوونی زانستی شەرعی، پێویستە خوێنەر ئەوەش

(١) العلم والحلم لآدم (١٤٧).

(٢) العلم والحلم لآدم (١٤٨)، والشعب الامان للبيهقي (٢٩٩/٢).

بزانێت و تێبگات کەوا هەر وشەیەک کە اللە ﷻ فێری دەکات لە علم لێی دەپرسرێتەوە و لەسەری حسابە لە ڕۆژی قیامەت، واتە دوای فێربوون پێویستە لە سەرەتا خۆی کاری پێ بکات و جێبەجێی بکات، و دواتر بڵاوی بکاتەوەو خەڵکی فێربکات، چونکە ئەو زانستە دەبێتە بەڵگە لەسەرت، هەروەها تۆش پێی دەبیتە بەڵگە لەسەر خەڵک چونکە هیچ پێغەمبەرێک نییە نێردرابێت ئیللا دوای فێربوونی فەرمانی بانگەوازی پێکراوە.

* یەك كەس هیدایەت وەرگرێ لەسەر دەستت *

عَنْ سَهْلِ بن سعدٍ، أنَّ النَّبيَّ ﷺ قَالَ لِعَليٍّ: فو اللَّهِ لأنْ يهْدِيَ اللّه بِكَ رجُلًا واحِدًا خَيْرٌ لكَ من حُمْرِ النَّعم.(١)

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: سوێند بە اللە ئەگەر تەنها یەک کەس هیدایەت وەرگرێ لەسەر دەستت، ئەوا لە باشترین ماڵی عەرەب بۆت چاکترە.

(حمر النعم) دەڵێن: بە نرختربن ماڵی عەرەبە.

دەڵێم: ئەو فەرموودە بە ڕیوایەتی تر هاتووە لە کتێبەکان لە کاتی جەنگی خەیبەردا، کاتێک پێغەمبەر ﷺ ئاڵاکە دەدات بە ئیمامی (علي) بۆ ئەوەی فەتحی خەیبەر بکات، ئەویش دەفەرموێ: چی بکەم؟، پێی دەفەرموێ: لە سەرەتا بانگەوازیان بکە بۆ ئیسلام (الخ)، ئینجا دەڵێ واللە ئەگەر تەنها یەک کەس لەسەر دەستت هیدایەت بدرێ بۆت بەنرختر لە باشترین ماڵی دونیا. واتە: بەهۆی بانگەوازەکەت کە بناغەی بانگەواز بریتییە لە علم، واتە: هیچ کەسێک بە جەهل بانگ ناکرێت ئیللا دوای علم نەبێ، وەک

(١) متفق علیه.

پێغەمبەران هەموویان لە سەرەتادا الله ﷻ زانست و دانایی فێر کردوون ئینجا فەرمانی بانگەوازی پێ کردوون، هیدایەتیش لە دەست الله ﷻ ـە، بەڵام تۆ دەبیتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو کەسە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە، ئەوەشیان یەکێکی ترە لە پێگەو گەورەیی (علم). ئەوەی بینیتان و خوێندتانەوە لە تەفسیر و لە فەرموودە و ئەقوالی پێشەوایانی سەلەف بەشێکی زۆر کەم بوو بگرە پوختەیەکی کورت بوو لەسەر (علم) و پێگەو گرنگی و گەورەیی زانستی شەرعی، جا تێگەیشتین کەوا فێربوونی زانستی شەرعی لە تەوحید و حەڵاڵ و حەڕام فەڕزی عەینە لەسەر هەموو موسڵمانێک تاک بە تاک، هەروەها تێگەیشتن سەلەف چۆن و بە چ شێوەیەک پێداگر و هاندەر بوون بۆ زانستی شەرعی، هەر ئەو هۆکارانەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژیاننامەی پێشەوایانی سەلەف و گەورە زانایانی ئوممەت دەبینین زۆرینەیان هەموو تەمەنیان لەپێناو علم و فێربوونی زانستی شەرعی تەرخان کردووە و داناوە، لە حەوت ساڵی بە منداڵی چوونەتە نێوی لەدوای حەفتا ساڵی هەندێکیان دوای بیرچوونەوە و تێکەڵ بوون ئینجا لێی دەرهاتوون، جا فەرموو تۆی خوێنەر گەر لە هەر پلەو پێگەو تەمەنێکی درەنگ نییەو نەبووە بۆ ئەوەی لە ئێستاوە خۆت فێربکەی و بە ڕووناکی علم دڵت ڕووناک بکەیت.

" بەشی دووەم "

* پێگەی زانایان لە قورئان و فەرمووودە *

دوای باسکردن و دیراسەی بابی (زانست، العلم) لە بەرامبەریدا بابێکی تر دێتە پێش کەوا گرێدراون بەیەک ئەویش زاناکان (العلماء)، کە پاڵپشت بە فەرمووودەی صحیح باسی دەکەین کەوا (زانست = بە زانا)، جا بە یارمەتی الله ﷻ هەوڵ دەدەم باسی پێگەو گەورەیی زاناکان بکەم لە قورئان و سوننەت و ئەثەری واردی سەلەفدا، دواتر جگە لە پێگەیان باس لە مەترسی کارنەکردنی زاناکان بە زانستەکەیان دەکەین بۆ ئەوەی خوێنەر دووبارە لەوە بگاتەوە ئەو دینەی لە ژێر دەستیەتی یاخوود لەسەریەتی تاکە رێگای مانەوەی بۆمان زاناکان بوون و ئەوان الله کردوونی بە قەڵا بۆ پاراستنی دین و گەیاندن و مانەوەی وەک خۆی، گەر زاناکان نەبن کێ دەیزانی کام فەرمووده لاوازە و کامیان موضوعة و کامیان صحیحة، ئەگەر ئەوان قسەیان لەسەر رجالی سەنەد نەکردایە، تۆی نەزان و بێ ئاگا چۆن و بە چ شێوەیەک دەتزانی فلان ڕاوی (متروک)ـە یان (متهم)ـە یان (ثقة)یە! کەواتە ئامانجی ئێمە بۆ گەڕانەوەی شکۆیە بۆ ئەوانەی خاوەن شکۆ بوون، ڕێزگرتنەوەی ئەوانەی کەوا ڕێزدار بوون، وە دووبارە دروستکردنەوەی متمانەی خوێنەر بە پێشەوایان بەوەی تێبگات و بزانێت ئەوان هیچ شتێکیان لە دین دانەهێناوە یان کەم کردبێ، بەڵکو هاتوون بە بەڵگەی وارد دەقەکانیان

ڕوونکردۆتەوە بۆ من و تۆ، بۆیە ناکرێ و نابێت بە بیانووی ئەوەی تەنیا قورئان و سوننەت ڕەفزی تەواوی هەرچی پێشەوایە بکرێ، چونکە دەیسەلمێنین ئەوان واتە علم و علمیش واتە دین.

لە بەرامبەر هەموو ئەوانەش پێویستە وریای ئەو خاڵە بن: ئێمە هەرگیز معصومیەت بە هیچ پێشەوایەک نادەین و بڵێین ئەوەی گوتوویەتی تەواوە و پێکاویەتی، لەگەڵین لەو شوێنەی لەگەڵ سوننەتە. وە مەبەستی ئێمە پێشەوایانی خیر القرون و سەلەفە ئەوانەی کەوا هەڵگری حەقیقی زانستەکەیان بوون.

* پلەو پایەیی زانا لە قورئاندا *

لێرەدا بە پوختی باس لەو فەزڵ و پلەیە دەکەم کە اللە ﷻ لە قورئاندا بە کەسانی شارەزا بە ئموری دین واتە (عالم) بەخشیوە، بۆ ئەوەش دەگەڕێمەوە بۆ تەفسیری زانایان.

ئایەتی یەکەم: اللە ﷻ دەفەرموێ: ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾﴾[1]

لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا (**البغوي**) دەڵێ: قوله تعالى ﴿وَأُوْلُوا۟ ٱلْعِلْمِ﴾ (**يعني الأنبياء عليهم السلام**)، واتە: گشت پێغەمبەران.

هەروەها (**ابن كيسان**) مەبەستی ئیمامی (**طاووس**)ـە دەڵێ: (**يعني المهاجرين والأنصار**)، واتە: هاوەڵانی کۆچەران و پشتیوانان دەگرێتەوە.

هەروەها (**مقاتل**) دەڵێ: (**علماء مؤمنين أهل الكتاب عبدالله بن سلام**)، مەبەستی زانایانی ئیمانداری ئەهلی کیتابە. لەوانیش (عبدالله بن سلام) و هاوەڵانیەتی.

---

(١) آل عمران (١٨).

هەروەها هەریەک لە (**السدي**) و (**الكلبي**) دەڵێن: (**يعني جميع علماء المؤمنين**) واتای هەموو زانا ئیماندارەکان دەگرێتەوە.[١]

دەڵێم: لە تێکڕای بۆچوونەکان دەرکەوت مەبەست پێی کەسانی زانایە ئینجا لە هەموو سەدە و سەردەم و چینەکان دا، والله اعلم.

هەروەها (**ابن كثير**) لە تەفسیری ئەو ئایەتە دەڵێ: ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ﴾، (**وهذه خصوصية عظيمة للعلماء في هذا المقام**)، واتە: ئەوە تایبەتمەندیەکی گەورەیە بۆ زانایان لەو پێگەیەدا.[٢]

ئایەتی دووەم: ﴿يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾﴾[٣]

(١) تفسير البغوي.
(٢) تفسير ابن كثير.
(٣) البقرة (٢٦٩).

لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا ئیمامی (**ابن جرير**) دەڵێ: قولە: ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾، واتە: شارەزایی لە قورئاندا بە ناسخ و منسوخەوە، وە بە محکم و متشابهەوە، وە بە پێشین و پاشین، هەروەها بە حەڕام و حەڵاڵیەوە، هاوشێوەی ئەوان.

دەڵێم: جگە لە زانا کێی تر ئەو شتانە شارەزایە.

هەروەها هێناویەتی بە سەنەد لە:

١- (**قتادة**) في قوله: ﴿يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ﴾، (**قال: الحكمة: القرآن، والفقه في القرآن**)، واتە: (الحكمة) مانای قورئانە، وە تێگەیشتن لە قورئان.

٢- لە (**أبي العالية**)ـوە: ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾، واتە: قورئان و تێگەیشتنیەتی.

٣- عن (**مجاهد**) قوله: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ﴾، ئیمامی (**مجاهد**) دەڵێ: مەبەست پێی پێغەمبەرایەتی نییە بەڵکو قورئان و زانست پێی، وە تێگەیشتنیەتی.[١]

دەڵێم: بە تێکڕای بۆچوونی گەورە پێشەوایانی سەلەف لە تەفسیردا واتا (زانا) چونکە تەنها عالم ئەو تایبەتمەندیەیی هەیە، خۆ ناکرێ بڵێین کەسێکی عەوام یان جاهل شارەزایە بە قورئان! ئەمەش تایبەتمەندی و پلەیەکی گەورەیە لەلایەن الله ﷻ بۆ کەسی (عالم).

ئایەتی سێیەم: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾[٢]

لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا هاوەڵی بەڕێز حبر البحر (**عبدالله بن عباس**) ﷺ دەفەرموێ: قال الدارمي أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَزِيدَ، حَدَّثَنَا حَيْوَةُ، قَالَ: أَخْبَرَنِي السَّكَنُ بْنُ أَبِي كَرِيمَةَ، عَنْ عِكْرِمَةَ مَوْلَى ابْنِ عَبَّاسٍ، عَنِ **ابْنِ عَبَّاسٍ** : ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾. قَالَ: (**يَرْفَعُ اللَّهُ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا بِدَرَجَاتٍ**)، واتە الله ﷻ پلەی ئەوانەی خاوەن علم و شارەزان بە دین لەسەر ئیمانداران بەرزتر دەکاتەوە (بە چەندان پلە).[٣]

---

(١) تفسير الطبري وفرض طلب العلم للآجري لاپەرە (١٩).

(٢) المجادلة (١١).

(٣) مقدمة سنن الدارمي (٣٦٥).

دەڵێم: واتە (عالم) چونکە تەنها کەسی زانا، اللە ﷻ فەزڵی پێداوە لە زانست و زانیاریدا.

ئایەتی چوارەم: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾[1]

ئیمامی (**ابن ابي حاتم**) لە تەفسیر هێناویەتی: لە (**عمرو بن مرة**) دەفەرمووێ: بەلای هەر ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزدا تێپەر بووبم و لێی تێنەگەیشتبم یان نەمزانیبێت ئیللا دڵتەنگی و خەم دایگرتووم، چونکە اللە ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾

هەروەها ئایەتی: ﴿وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾[2]

لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا پێشەوایانی تەفسیر دەڵێن: واتای ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾ واتە: (**فقهاء**) یان (**علماء**)، بەم شێوەیە: هەریەک لە (ابن

(١) العنكبوت (٤٣).

(٢) آل عمران (٧٩).

جرير) و (ابن ابي حاتم) هێناویانه له (الضحاک) له (ابن عباس) ﷺ دەفەرموێ: ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾: علماء، فقهاء.[1]

هەروەها بەهەمان شێوە (ابن أبي حاتم) هێناویەتی له (سعيد بن جبير) له هاوەڵی بەڕێز (ابن عباس) ﷺ لەبارەی ئەم ئایەتەدا: ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾ دەڵێ: واتە: (**فقهاء معلمين**).

هەروەها هەریەک له (ابن جرير) و (ابن المنذر) و (ابن ابي حاتم) هێناویانه له ڕێگای (عكرمة) له (ابن عباس) ﷺ لەبارەیی ئەو ئایەتەدا ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾ دەفەرموێ: واتایی: (**حلماء، علماء، حكماء**). (لێرەدا ماناکەی فراونتر بوو)، هەروەها (ابن المنذر) هێناویەتی له هاوەڵی بەڕێز (ابن مسعود) ﷺ لەبارەیی ئەو ئایەتە ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾ دەفەرموێ: (**حكماء، علماء**).[2]

ئەوە تخریجی تەفسیری ئەو وشە لەو ئایەتە بوو لە سورەتی (آل عمران: ٧٩) له (الدرر المنثور للسيوطي).

بەهەمان شێوە ئیمامی (ابن جرير) له تەفسیر لەبارەی ئەم ئایەتە هێناویەتی له هەریەک له: (أبي رزين، الحسن البصري، مجاهد بن جبر، قتادة بن دعامة، السدي، الضحاک، يحيى بن عقيل) دەڵێن: واتایی (**فقهاء،**

(١) الدرر المنثور.

(٢) الدرر المنثور.

وعلماء، وحكماء) لە هەموو حاڵەکاندا، وەک (ابن جرير)یش هەڵیبژاردووە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا ئیصلاحی خەڵک دەکەن لە (ولاة الأمور) و (فقهاء) و (علماء). جا وەک معلومە زانایان ئەو چینەن کەوا بەهۆی زانستەکەیان خەڵکی جاهل لە تاریکی جەهل ڕزگار دەکەن، وە فقهاء یش بەهەمان شێوە.

ئایەتی پێنجەم: ﴿كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾[1]

دەڵێم: لە تێکڕایی ئەو ئایەتانەی باسمان کرد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی کەسی (عالم) دەکات و پێشەوایانی تەفسیریش بەو شێوەیان لێکداوەتەوە، جگە لەو ئایەتانە چەندان ئایەتی ترمان هەیە بە ناڕاستەوخۆ باسی دەکات، بەڵام بۆ خوێنەری موسڵمان ئەوە کافیە تاوەکو تێبگات زانای موسڵمانی مولتەزمی موتتەقی لە قورئاندا چۆن وەسف کراوە و چۆنیش پلەیان پێدراوە.

هاوکات خاڵێکی گرنگ: وەک لە پێشەوە باسمان کرد ئەو ئیمامانەی هەڵگری علمەکەیان بوون و کاریان پێ کرد نەک زانایەک کاری پێ نەکردبێت.

---

(١) فاطر (٢٨).

* پلە و پایەیی زانایان لە حدیث دا *

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەوەی کەوا (زانا) چ ڕێز و پلەیەکی هەیە لە دینی ئیسلامدا، دوای قورئان دەگەڕێینەوە بۆ سوننەتی سەروەر ﷺ کە لە چەندان فەرموودە بە شێوەی ڕاستەوخۆ رسول الله ﷺ باسی گەورەیی و پلەی (زانا)ی کردووە بەم شێوەی خوارەوە:

زاناکان: واتە: زانست (علم)، هەروەها علمیش واتە دین:

عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يَتْرُكْ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا).

واتە: (**عبدالله بن عمرو بن عاص**) ﷺ دەڵێ: بیستوومە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیفەرموو: بەڕاستی الله ﷻ علم و زانیاری لە خەڵکی وەرناگرێتەوە بە وەرگرتنەوە، بەڵکو علم و زانیاری وەردەگرێتەوە بە وەرگرتنی زانایان، واتە: بە مراندنیان، ئەگەر زانا نەما ئەوا خەڵکی چەند سەرۆکێکی نەزان

هەڵدەبژێرن بۆ خۆیان، پرسیاریان لێدەکەن ئەوانیش فتوا دەدەن بەبێ عیلم و زانیاری، خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن).[1]

هەروەها لە ڕیوایەتێک دەڵێ: تاوەکو هیچ زانایەک نامێنێت، ئینجا خەڵکی کەسانی جاهل دەکەن بە ڕێنیشاندەر و پێشەوای خۆیان، خۆیان گومڕان خەڵکیش گومڕا دەکەن. بۆیە هاوەڵی بەڕێز عبدالله ی کوڕی مسعود ﷺ دەفەرمووێ: وای لێدێ لە قەومێک یان عەشیرەتێک تەنها دوو زانا دەبێت، یەکێکیان دەمرێ، نیوەی زانستەکەی لەگەڵ خۆی دەبات، ئەویتریان دەمرێت و زانستەکەی هەمووی لەگەڵ خۆی دەبات.[2]

دەڵێم: ئەو فەرموودە مشهورە صحیحە، یەکێکە لە گرنگترین ئەو فەرموودانەی کەوا پلەیەکی تایبەت و گەورە دەبەخشێت بە (عالم)، واتە: هەڵگرانی، لەو فەرموودەیە بۆمان دەردەکەوێ کە (العلم) واتە (العلماء)، هەر کاتێک زاناکان نەمان ئەوا علم نامێنێت چونکە بە نەمانی کەسانی زانا و شارەزا بە ئموری دین ڕێگا بۆ کەسانی جاهل و نەزان دەڕەخسێت تاوەکو بێنە مەیدان، وەک رسول الله ﷺ دەفەرمووێ: دوای نەمانی زاناکان ئەو کات خەڵک چی دەکات (**اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا**)، واتە کەسانێکی جاهل و نەزان بە دین و ئموردی دین هەڵدەبژێرن و

(١) البخاري (١٠٠)، ومسلم (٢٦٧٣)، والترمذي (٢٦٥٢)، وابن ماجه (٥٢)، والدارمي (٢٤٥)، واحمد (٦٥١١) واخلاق العلماء للآجري لاپەڕە (٣٣)، وفرض طلب العلم للآجري (٥٦ - ٥٧ - ٥٨).

(٢) فرض طلب العلم للآجري (٥٩)، والطبراني في الكبير (٩/ ٨٩٩١)، والخطيب في الفقيه والمتفقه (١٤٧)، واخلاق العلماء للآجري (٢٣)، والعلم والحلم لآدم (١١٠).

دەیکەنە قدوەی خۆیان و دەچن پرسیاریان لێ دەکەن ئەوانیش جاهل و نەزانن. هەروەها چۆن خۆیان گومڕابوون خەڵکیش بەرەو گومڕایی پەلکێش دەکەن، کەواتە: لێدان لە زاناکان لێدانە لە دین و علم، وە لێدانە لە تێکڕایی علومەکانی دین، هەرکاتێکیش زاناکان نەمان ئەو کات نەزان چاوی خەڵک کوێر دەکەن.

(**محمد بن الحسين الآجري**) دەفەرموێ: ئەگەر گوترا مەبەست چییە لەو فەرموودەیە؟ ئەوا پێیان دەڵێین والله اعلم.

هەر کات سەردەمەکەی خراپ بوو، وە خراپ بوونەکەشی مانای خراپ بوونی خەڵکەکەیەتی، بەمەش خەڵکەکەی پشت لە فێربوونی علم دەکەن، وە زانست لە نێویاندا کەم دەبێتەوە، بەمەش (زاناکانیان لەنێودا ناهێڵێت) ئەو زانایانەی کەوا الله تعالى سوودی پێگەیاندوون بە زانستیان، وە حەقی خۆشیان پێداوە و بەو هۆیەوە الله ﷻ کردوونی بە هۆی سوود گەیاندن بە خەڵکانێکی زۆر، وە کاتێک ئەو زانایانە نەمێنن ... کۆمەڵانێک کە لە زانست نازانن، وە نەشیان پاراستووە و هیچ شتێک لە ئەحکام نازانن، بە ڕووکەش خۆیان بە ئەهلی علم دادەنێن کە لە ڕاستیدا لە جەهل و نەزانی نزیکترن، کاتێک یەکێکیان پرسیاری شتێکی لێ دەکرێت ئەویش نایزانێت، بەڵام پێی شەرمە یان پێی ناخۆشە بڵێ (نازانم) چونکە پلەی لەلای خەڵکیدا کەم دەبێتەوە، بۆیە بەبێ علم فتوا دەدات، بەمەش حەڕامی

اللە حەڵاڵ دەکات و بەپێچەوانەوە، بەمەش لە ڕێگای ڕاست گومڕایان دەکات، وە ئەوەی شوێنی بکەوێت لەو شتەدا تێدەچێ ...[1]

دەڵێم: سبحان اللە ئەو زانا بەڕێزە نزیکی سەردەمی سەلەف بووە و لەوان ئەژمار دەکرێت، ئەو دەڵێ ئێستا ئەو شتە لەو سەردەمە زۆرە، (فکیف بۆ ١١٠٠ ساڵ دواتر کە ئێستایە)، بەڵێ ئێستا دەبینین زانای سەر ڕاست و هەڵگری حەقیقی زانستەکەی نەماون و کەم بوون، بەهەمان شێوە خەڵکەی بە هەموو شێوەیەک پشتیان لە فێربوونی علم کردووە و نایانەوێت فێربن بۆیە تەنانەت ڕقیان لە ئەهلی علمە ئەگەر بێت و هەبێت، هەروەها کۆمەڵانێکی جاهل هەن کەوا دوورن لە علم و ئموری دین بەڵام بە ڕووکەش خۆیان داوەتە پاڵ علم خەڵکیش بە هۆی جەهلی خۆیان و بێ ئاگاییان لە زانستەکانی دین بە قدوەی داناون، ڕێک ئەوەیە ئەو پێشەوایە باسی دەکات، چەند زۆرن ئەو جاهلانەی کەوا وەڵامی هەموو پرسیار و باسێک دەدەنەوە چونکە پێیان ناخۆشە بە خەڵکی بڵێن: (نازانین)، چونکە خەڵکەکەش پێیان سەیر دەبێت پرسیار لە کەسێک بکرێت و بڵێت نازانم! ئەوە نابێت. بۆیە وەک لە فەرموودەکان هاتوون بە هۆی بێ علمی خۆیان، خۆیان و خەڵکیش بەرەو گومڕایی دەبەن. جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی خیر القرون دەبینین ڕێک پێچەوانەیە ئەوان دەیانگوت (**لا ادري نصف العلم**) نازانم نیوەی زانستە.

---

(١) فرض طلب العلم للآجري.

هەروەها (**قتادة**) دەیگوت: سی ساڵە فتوام بێ علم نەداوە.

ئیمامی (**مالك**) لە نزیکەی چل پرسیار وەڵامی چواری داوەو ئەوانی تر گووتی: نایزانم.

* طائفة المنصورة، ئەهلی علم و حدیثن *

رسول الله ﷺ دەفەرموویێ: بەردەوام کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەم لەسەر حەقن یان دەمێنن لەسەر حەق یان دەجەنگن لەپێناو حەق، وە ئەوانەی دژایەتیان دەکەن هیچ زیانێکیان پێناگەیەنن تا هەڵسانی قیامەت بەردەوامن.(١)

ئەم فەرموودەیە کۆمەڵێک هاوەڵ ڕیوایەتیان کردووە ئەوانیش: (المغيرة بن شعبة، جابر بن سمرة، عقبة بن عامر، عمران بن حصين، عمر بن الخطاب) ﷺ ، کە بە چەند لفظ یێکی جیاواز هاتووە. (مەبەست لەوەیە گەرچی دژایەتیەکی زۆر بکرێن بەڵام ئەوان هەر کۆڵنادەن و بەردەوام دەبن).

دەڵێم: مەبەست لەو کۆمەڵە کێن و کێ دەچێتە چوارچێوەی:

(١) البخاري (٣١١٦)، ومسلم (١٠٣٧)، وابن ماجه (٢٢١) والموطأ (٢٦٢٧)، وابن حبان في كتاب العلم (٦٩)، والخطيب في شرف أصحاب الحديث، والطبراني (٩٥٩/٢٠ - ٩٦٠)، والفقيه والمتفقه للخطيب (١١٥).

١- قَالَ الترمذي: قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ: قَالَ عَلِيُّ بْنُ الْمَدِينِيِّ: **(هُمْ أَصْحَابُ الْحَدِيثِ)**.[١] واتە: ئیمامی (الترمذي) دەڵێ: ئیمامی (البخاري) ئەویش لە **(علي ابن المديني)**یەوە گوتوویەتی: مەبەست بەو فەرموودەیە (هاوەڵانی فەرموودەن)، واتە: زاناکانی حدیث.

٢- **(يزيد بن هارون)** دەڵێ: ئەگەر هاوەڵانیش فەرموودە نەبن نازانم کێن، واتە زاناکانی حدیث.[٢]

٣- **(عبدالله بن المبارك)** دەڵێ: ئەوان لای من هاوەڵانی فەرموودەن، واتە زانایانی فەرموودە.[٣]

٤- **(خطيب)** هێناویەتی لە **(الفضل بن زياد)**: سمعت **(أحمد بن حنبل)**، وذكر حديث: **«لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق»** ، فقال: **(ان لم يكونوا أصحاب الحديث فلا أدري من هم؟)**.

واتە: ئیمامی **(أحمد)** لەبارەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: ئەگەر هاوەڵانی فەرموودە نەبن ئیدی نازانم کێن؟[١]

---

(١) سنن الترمذي (٢١٩٢).

(٢) شرف أصحاب الحديث للخطيب، باب قوله ﷺ : «لا تزال طائفة من أمتي على الحق، لا يضرهم من خذلهم».

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥- (**أحمد بن سنان**) دەڵێ: ئەوان لای من ئەهلی علم و ئەثەرن، واتە: زاناکانن.[٢]

٦- (**محمد بن اسماعيل البخاري**) دەڵێ: ئەوان ئەهلی فەرموودەن، واتە: زانایان.[٣]

کەواتە: بە گەڕانەوەمان بۆ تەفسیر و لێکدانەوەی گەورە پێشەوایانی سەلەف ئەوەمان بۆ ڕوون بووبەوە زاناکان و هەڵگرانی علم ن، ئەوەشیان یەکێکە لەو پلەو تایبەتمەندیانەی کەوا بە فەرموودەی ڕاستەوخۆ دراوە بە هەڵگرانی علم و حدیث و پێشەوایانی ئوممەت لە سەلەف تاوەکو پێش قیامەت.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

* فەزڵی زانا بەسەر عابد *

دیراسەی فەرموودەکان کە لەسەری هاتوون ئەوانیش:

١- ئیمامی (**الترمذي**) بۆی باس کردین (**مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْأَعْلَى الصَّنْعَانِيُّ**)، گووتی: بۆی باس کردین (**سَلَمَةُ بْنُ رَجَاءٍ**)، گووتی: بۆی باس کردین (**الْوَلِيدُ بْنُ جَمِيلٍ**)، گووتی: بۆی باس کردین (**الْقَاسِمُ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ**)، لە (**أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ**) دەڵێ: لای رسول الله ﷺ باسی دوو پیاو کرا یەکێکیان [عابد] ئەویتریان [عالم]، رسول الله ﷺ فەرمووی: پلەو پایەی زانا بەسەر عابد وەکو پلەو پایەی منە بەسەر نزمترینتان، ئینجا فەرمووی: الله تعالى و مەلائیکە و ئەهلی ئاسمانەکان و زەویەکەکان، تەنانەت مێروولە لە کوونەکەی خۆیدا و نەهەنگیش سەڵاواتی خێر بۆ زانا یان فێرکەری خەڵک دەنێرن.[١]

(**خطيب البغدادي**) لە ژێر ئەم ریوایەتە دەڵێ: گووتم عیبادەت دروست و تەواو نابێت ئیللا دوای تێگەیشتن لە دین نەبێت.

(١) سنن الترمذي (٢٦٨٥)، والخطيب في الفقيه والمتفقه لاپەرە (١٠٧) حديث (٦٢).

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ئیمامی (**أبو عيسى الترمذي**) دەڵێ: (**هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ غَرِيبٌ**)، واتە: تصحيحي كردووە، هەروەها لە معاصرين (محمد بن صبحي) و (ئەلباني)، بەڵام (الْوَلِيدُ بْنُ جَمِيل) (**فيه مقال**) قسەی لەسەرە، هەریەک لە (علي ابن المديني) و (ابو داود السجستاني) و (ابن حبان)، دەڵێن: (**ليس به بأس**). هەروەها (ابو حاتم الرازي) و (ابو زرعة الرازي) دەڵێن: (**شيخ**). وە (سَلَمَةُ بْنُ رَجَاءٍ) (**فيه مقال**)، (ابو حاتم الرازي) دەڵێ: (**ما بحديثه بأس**). (ابو زرعة الرازي) دەڵێ: (**صدوق**). (ابن حبان): (**ذكره في الثقات**). هەروەها (النسائي) لە (الضعفاء) دەڵێ: (**ضعيف**). (ابن معين) دەڵێ: (**ليس بشيء**). هەروەها (ابن عدي) دەڵێ: (**احاديثه افراد وغرائب**).

هەروەها ئیمامی (**الترمذي**) دەڵێ: گوێم لە (**أَبَا عَمَّارٍ الْحُسَيْنَ بْنَ حُرَيْثٍ الْخُزَاعِيِ**) بوو دەیگووت : گوێم لە (**الْفُضَيْلَ بْنَ عِيَاضٍ**) بوو دەیگووت: زانا و هەڵگر و فێرکەر، زۆرێک دوعای بۆ دەکەن لە (مَلَكُوتِ السَّمَاوَات).

دەڵێم: ئەو فەرموودە بە ریوایەتی تر هاتووە بەو شێوەیە:

٢- (**آدم بن أبي إياس**) هێناویەتی لە (**أبي سعيد الدري**) دەڵێ: رسول الله ﷺ گووتی: «پلەو پایەیی زانا بەرامبەر بە عابد وەکو فەزڵی من وایە بەسەر ئوممەتەکەم.[١]

قال الكردي: لە ڕووی سەنەدەوە رجالەکانی (محمد بن الفضل) (**كذاب**). هەروەها (زيد العمى) (**فيه مقال وضعفه بعض**)، ئیمامی (أحمد) دەڵێ: (**صالح**). (أبو بكر البزار) دەڵێ: (**صالح**). (الدارقطني) دەڵێ: (**صالح**). (يحيى بن معين) جارێک دەڵێ: (**لا شيء**)، وە جارێکیش دەڵێ: (**صالح**)، وە جارێکیش دەڵێ: (**يكتب حديثه وهو ضعيف**)، هەروەها (**علي ابن المديني**) و (ابو حاتم الرازي) و (ابو زرعة الرازي) دەڵێن: (**ضعيف**)، **بەهەمان** شێوە (ابو داود) و (النسائي). (ابن الجوزي) دەڵێ: (**هذا حديث لا يصح وسلام الطويل مجمع على تضعيفه**)، هەروەها (النسائي) و (**الدارقطني**) دەڵێن: (**هو مكذوب**). واتە ئەو فەرموودە صحیح نییە، وە (سلام الطويل)

(١) العلم والحلم لآدم (١١٢)، ومسند الحارث، كتاب العلم، باب فضل العلماء (٣٩)، وابن عبدالبر في الجامع بيان اخذ العلم وفصله، باب تفضيل العلم على العبادة (٩٢)، والمجروحين (٣٤٠/١)، والعلل المتناهية لابن الجوزي ج (١) ص (٦٩) حديث (٧٩).

ئیجماع هەیە لەسەر بە لاواز دانانی هەریەک لە (النسائي) و (الدارقطني) کە دەڵێن: درۆزنە.[1]

٣- هەروەها بە ڕێگای تر هاتووە لە (**أنس بن مالك**) ﷺ دەفەرموێ: پلەو پایەیی کەسی زانا بەرامبەر عابد وەک پلەو پایەیی پێغەمبەرە ﷺ بەسەر ئوممەتەکەیەوە.[2]

ابن الجوزي دەڵێ: (**هذا حديث لا يصح**)، (يحيى بن معين سليمان بن ابي سلمة) دەڵێ: (**ليس بشيء**)، (النسائي) دەڵێ: (متروک **الحديث**)، وأما البزري فكذاب. واتە: ئەو فەرموودەیە صحیح نییە و ثابت نەبووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەو ڕیوایەتە، بەهۆی (سليمان بن أبي سلمة) کەوا (يحيى بن معين) دەڵێ: (**ليس بشيء**)، کە تووندترین جرحە لای ئەو. وە (النسائي) دەڵێ: (**متروک**). وە البزري: كذاب قاله ابن الجوزي.[3]

(ابن عبدالبر) لە ژێر ئەو ڕیوایەتە دەڵێ: ئەهلی علم بە گشتی لە فضائل دا متساهلتر بوون، وە ڕیوایەتیان لە هەموو کەسێک کردووە، وە تووندی ئەوان لە فەرموودەکانی ئەحکام بووە.

(١) العلل المتناهية لابن الجوزي جـ (١) ص (٦٩) حديث (٧٩).
(٢) العلل المتناهية لابن الجوزي جـ (١) ص (٦٩) حديث (٨٠).
(٣) العلل المتناهية لابن الجوزي جـ (١) ص (٦٩) حديث (٨٠).

دەڵێم: قسەکەی ڕاستە، بەڵام واتای ئەوە ناگەیەنێت فەرموودەی هەموو ڕاویەک مقبول بێت، چونکە پێشەوایان هەندێک جار تەنها وەک اعتبار و بۆ زانین ڕیوایەتیان کردووە چونکە لەو بابەی ئەوان دایانناوە جگە لەو ڕیوایەتە ڕیوایەتی تری صحیح نەبووە. هەروەها دەبینین زانایان ئەو فەرموودەیان لە ژێر چ بابێکدا هێناوە (باب فضل العلماء) واتە: پلەو پایەیی زاناکان یان (باب تفضیل العلم علی العبادة)، بۆیە ئەگەر لە ڕووی سەنەدەوە کێشەیان هەبێ ئەوا لە ڕووی ماناوە تەواوە چونکە گومان لەوە نییە فەزڵی کەسێکی زانا زۆر زیاترە بەسەر کەسێکی تر.

* زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن *

ئیمامی (**البخاري**) لە (صحيح البخاري) لە (كتاب العلم) بابێکی داناوە بەناوی (**بَابٌ: الْعِلْمُ قَبْلَ الْقَوْلِ وَالْعَمَلِ لِقَوْلِ اللَّهِ تَعَالَى: {فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ}. فَبَدَأَ بِالْعِلْمِ**). واتە: زانست پێش قسەو کردەوەیە، هەروەها ئایەتی: **{فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ}**. هەروەها دەڵێ: خوای تعالی لە سەرەتا بە (علم) دەستی پێ کردووە، ئینجا دواتر ئەو فەرموودەی هێناوە (**وَأَنَّ الْعُلَمَاءَ هُمْ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ**)، واتە: زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن.

دیراسەی فەرموودەی (العلماء ورثة الأنبياء): یەکێکە لە فەرموودە مشهور و ناسراوەکانی نێو موسڵمانان بە عەوام و زاناکانیشەوە لە کۆن و نوێیەوە، واتە لە سەردەمی سەلەف تاوەکو ئێستا.

فەرموودەی (**الْعُلَمَاء وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاء**)، دەقی فەرموودەکە بەم شێوەیە:

(**قيس بن كثير**) دەڵێ: پیاوێک لە مەدینەوە هات بۆ لای هاوەڵی بەڕێز (أبو الدرداء) ﷺ ، (أبو الدرداء) ئەو کات لە دیمەشق بوو پێیگوت: بۆ چ شتێک هاتووی براکەم؟ گووتی فەرموودەیەک پێم گەیشتووە تۆ لە رسول الله ـوە ﷺ دەیگێڕیتەوە، پێیگوت بۆ هیچ پێویستیەکی تر نەهاتووی؟ گووتی: نەخێر، هەروەها بۆ بازرگانیش؟ گووتی: نەخێر بۆ ئەویش نەهاتووم، پێیگوت: بۆ هیچ شتێک نەهاتووی تەنها داواکردنی ئەو فەرموودەیە

نەبێت؟ گووتی من گوێم لە رسول الله ﷺ بوو دەیفەرموو: هەر یەکێک ڕێگایەک بگرێتە بەر تەنها بۆ داواکردنی زانست بێت ئەوا الله ﷻ ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، وە مەلائیکە باڵەکانی ڕادەخات بۆ ئاسودەیی قوتابی زانستی شەرعی، هەروەها زاناکان هەموو شتێ داوای لێ خۆشبوونیان بۆ دەکات لە ئاسمانەکان و زەویدا تەنانەت نەهەنگ لەنێو ئاویشدا، هەروەها پلەو پایەیی زاناکان بەرامبەر کەسی عابد وەکو پلەی مانگە بەسەر تیکڕای ئەستێرەکانی تردا، هەروەها (زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن)، وە پێغەمبەرانیش هیچ میراتێکیان نە لە دینار نە لە درهەم نییە و جێناهێڵن، تەنها (علم) نەبێت.[1]

دیراسەی سەنەدی فەرموودەی (العلماء ورثة الأنبياء)، تحقیق:

ئیمامی (**الترمذي**) دەڵێ: نەمزانیوە ئەو فەرموودەیە جگە لە (عاصم بن رجاء بن حيوة) فەرموودەی کەسی تر بێت، هەروەها دەڵێ ئەوە لای من بەو شێوەیە متصل نییە، واتە: ڕیوایەتی (محمود بن خداش)، بەو شێوەیە:

(١) ابو داود، كتاب العلم (٣٦٤١)، وابن ماجه، المقدمة: باب فضل العلماء والحث على طلب العلم، والدارمي (٣٢٣) (٣٥٤)، واحمد (٢١٧١٥)، والترمذي (٢٩٤٥)، وابن عبد البر، جامع بيان العلم، باب ذكر حديث أبي الدرداء (١٦٩ - ١٧٣ - ١٧٤ - ١٧٥ - ١٧٦)، وابن حبان في صحيحه كتاب العلم (٨٨)، وأخلاق العلماء للآجري لاپەڕە (٢٢ - ٢٣)، وفرض طلب العلم للآجري (٢٥ – ٢٦)، والخطيب في الرحلة إلى طلب الحديث (٧٧ – ٧٨)، وفي الفقيه والمتفقه والعلم والحلم لآدم (١٤٠)، والعلل التناهية (٨١).

حَدَّثَنَا مَحْمُودُ بْنُ خِدَاشٍ الْبَغْدَادِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْوَاسِطِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا عَاصِمُ بْنُ رَجَاءِ بْنِ حَيْوَةَ، عَنْ قَيْسِ بْنِ كَثِيرٍ قَالَ: دواتر دەڵێ: هەروەها ئەو فەرموودەیە ڕیوایەت کراوە لە: **عَاصِمِ بْنِ رَجَاءِ بْنِ حَيْوَةَ، عَنِ الْوَلِيدِ بْنِ جَمِيلٍ، عَنْ كَثِيرِ بْنِ قَيْسٍ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَهَذَا أَصَحُّ مِنْ حَدِيثِ مَحْمُودِ بْنِ خِدَاشٍ، وَرَأَى مُحَمَّدُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ هَذَا أَصَحَّ.**

دەڵێم: لێرەدا ئیمامی (**الترمذي**) ریوایەتی: (عاصم عن الوليد عن كثير) ی هەڵبژاردووە و دەڵێ: (**هذا أصح**)، هەروەها (محمد بن اسماعيل)یش وای دەبینی ئەو ڕیوایەتە ڕاستتر بێت.[1]

دەڵێم: دەربڕینی ئەو وشە (**هذا أصح يان أشبه**) لەلایەن پێشەوایانی (الجرح والتعديل) مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەو فەرموودەیە بە صحیح دابنرێ، ئینجا هەر فەرموودەیەک بێ بەتایبەت ئەگەر لەنێوان (ضعيف و ضعيف تر) بێت، لێرەدا مەبەستیان لەوەیە ڕیوایەتی (عاصم عن الوليد عن كثير) ڕاستترە لە ڕیوایەتی (مَحْمُودُ بْنُ خِدَاشٍ الْبَغْدَادِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيدَ الْوَاسِطِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا عَاصِمُ بْنُ رَجَاءِ بْنِ حَيْوَةَ، عَنْ قَيْسِ بْنِ كَثِيرٍ) ئەگەرچی لێرەدا ئیمامی (الترمذي) ڕاستەوخۆ تضعيفی ئەو

(١) سنن الترمذي (٢٦٨٢).

فەرموودەیەی نەکردووە، چونکە لە بواری (فضائل)ـە، کە زانایان متساهلتر بوون تێیدا.

هەروەها هەموو ڕیوایەتەکان دەچێتەوە سەر:

١- (قَيْسِ بْنِ كَثِيرٍ) کەوا (**فيه مقال**)، (ابن عبدالبر) دەڵێ: (**وأما كثير بن قيس فروى عن أبي الدرداء و ابن عمر وسمع منهما**).[١]

دەڵێم: لێرەدا (ابن عبد البر) جرح ی نەکردووە بەڵکو شبهەی جەهالەتیشی لەسەر لابرد بەوەی ڕیوایەتی لە (ابن عمر) و (أبي الدرداء) کردووە، بەڵام ئیمامی (الدارقطني) دەڵێ: (**ضعيف**). هەروەها (ابن حجر) لە (التقريب التهذيب) دەڵێ: (**ضعيف**)، هەروەها (ابن حبان) لە (الثقات) هێناویەتی، وە مەرج نییە ئەوەی (ابن حبان) لە کتێبی (الثقات) بیهێنێت تەواو کەسێکی (ثقة) بێت.

(١) جامع بيان العلم (١٧٢).

٢- هەروەها (الْوَلِيدُ بْنُ جَمِيل) (**فيه مقال**): هەریەک لە (علي ابن المديني) و (ابو داود السجستاني) و (ابن حبان) دەڵێن: (**ليس به بأس**)، هەروەها (أبو حاتم الرازي) و (أبو زرعة الرازي) دەڵێن: (**شيخ**).

٣- هەروەها (عاصم بن رجاء بن حيوة): زانایان بەو شێوە قسەیان لەسەر کردووە: (أبو زرعة الرازي) دەڵێ: (**لا بأس به**)، (يحيى بن معين) دەڵێ: (**صويلح**)، (ابن عبد البر الأندلسي) دەڵێ: (**ثقة مشهور**).[١]

بەڵام (الدارقطني) دەڵێ: (**ضعيف**)، هەروەها لە متأخرین (ابن حجر العسقلاني) لە (التقريب) دەڵێ: (**صدوق يهم**).

ئەوە وتەی زانایانی (الجرح والتعديل) بوو لەسەر ئەو سێ ڕاویە، ئەمەش ئەو ڕیوایەتەیە کەوا هەریەک: لە ئیمامی (أبو عيسى الترمذي) و ئیمامی (محمد بن اسماعيل البخاري)، هەڵیان بژاردووە بەسەر تێکڕای ڕیوایەت و ڕێگاکانی ئەو فەرموودەیە، واتە ئەوان ئەو ڕێگەیان پێ صحيحه کە لە سەرەوە باسمان کرد. وە ئەو فەرموودەیە بە ڕێگای تریش هاتووە لە (عاصم بن رجاء عن داود بن جميل عن قيس بن كثير) کە هەریەک لە: ئیمامی (أبو داود) لە (سنن) و (الدارمي) لە (سنن) و (ابن ماجه) لە (سنن) هێناویانە، بەڵام (داود بن جميل) (مجهول)ە، هەریەک لە (أبو الحسن

(١) جامع بيان العلم (١٧٢).

الدارقطني) و (ابن عبدالبر) و (أبو الفتح الأزدي) و (ابن حجر) دەڵێن: (مجهول)، کەواتە ئەو ڕیوایەتەش بەو ڕێگەیە (ضعیف)ە.

ئەو زانایانەی ئەو فەرموودەیان بە (صحیح) یان (حسن) داناوە لە سەلەف و خەلەف دا ئەوانیش بریتین لە:

١- (**أبو داود السجستاني**): بێدەنگ بووە لێی، ئەگەرچی بێدەنگ بوونی مانای صحەتی نابەخشێت، بەڵام مانای وایە ئەو فەرموودە لەو بابە بەو سەنەدە کە هەڵیبژاردووە لەوانی تر چاکترە.

٢- (**الحاكم**) و (**أبو حاتم البستي**) و (**ابن حبان**): چونکە لە مەنهەجی ئەودا مجهول ڕیوایەتی مقبولە.

٣- (**حمزة بن محمد**): شێخی شیوخەکانی (ابن عبدالبر)ە، ڕیوایەتێکی کردووە دەڵێ: (**وهو حديث حسن غريب**).

٤- (**ابن عبدالبر**)، لە (جامع بيان العلم).

٥- لە متأخرین (**ابن حجر**) لە (فتح الباري) لە شەرحی (كتاب العلم)، مقدمەی (باب العلم قبل القول والعمل)، بە (**حسن**)ی داناوە بەهۆی شواهد.

٦- (**السخاوي**) لە (المقاصد الحسنة) (٧٠٣) بە (**حسن**)ی داناوە.

لە زانایانی سەردەم کە لە تەحقیق و حوکمدان لەسەر فەرموودە تا رادەیەکی زۆر لەسەر مەنهەجی سەلەفن، لەوانیش:

٧- (**مصطفى العدوي**) دەڵێ: (**حسن**).

٨- (**عبدالعزيز الطريفي**) دەڵێ: (**حسن**).

(**ابن الجوزي**) دەڵێ: (**قال ابن حبان وقد روى العلماء ورثة الأنبياء بأسانيد صالحة**). واتە (ابن حبان) دەڵێ: فەرموودەی (العلماء ورثة الأنبياء) بە سەنەدی باش ڕیوایەت کراوە.[1]

لە کۆتاییدا دەڵێم: دوای دیراسەی ئەو فەرموودە مشهورە، منیش خۆم کە لەسەر ڕێچکەی (المتقدمين)م، ئەو فەرموودەیەم پێ (حسن)ە، ئەویش بەهۆی استدلالی زانایان پێوەی، وەک بینیمان ئیمامی (البخاري) لە (معلقات) استدلالی پێوە کردووە لە یەکێک لە بابە گرنگەکانی علم.

هەروەها ئیمامی (الترمذي) وەک پیشەی هەمیشەیی لە (سنن) دا ڕاستەخۆ تضعيفي نەکردووە، بەڵکو ڕیوایەتی تری هەڵبژارد وەک لە سەرەوە باسمان کرد، هەروەها لە (العلل الكبير)یش دا هیچ قسەی لەسەر نەکردووە، هەروەها لە (العلل لابن ابي حاتم) دوو پێشەوا گەورەکە هیچ قسەیەکیان لەسەر نەکردووە، تەنها ئیمامی (الدارقطني) نەبێ. جگە لەوە بەشێک لە زاناکانی سەردەم وەک: (سليمان العلوان) و (الطريفي) و (العدوي) ئەوانە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە تەحقیق و حوکمدان لەسەر مەنهەجی سەلەفن استدلال بەو فەرموودەیە دەکەن و بە (حسن)یان داناوە. هەروەها فەرموودەکە لە بابی (عەقیدە) نییە بەڵکو (فضائل)ە، بۆ ئەوەش زاناکان لە کۆن و نوێ دەستیان سووک کردووە

(١) العلل المتناهية لابن الجوزي ج (١) لاپەرە (٧٠) حديث (٨٠).

و متساهلتر بوون. کەواتە ئەو فەرموودەیە استدلالی پێ دەکرێ و وەک بەڵگە دەهێنرێتەوە بۆ پلەو پایەیی زانایان، والله أعلى وأعلم.

شیکردنەوەی ئەم فەرموودە: لە ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەدا چەند پەیامێکی گرنگ و پڕ بایەخی لەخۆ گرتووە، وە موژدەیە بۆ ئەهلی علم و فێرخوازی زانستە شەرعیەکان بەو شێوەیە

١- ڕێگای زانست ڕێگای بەهەشتە: مەبەستمان لە زانستەکانی دینە، ئەم مەتنە بەو چەشنە ئیمامی مسلم بیش هێناویەتی، لێرەدا پلەی طالب العلم و عالم لەوە دەردەچێت کەوا ئەوان ڕێگای بەهەشتیان بۆ ئاسان دەکرێ تەنها بەهۆی علمەوە، جگە لەوان کێی تر هەوڵی بەدەستهێنانی علم دەدا؟!

٢- علماء یان زانا: یەکێکن لەو چینانەی کەوا بەهۆی هەوڵی فێربوونیان بۆ علم و فێرکردنی خەڵک لە زەوی و ئاسمانەکان و تەنانەت نێو دەریاکانیش دوعای لێخۆشبوونیان بۆ دەکرێ، ئەوەشیان بەهۆی فەزڵی علمەکەیان، (علم) واتە: (عمل).

٣- یەکێ لەو تایبەتمەندیانەی کەوا دراوە بە کەسی (زانا): پلەیەکی بەرزی هەیە و وەکو مانگ شوبهێندراوە بەسەر تەواوی ئەستێرەکانی تردەوە، بۆچی؟ چونکە مانگ سوودێکی زۆری بۆ تەواوی مرۆڤەکان لە

زەویدا هەیە، ئەمەش واتایی ئەوەیە کەسی زانا بەهۆی ڕووناکی علمەکەی ڕووناکی بۆ تەواوی دەوروبەری دەڕەخسێنێت، تاوەکو بتوانن لە تاریکی جەهل ڕزگاریان بێت.

٤- **زاناکان میراتگری علمی پێغەمبەرانن:** لە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی فەرموودەکەدا دەبینرێت کە دەفەموێ: پێغەمبەران هیچ میراتێکیان نییە دوای خۆیان تەنها زانست نەبێت، ئەمەش واتا هەر زانایەکی متقی و هەڵگری حەقیقی علمەکەی میراتگری پێغەمبەرانن، واتە علمی ئەوان دەبینین سەدان زانای سەلەف و خەلەف مردوون و نەمان بینیون، بەڵام بەهۆی علمەکەیان دەیانناسین، هەروەها هەندێکیان بەهۆی گەورەیی و ئیمامەتی و فەزڵی زانستەکەی بەسەر ئوممەت وا هەست دەکەی لەخۆت نزیکن و بینیوتن، چەندان جار ڕەحمەتیان بۆ دەنێریت و داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەی، سبحان الله ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی فەرموودەکە بەهۆی ئەهلی ئاسمان و زەوی دوعای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن، لە سەرووی هەموویانەوە پێویستە فێرخواز و زانا ئامانجیان لە بەدەستهێنانی علم تەنها بۆ الله بێت، نەک بۆ خۆ دەرخستن و ناوبانگ و ڕیاو خۆ پێ دەوڵەمەند کردن بێت، چونکە ئەوکات لێی دەبێتە تۆزی با بردوو پەنا بە الله.

کەواتە کەسانێک ئەو ڕێز و پلە و تایبەتمەندییانەیان پێ درابێت و بەسەر ئوممەت دا فەزڵیان پێ درابێت، ڕەدکردنەوەیان و قسە پێگووتیان و لە

هەمووی مەترسیدار تر بە (بت و داهێنەر و مشرع) وەسف بکرێن، جگە لە دژە دین و دژە علم کێی تر وایان پێ دەڵێ! أفلا تعقلون ...؟

* پێگەو گەورەیی کەسی زانا *

(**أبي الصلت السراج**) دەڵێ: گوێم لە (**الحسن البصري**) بوو دەیگووت: رسول الله ﷺ فەرموویەتی: نموونەی کەسی زانا لەسەر زەویدا وەک ئەستێرە وایە، کاتێک خەڵک بیبینن شوێنی دەکەون، وە کاتێک لێیان ون دەبێ بەدوای دەگەڕێن.(١)

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ضعیفە، چونکە (الحسن البصري) تابعیە، هەروەها مرسلاتی (الحسن) لای پێشەوایانی سەلەف لە (الجرح والتعدیل)دا (غیر مقبول)ـە و قبوڵ نییە.

(١) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٩٢)، والفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي.

* پێگەو گەورەیی زانایان لای هاوەڵان *

١- عبدالله بن عباس ﷺ :

(**ابْنِ عَبَّاس**) ﷺ دەفەرموێ: ئایا دەزانن ڕۆیشتنی علم واتایی چی، یان نەمانی چۆنە؟ گووتمان نەخێر، فەرمووی: نەمان و ڕۆیشتنی زاناکانە.[١]

هەروەها دەفەرموێ: فێرکەری چاکەو خێر هەموو شتێک دوعای لێخۆشبوونی بۆ دەکات، تەنانەت نەهەنگ لە نێو دەریاشدا.[٢]

دەڵێم: مەبەستی کەسی زانایە وەک فەرموودەکەی (أبو الدرداء) کە ڕوونمان کردۆتەوە، بەهەمان شێوە ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ئەو پلەو تایبەتمەندییەی کەوا دراوە بە زاناو بانگخواز بەهۆی زانستەکەی.

(آدم بن أبي اياس) هێناویەتی لە (عمار بن أبي عمار) دەڵێ: ئێمە لای (عبدالله بن عباس) ﷺ لە ژێر سێبەرێکی بچووک دانیشتبووین لە کاتێک

(١) الدارمي في سنن (٢٤٩).

(٢) الدارمي (٣٥٥)، المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٣٩٠ – ٣٩١)، وأخلاق العلماء للآجري لاپەڕە (٣٦)، وابن عبدالبر في جامع بيان العل (٣٨/١)، وابن أبي شيبة (٧٢٨/٨)، والعلم لزهير بن حرب.

کە (زید بن ثابت) ﷺ وەفاتی کردبوو، ئا بەو شێوەیە زانست و زانیاری دەڕوات (نامێنێت) ئەمڕۆ زانستێکی زۆر لە گۆڕ نرا (نێژرا).[1]

٢- **عمر بن الخطاب** ﷺ :

(**عمر بن الخطاب**) ﷺ گووتی: رسول الله ﷺ فەرمووی: فتنه سەر هەڵدەدات، هەروەها (الهرج) زۆر دەبێت. گووتیان: مەبەست چییە لە (الهرج)؟ فەرمووی (کوشتن)، هەروەها فەرمووی: زانست هەڵدەگیرێتەوە و نامێنێت. هەروەها گوێم لە (عمر بن خەتاب) بوو ﷺ دەیفەرموو: نەمانی علم مانای وا نییە هەڵدەگیرێتەوە لەنێو سینگی پیاوان، بەڵکو مەبەست پێی نەمانی زاناکانە.[2]

(١) العلم والحلم (١٠٧)، والبخاري في التأريخ الكبير (٣٨٠/٣)، وابن سعد في الطبقات (٣٦١/٢)، والحاكم في المستدرک (٤٢٧/٣)، والبيهقي في المدخل الى سنن الكبرى (٩٥)، والمعجم الكبير للطبراني (١٠٨/٥).

(٢) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٨٤٩).

٣- **أَبِي الدَّرْدَاء** ﷺ :

(**أَبِي الدَّرْدَاء**) ﷺ فەرمووی: چییە دەتانبینم زاناکانتان دەڕۆن و منداڵەکانتان (نەزانەکانتان) خۆیان فێر ناکەن، خۆتان فێربکەن پێش ئەوەی علم بڕوات و نەمێنێت، چونکە نەمانی علم واتایی ڕۆیشتنی زاناکانە.(١)

(**أبي ادريس الخولاني**) دەڵێ: گوێم لە (**أبو الدرداء**) ﷺ بوو دەیفەرموو: ئێمە چی بووین گەر بێتوو قسەی فەقیهەکانمان نەبووایە؛ واتە زاناکانمان.(٢)

٤- **سلمان الفارسي** ﷺ :

(**آدم بن اياس**) هێناویەتی لە (**عبدالله بن دينار الشامي**) دەڵێ: (**سلمان الفارسي**) ﷺ نامەی نووسی بۆ (**أبو الدرداء**) ﷺ پێی فەرموو: چاک بزانە نموونەی کەسێکی زانا لەنێو خەڵکدا وەک پیاوێک وایە کەوا چرایەکی لە شەوی تاریکدا هەڵگرتووە، هەریەک بەلایدا تێپەڕێ ڕووناکی بەردەکەوێ بەهۆی چراکەوە، ئەوانیش دوعای خێر و بەرەکەتی بۆ دەکەن بێ ئەوەی هیچ شتێک لە ڕووناکی چراکەی کەم بکاتەوە.(٣)

(١) الدارمي في سنن، المقدمة (٢٥١).

(٢) الفقيه والمتفقه للخطيب (١٤١).

(٣) العلم والحلم (١١٩) وشعب الامان للبيهقي (٢٧٨/٢)، وتأريخ ديمشق لابن عساكر (٤٤٢/٢١).

* پێگەو گەورەیی زانایان لای التابعین *

١- الحسن البصري (رحمه الله) :

پێشەوا (**الحسن البصري**) دەڵێ: (**أبو مسلم الخولاني**) دەیگووت: نموونەی کەسانی زانا لە زەویدا وەک نموونەی ئەستێرە وایە لە ئاسماندا، کاتێک دەیبینن یان لە کاتی بینین شوێنی دەکەون، هەروەها کاتێک لێیان ون دەبێت بەدوای دەگەڕێن، دەتوانین بڵێین ون دەبن.(١)

چونکە ئەستێرە خوای تعالی بۆ ئەوەی مسخر کردووە تاوەکو خەڵکی ڕێگای پێ بدۆزنەوە. دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٩٧﴾﴾(٢) ، واتە: وەک چۆن ئەستێرەی ئاسمان ڕووناکیە بۆ خەڵک تاوەکو بتوانن خۆیان ون نەکەن و ڕێگا بدۆزنەوە، بەهەمان شێوە زاناکان لە زەویدا بۆ خەڵک وەک چرا وان تاوەکو بتوانن ڕێگای هیدایەت ون نەکەن و بیدۆزنەوە.

---

(١) المدخل (٣٩٣)، وفرض طلب العلم للآجري لاپەڕە (٢٩) لە ڕێگای هاوەڵی بەڕێز أنس بن مالک، والفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي.

(٢) الأنعام (٩٧).

٢- **سعيد بن جبير** (رحمه الله) :

(**هلال بن خباب**) دەڵێ: بە (**سعيد بن جبير**)ـم گووت: چ شتێک نیشانەی لەنێو چوونی خەڵکە؟ فەرمووی: کاتێ زاناکانیان نەمان.

* پێگەو گەورەیی زانایان لای أتباع التابعین و سەلەفدا *

١- مالك بن أنس (رحمه الله):

ئیمامی (**مالك**) دەڵێ: پێمان گەیشتووە کەوا (**عیسى ابن مریم**) ﷺ فەرموویەتی: خەڵکانێک دێن کەوا فقهاء علماء وەک بڵێی تێگەیشتنی پێغەمبەرانیان هەبێت.[١]

دەڵێم: ئەو ڕیواتانە پێیان دەڵێن: البلاغات، بۆ نموونە یەکێک لە پێشەوایانی فەرموودە دەڵێ: پێمان گەیشتووە لە فلان کەس، وە جگە لەوەش مرفوع نییە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، هەروەها لە بابی ئیسرائیلیاتیشە بۆیە تەنها بۆ بینین دەخرێنە ڕوو، بەڵام وەک لە پێشدا کۆمەڵێک فەرموودە و ئەثەرمان داناوە لە پلەو پایەیی زانایان.

(١) العلم والحلم لآدم بن أبي اياس (١٠٦)، والدارمي (٢٤٧)، وابن أبي شيبة له مصنف (٤٥٧/٧)، والحلية لأبي نعيم (٢٧٦/٤)، الفقه والمتفقه (١٤٠).

٢- **سفيان بن عيينة** (رحمه الله):

پێشەوا (**سفيان بن عيينة**) دەڵێ: بەرزترینی خەڵکان لای الله ﷻ ئەوانەن کەوا لە نێوان الله و بەندەکانیدان، ئەوانیش: (پێغەمبەران و زانایانن).[١]

٣- **أبي بكر بن عياش** (رحمه الله):

(**أبي بكر بن عياش**) دەڵێ: وا نازانم لە دونیا کۆمەڵێک هەبێت چاکتر بێت لەوان، واتە (أهل الحديث).[٢]

(**أبي بكر بن عياش**) ناوی (**أبو بكر بن عياش بن سالم**)ـە و ناوبانگی بە (**أبو بكر بن عياش الأسدي**) دەرکردووە، هەروەها کونیەکەی بریتییە لە (**أبو بكر**). ساڵی (٩٥ هـ) لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٣ هـ) وەفاتی کردووە، واتە لە أتباعی تابعین بووە لە چینی خیر القرون.

(**عمر بن حفص**) دەڵێ: گوێم لە باوکم بوو پێی گووترا: ئەی باوکی (عمر)، ئایا نابینی هاوەڵانی حدیث چۆن گۆڕاون و چۆن خراپ بوون؟ گووتی: ئەوان لەسەر ئەوەن کە بژاردەی خێڵەکانن، واتە چاکترینی کۆمەڵگان.[٣]

---

(١) الفقه والتفقه للخطيب (١٣٤، ١٣٥).

(٢) شرف أصحاب الحديث للخطيب (٨٨) وسنده صحيح.

(٣) شرف أصحاب الحديث للخطيب (٨٩).

٤- **أحمد بن حنبل** (رحمه الله):

(**أبو بكر المروزي**) دەڵێ: باوکی (عبدالله) واتە (**أحمد بن حنبل**) گووتی: هیچ چینێک لای من باشتر و چاکتر نییە لە ئەهلی حدیث، تەنها فەرموودە دەناسن و دەزانن. هەروەها دەڵێ: ئەهلی حدیث لەپێشترن کەوا قسە لە علم (دین) بکەن.(١)

٥- **أبو يوسف القاضي** (رحمه الله):

(**إبراهيم الحربي**) دەیگووت: ڕۆژێکیان (**أبو يوسف القاضي**) دەرچووە دەر، وە هاوەڵانی فەرموودە (طالب الحدیث) لەسەر دەرگابوون، گووتی: لە زەویدا چاکتر نییە لە ئێوە، ئەوە نییە دێن و گوێ لە فەرموودەی رسول الله ﷺ دەگرن.(٢)

(**أبو يوسف القاضي**) ناوی (**يعقوب بن إبراهيم بن حبيب بن خنيس بن سعد بن حتبة**)یە، ناسراوە بە (**أبو يوسف القاضي**)، هەروەها کونیەکەی بریتییە لە (**أبو يوسف**). خەڵکی بەغداد بووە، هەروەها لە بەغدا و کوفە ژیاوە و لە بەغداش مردووە. لە ساڵی (١١٣ هـ) لەدایک بووە و لە ساڵی (١٨٢ هـ) وەفاتی کردووە. واتە لە چینی ئەتابعی تابعینە.

---

(١) شرف أصحاب الحديث (٩٠)، صحيح.

(٢) شرف أصحاب الحديث للخطيب (٩٤)، صحيح.

٦- **علي بن عبدالله** (رحمه الله):

(**خطيب**) هێناویەتی لە (**إبراهيم بن مقفل**) دەیگووت: گوێم لە باوکی (عبدالله) (**محمد بن إسماعيل البخاري**) بوو دەیگووت: ئێمە سێ یان چوار کەس دەبووین لەبەر دەرگای (**علي بن عبدالله**) بووین، گووتی: من ئومێدم وایە کەوا تەئویلی ئەو فەرموودە: (**لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق، لا يضرهم من خذلهم أو خالفهم**) هیوام وایە ئێوە بن، چونکە بازرگانەکان خۆیان بە بازرگانیەوە خەریک کردووە، هەروەها پیشەوەرانیش بە پیشەی خۆیانەوە خەریکن، وە دەسەلاتدار مەشغوڵی خەڵکەکەن، بەڵام ئێوە سوننەتی رسول الله ﷺ زیندوو دەکەنەوە.[1]

(**علي بن عبدالله**) (**ابن المديني**) ناوی: (**علي بن عبدالله بن جعفر بن نجيح**)ـە، ناسراوە بە (**علي بن المديني**)، هەروەها کونیەکەی بریتییە لە: (**أبو الحسن**). لە ساڵی (١٦١ هـ) لەدایک بووە و لە ساڵی (٢٣٤ هـ) وەفاتی کردووە. لە شاری مەدینە و بەسرەدا ژیاوە و لە شاری (سر) رای مردووە. شێخی هاوەڵانی (كتب الستة)یە بەتایبەت ئیمامی (البخاري)، وە هاوشان و هاوتەمەنی (احمد) و (ابن معين) و (ابن راهويه) بووە وەک دەڵێن: (عالم العلم العلل) ئیمام و (ثقة) و (ثبت) و (حجة) بووە، لە محنەی خەلقی قورئان لەژێر ئیکراهدا وەڵامی داواکەی داوە، بەڵام دواتر تەوبەی لێ کرد.

(١) شرف اصحاب الحديث للخطيب البغدادي (١٠٢)، في سنده مقال.

٧- **هارون الرشيد**:

(**محمد العباس المصري**) دەیگووت: گوێم لە (**هارون الرشيد**) بوو دەیگوت: (**وطلبت الحق فوجدته مع أصحاب الحديث**)، واتە: وە بەدوای حەقدا گەڕام لەلای هاوەڵانی فەرموودەم دۆزیەوە.[١]

٨- **الوليد الكرابيسي** :

(**أحمد بن سنان**) دەیگووت: (**الوليد الكرابيسي**) خاڵم کاتێک کەوتە سەرەمەرگ بە کوڕەکانی گووت: ئایا دەزانن کەسێک هەبێت شارەزاتر بێ لە من بە (الكلام)، واتە: وەک دەڵێن (علم الكلام)؟ گووتیان: نەخێر، گووتی: ئایا تاوانبارم دەکەن؟ گووتیان نەخێر، پێی گووتن من وەسیەتێکتان دەکەم ئایا لێم قبوڵ دەکەن؟ گووتیان بەڵێ، گووتی: لەسەر ئەوە بڕۆن کەوا هاوەڵانی فەرموودە لەسەرین (أصحاب الحديث) چونکە من بینیم حەق لای ئەوانە.

دەڵێم: (الوليد الكرابيسى) یەکێک بووە لە سەرانی معتزلە و عاقڵانی لە سەردەمی (بشر المريسى) ژیاوە، بەڵام وەک دەبینرێ لە سەرەمەرگدا

(١) شرف أصحاب الحديث (١٠٤).

تۆبەی لێ دەکات، وەک الذهبي لە تأريخ الأسلام و سير أعلام النبلاء یش ئەو بەسەرهاتە نەقڵ دەکات.

٩- سهل بن عبدالله التستري :

(سهل بن عبدالله التستري) دەڵێ: هەریەک دەیەوێت سەیری مەجلیسی پێغەمبەران بکات، ئەوا با سەیری مەجلیسی زانایان بکات.[١]

(سهل بن عبدالله التستري) دەڵێ: هەریەک دەیەوێ سەیری مەجلیسی پێغەمبەران بکات، ئەوا با سەیری مەجلیسی زاناکان بکات، یەکێ دێ دەڵێ: ئەی فڵان چی دەڵێی بە پیاوێک سوێندی خواردووە لە ژنەکەی واو وا بکات؟ دەڵێ تەڵاقی کەوتووە، یەکێ تر دێ و دەڵێ: پیاوێک سوێندی لەسەر ژنەکەی خواردووە و بەوەو بەوە؟ دەڵێ: هیچ شتێکی لەسەر نییە بەو قسە، ئینجا (سهل) دەڵێ: ئەو شتە یان تایبەتمەندییە بۆ کەس نییە ئیللا پێغەمبەر یان زانا نەبێت، ئەوە بزانن. [٢]

دەڵێم: ئەو ئەثەرانەی هاوەڵان و تابعین و دوای ئەوان هەموویان ئەوە دەسەلمێنن کەوا علماء واتە علم، علمیش واتە دین، وەک لە پێشتردا باسمان کرد لە فەرموودەی صحیح ی هاتوو لە رسول الله ﷺ کەوا

(١) الفقيه والمتفه للخطيب (١٣٦).

(٢) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي لاپەڕە (١٤٩) ژمارە (١٣٦).

بەهەمان شێوە وەسفی زاناکانی کردووە بە علم، نەمانی زاناکان لەنێو خەڵکدا واتای نەمانی علمە، لە هەر شوێنێکیش علم نەمێنیت ئەوا جەهل تێیدا بڵاو دەبێتەوە. بە بەڵگەی فەرموودەی صحیح کە هاتووە لە (کتب الستة و التسعة) لە ڕەسولی ئەکرەم ﷺ کە دەفەرموێ: (علم نامێنێت، جەهل بڵاو دەبێتەوە)، کە ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی زانایان لە کتێبەکانی (أشراط الساعة والفتن) نیشانەکانی قیامەت و ئاژاوەکان هێناویانە، هەروەها جگە لەوەش یەکێکە لەو نیشانە بچوکانەی کە ئەمڕۆ لەو سەدە و سەردەمەی کە ئێمە تێیداین دەرکەوتووە بەداخەوە، بۆیە دەبینین خەڵک بەهۆی نەمانی زاناکان واتە چراکان لە تاریکی جهل و نەزانی دا دەخنکێن و ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن، بۆیە کەسانی جاهل بەهۆی جەهلەکەیان ڕقیان لە علم و هەڵگرانی علم دەبێتەوە، وەک سالب و موجەب وایە دژی یەکن، (علم جەهل ناهێڵێت، جەهلیش ڕێگری لە علم دەکات) واتە: جەنگی حەق و باطل، (الفرقان) لێک جیاکردنەوەی حەق و باطل و کوفر و ئیمان، چونکە دین هەمووی علم و حەیا و ئەدەبە، ئامانجی پاککردنەوە و نەهێشتنی جەهلە، بۆچی دەگووترێت (سەردەمی جاهلیەت)؟ چونکە خەڵک بەهۆی دوورکەوتنەوە لە دینی حەقی ئیبراهیمی نغرۆی جەهل بوون، وە لەنێو کانیاوی جەهل ڕۆچووبوون، تاوەکو ڕووناکی (ئیسلام) کە هات بە (علم) لەناوی برد، ئێستاش بەهۆی لافاوی جەهل ڕووناکی علم نامێنێت وە هەوڵی نەهێشتنی دەدرێ وەک کە نەماوە تەنها کەمێک نەبێت پەنا بە الله.

* کاریگەری یەک زانا بەرامبەر هەزار عابد *

دیراسە و تەحقیقی ئەو فەرموودە مشهورە بە کورتی:

ابن عباس ﷺ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کەسێکی تێگەیشتوو (فقیهـ یان زانا) زۆر سەختترە لەسەر شەیطان لە هەزار عابد.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە: هەندێک بە موضوعیان داناوە و هەندێک بە لاواز، بەڵام سەرەڕایی لاوازی فەرموودەیەکی مشهورە و لە زۆرینەی کتێبەکانی حدیث و علم هاتووە، گەر لە ڕووی سەنەدەوە لاوازیش بێت ئەوا ماناکەی صحیحە چونکە شەیطان هەتا کەسێکی زانای تێگەیشتوو لە دین فریو دەدات، سەدان جاهل و عابد فریو دەدات، کە مەبەست لە زانای کار کردوو بە زانستەکەیەتی.

(١) الترمذي (٢٦٨١)، وابن ماجه (٢٢٢)، وفرض طلب العلم للآجري (٧)، وأخلاق العلماء (١٢)، وابن حبان في المجروحين (٣٠٠/١)، والبيهقي في شعب الأمان (١٧١٥)، والفقيه والمتفقه للخطيب (٨٢، ٨٣)، وجامع بيان العلم (١٢٢)، والعلل المتناهية لابن جوزي (١٩٢).

* ئەو زانایەی کار بە زانستەکەی ناکات *

١- (**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**حذيفة بن اليمان**) ﷺ دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: «**وَيْلٌ لِمَنْ لَا يَعْلَمُ، وَوَيْلٌ لِمَنْ عَلِمَ ثُمَّ لَا يَعْمَلُ، ثَلَاثًا**». واتە: هاوار بۆ ئەو کەسەی کەوا نازانێت (علم)، هەروەها هاوار بۆ ئەوەی دەیزانێت و کاری پێ ناکات، سێ جار وای فەرموو.[١]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە زۆر ضعيفە.

٢- هەروەها بە ڕیوایەتی تر هاتووە لە هاوەڵی بەڕێز (**أبو الدرداء**) ﷺ فەرموویەتی: «**وَيْلٌ لِمَنْ لَا يَعْلَمُ، وَوَيْلٌ لِمَنْ عَلِمَ ثُمَّ لَا يَعْمَلُ، سَبْعَ مَرَّاتٍ**» واتە: هاوار بۆ ئەوەی نایزانێت، هەروەها بۆ ئەوەش دەیزانێت بەڵام کاری پێ ناکات، حەوت جار وای فەرموو.[٢]

---

(١) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٦٤ - ٦٥ - ٦٦)، والآجري في اخلاق العلماء (٥٩)، وجامع بيان العلم وفضله (٤/٢)، واحمد في الزهد (٦٣/٢)، وابن عساكر في ذم من لا يعمل بعلمه (٧)، والعلم والحلم لآدم بن أبي اياس (٤٥).

(٢) اقتضاء العلم العمل للخطيب البغدادي (٦٧)، والزهد لوكيع (٢١٧)، والزهد لاحمد (٧٦٣)، وأخلاق العلماء للآجري (٥٦)، وجامع بيان العلم لابن عبدالبر (١٢١٢).

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە (موقوف)ـە تا (أبي الدرداء)، هەروەها هیچ ڕیوایەتێکی صحیح مان نییە بەو شێوە (مرفوع) بێت، بەڵام ماناکەی صحیحە، بەوەی نەزانین و جەهل بە علم (واتە دین) مال وێرانیە، هەروەها لەو مال وێرانتر ئەوەیە کەوا ئەوەی شارەزا و زانا بێت بەڵام کاری پێ نەکات، لەو بارەوە ئایەت و فەرموودەی صحیح مان هەیە لەسەر ئەوانەی کەوا کار بە علمەکەیان ناکەن.

٣- (**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**جندب بن عبدالله**) ﷺ دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: نموونەی ئەو زانایەی کەوا خەڵکی فێر دەکات و خۆی بیر دەچێتەوە وەکو (چرا یان فتیل) وایە ڕووناکی بۆ خەڵکیە و خۆی دەسووتێنێت.(١)

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ضعیفە. واتە: ئەو کەسەی کەوا زانایە و شارەزایە بە شەرع و خەڵکی فێری دین دەکات و بانگەواز دەکات بۆی بەڵام خۆی جێبەجێی ناکات و وەک بڵێی خۆی نەگرێتەوە، ئا ئەو کەسانە تەنها سوودیان بۆ خەڵکە لەو لایەنە بەڵام ناتوانن سوود بەخۆیان بگەیەنن، چونکە کاریان پێ نەکردووە.

---

(١) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٦٩ - ٧٠)، والطبراني في الكبير (١٧٨/٢ - ١٧٩ - ١٨٠)، وابن عساكر هێناویەتی لە ذم من لايعمل بعلمه (٩)، والمنذري له الترغيب والترهيب (١٢٦/١ - ١٢٧)، بە [حسن]ی داناوە.

٤- (**خطيب البغدادي**) و (**ابن عساكر**) هێناویانە لە (**جابر بن عبدالله**) ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمووی: کۆمەڵێک لە ئەهلی بەهەشت بە کەسانێک لە ئەهلی جەهەننەم دەڵێن: بەچ شتێک خراونەتە نێو ئاگرەوە خۆ ئێمە بە هۆی فێرکردنی ئێوەوە خراوینەتە بەهەشتەوە؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە فەرمانمان بەئێوە دەکرد بەڵام خۆمان جێبەجێمان نەدەکرد.(١)

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ضعيفه والله اعلم، بەڵام ماناکەی صحيحه و فەرموودەی تری صحيح هەیە کەوا (البخاري) و (مسلم) هێناویانە.

٥- (**ابن عساكر**) هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز (**أبو هريرة**) ﷺ ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموێ: چاکترینی ئوممەتەکەم زاناکانن، هەروەها چاکترینی نێو زاناکان ئەوانەن کەوا بە سۆزو بەزەیین، **الله ﷻ لە چل (٤٠) گوناهی کەسێکی جاهل خۆش دەبێت پێش ئەوەی خۆش بێت لە یەک گوناهی کەسێکی زانا، ... الخ الحديث.**(٢)

---

(١) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٧٢ - ٧٣)، وذم من لا يعمل بعلمه ابن عساكر (١٣)، والعلم والحلم لآدم بن أبي اياس (٤٦)، والطبراني في الأوسط (٣٧/١).

(٢) ابو نعيم في الحلية (١٨٨/٨)، وخطيب البغدادي له تأريخ (٢٣٨/١)، وموضوع اوهام الجمع والتفريق (١١٥/٢)، والأباطيل والمناكير والصحاح والمشاهير للجورقاني، كتاب العلم ج (١) ص (٢٢٦)، وابن عساكر له ذم من لا يعمل بعلمه (١١).

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە هەموو ڕێگاکانی کە لێوەی هاتوون ضعیفە. (الجورقاني) لە الأباطيل دەڵێ: (**حديث غريب حسن**). هەروەها لە ڕووی مەتنەوە: (**منكر و باطل**)ە، وەک (الذهبي) و (ابن حجر) لە متأخرين وا دەڵێن.

٦- (**خطيب البغدادي**) و (**البيهقي**) و (**ابن عساكر**) هێناویانە لە هاوەڵی بەڕێز (**أنس بن مالك**) ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: الله ﷻ لە کەسانی جاهل و نەزان خۆش دەبێت بەو شێوە لە زانایان خۆش نابێت.[1]

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە (عبدالله بن احمد) دەڵێ: باوکم گووتی: ئەو فەرموودە (**منكر**)ە.[2] ، وە (الدارقطني) دەڵێ: (**معلول بالارسال**)، واتە: (**مرسله**).[3] ، (أبو نعيم) دەڵێ: (**حديث غريب**)، واتە: ضعيف. (البيهقي) دەڵێ: ئەگەر ئەو خەبەرە ڕاست بێ ئەوا بەو شێوەیەیە کەوا هاتووە، بەڵام گەر وانەبێت ئەوا زانایەکی فاجر و جاهلێکی فاجر لە تاواندا وەک یەکن، تەنها زاناکە بە فەزڵی علمەکەی تایبەت دەکرێ بەڵام ئەو نەزانەی کەوا دەزانێت حەڕامە بەڵام دەیکات و ئەوەی کە نایزانێت پێویستە فێر

(١) المدخل الى سنن الكبرى (٥٦٥)، واقتضاء العلم العمل (٨٠)، وذم من لا يعمل بعلمه (١٠)، والمحدث الفاضل للرامهرمزي (٦٠٥)، والمروزي في الورع (٢٣)، والعلل المتناهية لابن جوزي (١٤٠/١)، ژماره (٢٤٠)، والعلم والحلم لآدم بن ابي اياس العسقلاني (٣٧).

(٢) المدخل للبيهقي (٥٦٥).

(٣) العلل (٣٤/١٢).

بکرێ لەو زانستانەی کەوا گشتین ... الخ. ئەوە تەنها ڕای زانایەکە گەرنا کەسێکی جاهل بکەوێتە نێو کوفر و شرک ئەوا عوزری بۆ نییە، والله اعلم.

٧- (**آدم بن أبي اياس**) هێناویەتی لە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموو: پیاوێک پرسیاری لە رسول الله ﷺ کرد و پێی گووت: چ شتێک شەڕە (واتە فتنەیە)؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموو: ئەی خەڵکینە پرسیاری خراپەم لێ مەکەن، بەڵکو پرسیاری چاکەم لێ بکەن، بەڵێ شەڕ زانا خراپەکانن و خێریش زانا چاکەکانن.(١)

دەڵێم: لە ڕووی سەنەدەوە ضعیفە، والله تعالی اعلم.

(**البيهقي**) هێناویەتی لە (**فضيل بن عياض**) دەڵێ: الله ﷻ لە حەفتا گوناهی کەسێکی جاهل خۆش دەبێت پێش ئەوەی لە یەک گوناهی زانایەک خۆش بێت.(٢)

(١) العلم والحلم لآدم بن ابي اياس (٤١)، والدارمي في السنن (٣٨٢)، والبزار في المسند (٩٣/٧)، والحلية لابي نعيم و ابن عدي في الكامل.
(٢) المدخل الى سنن الكبرى للبيهقي (٥٦٣).

دەڵێم: ئەو فەرموودە و ئەثەرانە گەرچی (مرفوع) نەبن، بەڵام ماناکەیان تەواوە، چونکە چۆن کەسێکی زانا وەک لە پێشدا باسمان کرد پلەو پایەکی بەرزو بڵندی هەیە بەهەمان شێوە لە ڕووی سزاوە زیاترە وەک لە کەسێکی نەزان، بەهۆی ئەوەی زاناکە زانا بووە پێی بەڵام هەر کردوویەتی، بەڵام هەموو جاهلێک نا، چونکە جەهل بە تەوحید مقبول نییە و هیچ عوزرێکی نییە لەبەر ئەوەی هەریەک لە ئیمام (الآجري) لە (فرض طلب العلم) و (ابن عبدالبر) لە (جامع بيان العلم) ئیجماعی زانایان باس دەکەن لەسەر ئەوەی هەندێ علم (فرض العين)ە، لەوانیش ئیمان و شەهادە و حەڵاڵ و حەڕام و ناسینی الله ﷻ بە ئەسماء و سیفاتەوە. کەواتە ئەگەر شتێک فەڕزی تایبەت بێت لەسەر هەموو تاکێک ئەوا بە دڵنیاییەوە نەزانین و بێ ئاگایی عوزر تێیدا قبوڵ نییە، بۆیە سەلەف زۆر ترساون، لەو بارەوە هاتووە لێیانەوە بەو شێوەیە:

ئیمامی تابعي (الشعبي) دەیگووت: خۆزگە لەو زانستەی کەوا دەیزانم هیچم نەزانیبایە. هەروەها لە پێشەوا (سفيان الثوري) هاتووە بەهەمان شێوە.[1]

(سفيان بن عيينة) دەیفەرموو: علم ئەگەر سوودت پێ نەگەیەنێت ئەوا زیانی هەیە.[2]

(١) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٨٢ – ٨٣).

(٢) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٨٤).

پێشەوا (إبراهيم بن أدهم) گووتی: پیاوێک دەرچوو بە مەبەستی فێربوونی علم، لە ڕێگادا گەیشت بە تاشە بەردێک لەسەری نووسرابوو هەڵمگێڕەوە شتێکی سەیر دەبینیت، ئەویش هەڵیگێڕاو بینی نووسرابوو لەسەری: تۆ بەوەی کە دەیزانیت کاری پێ ناکەیت، چۆن داوا دەکەیت کە کاری پێ ناکەیت، ئینجا پیاوەکە گەڕاوە.(١)

واتە: مەرجی سەرەکی فێربوونی زانست (واتە دین) کار پێ کردنیەتی، وەک دەڵێن: (العلم موقوف على العمل)، بۆیە پێشەوا (فضيل بن عياض) دەیفەرموو: ئەو فەرموودە پیاو گوێی لێ نەبێت چاکترە بۆی لەوەی گوێی لێ بێت و کاری پێ نەکات.(٢)

(١) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٩١).

(٢) اقتضاء العلم العمل للخطيب (٩٣).

* ڕق و بوغز بەرامبەر بە زانایانی سەر ڕاست نیشانەی گومڕاییە *

١- (**خطيب البغدادي**) هێناویەتی لە (**قتيبة بن سعيد**) دەیگووت: ئەگەر پیاوێکت بینی کەوا ئەهلی فەرموودەی خۆش دەوێست، هاوشێوەی: (يحيى بن سعيد القطان)، (عبدالرحمن بن مهدي)، (احمد بن حنبل) و (اسحاق بن راهويه)، ئەوە بزانە لەسەر سوننەتە، هەروەها ئەوەی پێچەوانەی ئەوە بێت ئەوا مبتدعە.(١)

٢- (**خطيب**) هێناویەتی لە (**أحمد بن سنان القطان**) دەیگووت: هیچ بیدعەکارێک نییە لە دونیادا ئیللا ڕقی لە ئەهلی فەرموودە دەبێتەوە، چونکە ئەگەر پیاو بیدعە بکات ئەوا خۆشی فەرموودە لە دڵی دادەبەزێت.(٢)

٣- (**خطيب**) هێناویەتی لە (**محمد بن عبدالله الحافظ**) دەڵێ: گوێم لە (أبا الحسين محمد بن احمد الحنظلي) بوو دەیگووت: گوێم لە (أبا اسماعيل محمد بن اسماعيل الترمذي) بوو گووتی: من و (احمد بن الحسن الترمذي) لای باوکی (عبدالله) (احمد بن حنبل) بووین، (احمد بن الحسن)

(١) شرف اصحاب الحديث للخطيب.
(٢) شرف اصحاب الحديث للخطيب.

پێی گووت: ئەی باوکی (عبدالله) لەلای (ابن أبي قتيلة) لە مەککەدا باسی ئەهلی فەرموودە کرا، ئەویش گووتی: ئەهلی فەرموودە کەسانی خراپن. دەڵێ: (أبو عبدالله أحمد بن حنبل) هەستاو گووتی: (زندیق، زندیق، زندیق) ئینجا هەستاو جلەکانی داتەکاند و ڕۆیشتە ماڵەکەی خۆی.[1]

دەڵێم: لێرەوە دەردەکەوێ سەلەف پێوەری ناسینی ئەهلی حەق و باطلیان بە خۆشویستنی زانایان و ڕق لێبوونەوەیان کردووە، واتە: هەر یەکێک ڕق و بوغزی بەرامبەر ئەهلی سوننە هەبێت یان زانایان ڕەفز بکات ئەوا لە نیشانەی گومڕاییە.

(١) شرف أصحاب الحديث للخطيب.

" بەشی سێیەم "

* ڕێگاکانی فێربوونی زانستی شەرعی *

بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک خوشک و برای موسڵمان داوایان کرد کەوا خشتەیەک یاخود جەدوەلێکیان بۆ دابنێم کە ببێتە هۆی یارمەتیدەریان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی، هەروەها لە سەرەتای قۆناغ چی بکەن و چۆن دەست پێ بکەن، کە بێگومان (پرسیار کردن چارەسەری نەزانییە)، وەک ئیمامی (أبو داود) لە (سنن) بە سەنەدی صحیح هێناویەتی: (**إنما شفاء العي السؤال**)، ئەمەش دوای ئەوە هات یەکێک لە هاوەڵان بریندار بوو و برینەکەی قوڵ بوو لە یەکێک لە غەزا و سەفەرەکاندا، هەروەها لە شەوێکی زستانی زۆر سارد دا تووشی جەنابەت بوو، بۆیە ئەویش پرسیاری کرد ئایا من دەتوانم تەیەمموم بکەم؟، ئەوانیش گووتیان: نەخێر، دەبێت بە هەر جۆرێک بێت خۆت بشۆیت، ئەویش ناچار خۆی دەشوات و دواتر بەهۆی ساردی و بریندارى وەفات دەکات، دوای ئەوە هەواڵ دەدرێ بە پێغەمبەر ﷺ ئەویش دەفەرموێ: کوشتیان بەکووشت بچن ئەی نازانن (چارەسەری نەزانی پرسیار کردنە).

کەواتە تۆ لە هەر قۆناغ و لە هەر تەمەن و هەر کەسێکی ئەگەر نەتزانی ئەوا دەبێت بپرسیت، باشە لە کوێ دەپرسن و چۆن دەپرسن؟، خوای تعالی لە قورئان دەفەرموێ: {**فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**}،

گومان لەوە نییە ئەهلی (الذکر): واتە: زاناکان، ئەوانەن کەوا تێدەگەن و تێدەفکرن.

(الذهبي) لە (سير أعلام النبلاء) هێناویەتی و (ابن الجوزي) لە (مناقب)، کە ئیمامی (أحمد) دەچێتە یەمەن و شاری صنعاء لەپێناو فێربوونی علم بۆ ئەوەی حدیث وەربگرێت لە (عبدالرزاق الصنعاني) کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی سەلەف و خاوەنی (مصنف عبدالرزاق)ـە، کاتێک دەچێت لە دەرگای ماڵیان دەدات لەو کاتە یەکێک لەوان بە ئیمام (احمد) دەڵێ: لەسەرخۆ، چونکە شێخ ئیزعاج دەبێت یان ناڕەحەت دەبێت، ئیمامی (احمد) لەبەر دەرگا دادەنیشێت هەتا کاتی مەغریب، ئینجا (عبدالرزاق) دێتە دەرەوە کتێبێکی (حدیث)ی پێیە، ئیمامی (احمد دەڵێ): ڕەحمەتی خوات لێ بێت لەو حدیثانەی کە پێتە بۆم باس بکە یان بیگێڕەوە، دواتر (عبدالرزاق) کە دەزانێت (احمد)ـە، دەڵێ: ئەوە تۆی باوکی (عبدالله)، بۆیە باوەشی پێدەکات و خزمەتی دەکات. بەڵێ بەم جۆرە زاناکان لەسەر چۆک لە خزمەت زاناکان فێری علم بوون، ئیمامی (یحیی بن سعید القطان) کە شێخی ئیمامی (احمد) و (علی ابن المديني) و (یحیی بن معین) و (عمرو بن علي الفلاس)ـە، دەڵێ: من بەرەبەیان لە ماڵ دەردەچووم هەتا کاتی عیشا نەدەگەڕامەوە بۆ طلبي حدیث. (خطیب هێناویەتی).

جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژیاننامەی ئیمامەکان ئەوا دەبینین دەیان ساڵ بۆ فێر بوون گەڕاون و هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی شارەزا بن لە دین، خۆ ئەگەر نەگەڕابان و هیچ هەوڵ و جوهدێکیان نەکردبایە ئەوا هەر بە

نەزانی دەمانەوە و لە کانیاوی جەهل دەخولانەوە، لێرەدا ناچمە نێو وردەکاری زیاتری طلبي حدیث و باس کردنی زانایان چونکە لە زۆر شوێن و نامیلکەی تر ڕوونمان کردووەتەوە و ڕوونی دەکەینەوە ان شاء الله، ئەوەی هەیە ئێمە و ئەوان جیاوازین و جیاوازیشمان لە زۆرینەی لایەنەکاندایە، یەکێک لەوانە ئەوان هەر لە منداڵیەوە دەخرانە بەر خوێندنی قورئان و تجوید و تفسیر و سیرەی نبوی، بەڵام ئێمە هەتا تێپەڕینی زیاتر لە بیست ساڵ خەریکی خوێندنی دونیایی و سین و صاد بووین، چەندان ساڵ قەواعیدی عەرەبی و اعرابمان خوێند لە کۆتایی دا یەک ڕستەش ناتوانین اعراب بکەین، بۆیە پێویستە جەدوەلێکی خێراو بەپێی تەمەن و کات دابنرێ چونکە ئەگەر ئێمە وەک ئەوان بەو پلە تدریجیە دەست پێ بکەین بیست ساڵی دەوێت. وەک مەعلومە ئێمە بۆ ئەوەی ببینە مامۆستای زمانی کوردی کە بە حساب زمانی دایکە ئینجا پێویستە بێ هیچ کەوتنێک شانزە ساڵ بخوێنین، فکیف بۆ زانستی شەرعی کەوا زانستی دونیا و ئاخیرەتە! ئەوەی کە من باسی دەکەم و دایدەنێم ئایەت و حدیث نییە، بەڵکو ڕێگای تێگەیشتن و فێربوونی ئایەت و حدیث بە بۆ هەردوولا، هەم ئەوانەی عەرەبی دەزانن و ئەوانەشی نایزانن، تەنیا جیاوازیەکە ئەوەیە ئەوانەی عەرەبی نازانن ناتوانن زیاتر لە هەندێ قۆناغ تێپەڕێنن وەک لەوانەی عەرەبیان باشە و تێی دەگەن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەین، واتە کەسێک هیچ شتێکی شەرعی نەزانێت بیەوێت فێربێت یەکەم هەنگاو چی بکاتو چۆن هەنگاو بهاوێت، لە هەموو هەنگاو و قۆناغەکان ناوی کتێب و نووسەرەکەی ئاماژە پێ دەدەین،

هەروەها جگە لەوەش من باشترین و هەڵبژێردراوترین و گونجاوترین کتێبەکان دادەنێم و باس دەکەم، وە خودی خۆم لە زۆرینەی کتێبەکان کە دەمخوێند لەسەر علومەکان نووسەرەکانم دەکردن بە مامۆستا یاخود محققەکان، بۆ نموونە لە تحقیقاتی هەر کتێب و نامیلکەیەکدا کەسی محقق باسی سەرجەم ئەو شیکردنەوە و شرۆڤەکردنانە دەکات کە لەسەر ئەو کتێبە هاتووە و باشترینەکانیشیان دیاری دەکات.

بۆ نموونە: لە تحقیقی کتێبی [الناسخ والمنسوخ]ی قورئان کە (أبي جعفر النحاس) نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکات باشترین کتێب تایبەت بێت بەو علمە و گشتگیرترینیانە، من لە سەرەتادا [الناسخ والمنسوخ]ی (قتادة بن دعامة)م خوێند، دواتر (ابن شهاب الزهري)، دواتر بەدواداچوونم کرد لە ڕێگەی ئەلکترۆنی و پرسیار کردن لە کەسانی بە ئەزموون کەوا متفق بوون لەسەر ئەوەی کتێبەکەی (أبو جعفر النحاس) لەو بوارە بێوێنەیە و لەدوای ئەو کتێبەکەی (ابن جوزي) هاوشانە لەگەڵ ئەودا لەو علمە، کەواتە بە پرسیار کردن و خوێندنەوە گەیشتوومە ئەو ئەنجامە لەسەر کتێبەکان.

زانستەکانی شەرع دابەشی سێ بەشی سەرەکی دەکەم:

١- علم العقيدة.

٢- علم القرآن.

٣- علم الحديث.

پێش چوونە سەر وردەکاری، پێویستە ئەوە بزانن کەوا عەقیدە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، بۆ؟ چونکە ئەگەر عەقیدەت تەواو نەبوو لارو پێچی تێدا بوو، ئەوا ئەگەر هەموو علومەکانی نێو قورئان و حدیث بخوێنیت سوودی بۆت نابێت.

بەڵگەش ئەوەیە: لە سەرەتادا رسول الله ﷺ ماوەی سێزدە ساڵ خەڵکی فێری عەقیدە کرد و تەنها بانگی دەکردن بۆ ئەوەی عەقیدەیان چاک بکەن، بۆچی؟ چونکە ئەوان عەقیدەیان تەواو نەبوو و موشریک بوون، وە لە هەمان کاتدا خۆیان پێ موسڵمان بوو!، جا ڕاستە قورئان گەورەترین علمە و حدیث دوای ئەو، بەڵام پێویستە عەقیدەکەمان لەسەر قورئان بنیاد بنێین، ئەو کات ئەو علمەی کە فێری دەبین سوودی دونیا و قیامەتی بۆمان دەبێت، جا لە سەرەتادا باسی عەقیدەکە دەکەین چونکە علوم القرآن هەتا کۆتایی تەمەنت لەگەڵ علوم الحدیث تەواو نابێت.

یەکەم: زانستی بیروباوەڕ (علم العقيدة).

کە دەڵێین (علم العقيدة)، واتە: زانستێکی سەربەخۆ، کۆمەڵێک زانست و بەشی تری لێ دەبێتەوە، هەروەها مەعلومە لە زانکۆکان بەشێکی تایبەت هەیە کەوا (قسم العقيدة)یە، من ناچمە نێو وردەکاری ئەو علمە و باس کردنی، چونکە ئەو کات پێویستە بە قەبارەی مجلد لەسەری بدوێین. ئەوەی هەیە پێویستە عەقیدەیەکی سەلیم، واتە: دوور لە کوفر و شرک و بیدعەمان هەبێت. من خۆم قسەی لەسەر ناکەم چونکە ئەو کات دەڵێن ئەوە ڕەئی خۆیەتی، بەڵکو من ڕێگای گەیشتن بەو علمە لە ڕێگەی نامیلکە و کتوبە اعتقادیەکانی خۆیان بە ئێوە پیشان دەدەم، واتە تۆ ڕاستەوخۆ خۆت دەچیتە سەر ناوەڕۆکی باس و، هەروەها باشترین کەسەکان بۆ ئەوەی ببنە مامۆستات سەلەفی ئوممەتن کە پێک دێت: لە هاوەڵان و تابعین و اتباعیان.

بۆ نموونە: لە ئەثەرێکی صحیح کەوا ئیمامی (أبو داود) لە (كتاب السنة) بە سەنەدی صحیح لە هاوەڵی بەڕێز (عبدالله بن عمر) ﷺ هێناویەتی: کاتێک دوو تابعی بەڕێز لە مەوسومی حەج چاویان پێ دەکەوێت و پرسیاری دەربارەی کەسانێک لێ دەکەن کەوا ڕەفزی قەدەر دەکەن، (ابن عمر) ﷺ پێی فەرموون: ئەگەر بەوان گەیشتن پێیان بڵێن: کەوا ئەوان لە من بەریئن و منیش لەوان بەریئم. هەروەها دواتر ئەثەرێکی تری هێناوە ئیمامی ئەبو داود هەر لە (ابن عمر) ﷺ کەوا هاوڕێیەکی لە

شام هەبوو لە ئەحوالّی یەکیان دەپرسی، (عبدالله) نامەیەکی بۆ نووسی و پێی گووت: وریابە بە هیچ جۆرێک لە حالّم نەپرسیت، چونکە پێم گەیشتووە کە تۆ قسە لەسەر قەدەر دەکەیت، من گوێم لە رسول الله ﷺ بوو دەیفەرموو: کەسانێک پەیدا دەبن کەوا بڕوا بە قەدەر ناکەن.

دەڵێم: سەنەدی مقالی لەسەرە، (أبو داود) لە (سنن) لە (كتاب السنة) هێناویەتی.

بۆچی ئەو دوو نموونەم هێناوە؟، لە وەڵامدا:

مەسئەلەی قەدەر یەکێکە لە مەسائیلە گرنگەکان، هەروەها یەکێکە لە ئەرکانی ئیمان، کە وەک معلومە ئەرکانی ئیمان شەشە و کۆتاییەکەی بڕوا بوونە بە قەدەری الله ﷻ بە خێر و شەڕی. واتە: پەیوەستە بە عەقیدەوە و بابەتێکی اعتقادیە، هەروەها سەلەف لە هاوەڵان و تابعین و أتباعیان بە کۆدەنگی لەسەر ئەو باسە قسەیان کردووە بە ئیقرار کردن لێی، وە لە کتێبە عەقیدەیی و نامیلکە اعتقادیەکاندا هێناویانە و دانیان پێدا ناوە، هەروەها ئیجماعی ئەهلی سوننەی سەلەفی صالح لەسەر ئەو باسە نەقڵ دەکەن. جا من نامەوێت هەرچی کتێبی عەقیدەیی هەیە لە سەلەف و لە خەلەف لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم و باسی بکەم، هەروەها باس نەکردنی هەندێ کتێب واتایی ئەوە نییە گرنگ نەبن بەڵام ئەوەیان کافیە، هەروەها

شتێکی تر من ناچمە نێو وردەکاری ئەوەی کێ یەکەم کتابی لەسەر (أصول الأعتقاد) نووسیوە، کتێبێک هەیە کەوا کۆمەڵێک نامیلکەیی عەقیدەی زۆر باشی تێدایە هەم لە سەلەف و هەمیش لە خەلەف، بە ناوی: (**الدليل جامع المفيد الى متون عقيدة والتوحيد**) لەنێویدا هەموو مەتنەکان مەخوێننەوە بەڵکو ئەوەی پێویستە و لەسەر ڕێچکەی ئەوائل نووسراوە لە سەلەف و خەلەف.

لە سەلەف: (أصول السنة)ی الحميدي، (شرح السنة) للمزني، (أصول السنة) أحمد بن حنبل، (عقيدة الرازيين) أبي زرعة و أبو حاتم الرازيان و ابن أبي حاتم الرازی، (صريح السنة) للامام ابن جرير الطبري، (عقيدة ابن أبي زيد القيرواني)، (عقيدة السلف أصحاب الحديث) للصابوني. وە یان لەو کتێبە زۆر چاکتر و باشتر هەیە ئەویش (**جامع ی آل حمدان**) کە هەرچی مەتن و کتێبی پوختی اعتقادی سەلەفە تێیدا کۆیکردۆتەوە، بۆیە بێ خەم هەموویان بخوێننەوە، هەروەها نامیلکەی تر هەن کەوا لەنێو ئەو کتێبە نییە ئەوانیش گرنگن، **لەوانە:** (الشرح السنة) للبربهاري، نامیلکەیەکی گرنگە و دە لاپەڕێک دەبێت کە شتی زۆر بەسوودی تێدایە.

لەنێو کتێبەکانی فەرموودە کتێبی عەقیدەیی تێدایە، **وەک:** (كتاب التوحيد) لە صحيح البخاري، (الاعتصام بالسنة) لە صحيح مسلم، وە یەکەم کتێبی صحيح مسلم (كتاب الايمان والقدر)، (كتاب السنة) لەنێو سنن أبي داود. وە لە سنن الترمذي (أبواب الإيمان) هەیە. هەروەها کۆمەڵێکی زۆرتر

ناميلكه و اعتقادی سەلەف هەیە بەڵام ئەوانە کافیە چونکە باسەکان هەموویان پێکەوە گرێدراون و تەنیا هەندێکی لە هەندێکی تر کەم و زیادی هەیە. ئەوانە ناميلكه بوون، هەروەها کتێبی مجلدی گەورەیی عەقیدەیی هەیە، وەک: (السنة)ی عبدالله ی کوڕی ئیمام أحمد، (السنة)ی پێشەوا الحرب الكرمانی کەوا ئیجماعی اعتقادی سەلەفە و تا بڵێی گرنگە، هەروەها (السنة) لأبي بكر الخلال كه کتێبێکی دوو بەرگی گەورەیە و یەکێکە لە کتێبە گرنگەکان، (خلق الأفعال العباد) للبخاري، (الرد علي الجهمية)ی ئیمام أحمد، (الرد على الجهمية) الدارمي، (السنة) لابن أبي زمنين کە کتێبێکی یەک بەرگی گەورەیە هەموو لایەنەکانی عەقیدەی سەلەف بە سەنەد نەقڵ دەکات، وە (الإبانة الصغرى والكبرى) لابن بطة العكبري، هەروەها (الشريعة) للآجري کە کتێبێکی گەورە و گرنگی عەقیدەییە، (كتاب التوحيد)ی ابن منده، وە دواتر (ذم الكلام وأهله) للهروي، وە دواتر (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة) للالكائي. هەروەها کتێبی تایبەت بە (الأسماء والصفات)، وەکو: (النزول) للدارقطني، (رؤية الله) للدارقطني، (التوحيد) لابن خزيمة.

دووەم: زانستی قورئان (علم القرآن).

پێش چوونە نێو وردەکاری کاتێک گووترا (قورئان) بە تەنها ئەوا تەنیا خودی کتێبی قورئانی پیرۆز دەگرێتەوە، بەڵام کە دەگووترێ: (علم القرآن) یان (زانستی قورئان) ئەوا کۆمەڵێک زانستی تری نێو ئەم کتێبە دەگرێتەوە، کە هەر هەموویان بۆ خزمەتی قورئانە و یاخود بۆ تێگەیشتنە لە قورئانی پیرۆز بەو شێوەی کەوا هاتووە.

علم القرآن یان زانستی قورئان پێکدێت لەمانەی خوارەوە:

١- التفسیر یان تەفسیر.

٢- التجوید، جوان خوێندنەوەی قورئان.

٣- الناسخ والمنسوخ.

٤- أسباب النزول.

٥- المحکمات والمتشابهات.

١- التفسير يان تەفسير:

یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی نێو زانستی قورئان کە پێویستە لەسەر موسڵمان بیزانێت و هەوڵی بۆ بدات، تەفسیریش دەیەها جۆر و ڕێگا و شێوازی هەیە، بەر لە هەموو شت ئاشناتان دەکەم بە کتێبێک کە پێش ئەوەی بچنە نێو تەفسیر پێویستە بیخوێننەوە، ئەویش بریتییە لە: (مقدمة في أصول التفسير) لابن تيمية بە شەرحەوە. کتێبێکە هەرزانە و لە هەموو شوێن دەست دەکەوێت و پەیدا دەبێت، ئەم کتێبە هەموو ئەو شتانەتان پێ دەڵێ لەسەر تەفسیر کە پێویستە بیزانن، وە بەهۆی خوێندنەوەی ئەو کتێبە وەک ئەوە دەبێت تۆ چرایەک بگریتە دەست و بە ڕێگادا بڕۆیت چونکە من دەزانم چ شتێکی گرنگی تایبەت بەو علمەی تێدایە، وە هەر ابن تيميه قسە لەسەر تەفسیرەکان دەکات و باشترین تەفسیریش دیاری دەکات کە بریتییە لە (تفسير الطبري) کە خاوەنەکەی (ابن جرير يان أبو جعفر الطبري)یە، تەفسیرەکە اسنادە لە هاوەڵان و تابعين و أتباعي تابعينە، بە بڵندترین سەنەد و ڕاستترینیان، نەک بڵێین هەمووی ئەوەی تێیدا هاتووە هەمووی ڕاستە، بەڵام بەرامبەر ئەوانی تر لەپێشترە. هەروەها (تفسير القرآن العظيم)ی (ابن أبي حاتم الرازی) کەوا هاوشانی تەفسیری (ابن جرير الطبري) بێ وێنەیە، وە هەر لەسەر تەفسیری الطبري (مختصر تفسير الطبري) هەیە کەوا تەحقیقەکەی (عبدالقادر الأرناؤوت) کردوویەتی، بۆچی دەڵێم ئەو؟ چونکە سێ کتێبی زۆر گرنگی لەگەڵ تێکەڵ کردووە، ئەوانیش: (أسباب النزول) يان (مختار الصحاح) ڕاستترین (أسباب النزول) کەوا لە یەکێک لە علومەکانی نێو قورئانە،

هەروەها (فضائل القرآن) لابن كثير الدمشقي الشافعي تێدا بەکارهێناوە. جا دەمەوێ تیشک بخەنە سەر ئەوەی ئەم کتێبە، واتە: (فضائل القرآن) کە خاوەنەکەی (ابن كثير)ـە، کتێبێکی زۆر زۆر گرنکە بۆ تێگەیشتن لە سەرەتاو کۆتایی ئەو کتێبەی کە قورئانە، هەروەها ئەو قیرائاتانەی ئێستا مشهورە و سەرەتا و کۆتایی نووسینەوەی قورئان. بۆیە گرنکە ئەویش وەک بەشێک لە زانستەکانی نێو قورئان بخوێندرێت و خۆمانی لێ شارەزا بکەین.

هەروەها تەفسیری ترمان هەیە کەوا (البغوي) نووسیویەتی، هەروەها لە متأخرین یەکێک لە باشترین و هەڵبژێردراوترین تەفسیرەکان بریتییە لە: (تفسير ابن كثير)، ئەوەی گرنگە ئەو تەفسیرە بە کوردی هەیە و (مختصر) کورتکراوەی هەیە، یەکێک لەو مختصرانە (أحمد شاكر) کردوویەتی کە گرنگە و بەڵام بە زمانی عەرەبیە، جا ئەوەی گرنگە تەفسیری ابن كثير لە سەرەتادا تەفسیری قورئان بە قورئان دەکات، کەوا زانایان دەڵێن باشترین تەفسیر تەفسیری قورئان بە قورئانە، دواتر ابن كثير لە تەفسیرەکەی اعتمادی زۆری خستۆتە سەر هەردوو گرنگترین و باشترین تەفسیر ئەویش تەفسیرەکانی: (طبري و ابن أبي حاتم)ـن، واتە: ڕەئی ئەرجعی ئەو دوو تەفسیرە دەهێنێت کە ئەمەش زۆر گرنگە، دواتر (أسباب النزول) باس دەکات، هەروەها یەکێک لە گرنگیەکانی (الناسخ والمنسوخ)ـی تێدا ئیشارەت پێداوە، جا تەفسیر زۆرن بەڵام باشترینەکان ئەوانەن، هەروەها بۆ تەفسیرە کوردیەکان بە هیچ جۆرێک جائیز نییە ئاسانەکان (واتە ئەوانەی تەنیا عەرەبیەکەیان کردووە بە کوردی)، چونکە

ترجمەی قورئانە، کە ئەگەر کتێبەکەی ابن تیمیە بخوێنەوە کە لەپێشدا باسم کرد ئەو شتەتان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەڵام یەکێک لەو تەفسیرانە ئەگەر دەستکاری نەکرابێت باش بوو تا ڕادەیەک ئەویش (تەفسیری ڕامان)ـە، چونکە کاتی خۆی کە من خوێندمەوە تعدیلاتی تێدا نەکرا بوو.

٢- تەجوید:

ئەویش زانستێکە لە نێو قورئان کەوا پێویستە بۆ قوتابی زانستی شەرعی خۆی فێر بکات، تەجوید هەمووی یەک شتە بەڵام دەمەوێ یەک شتتان بخە مێشکەوە ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ ئەم زانستە زۆر قورس و گران کراوە، بە جۆرێک بە سادە خەریکی دەبن لەکاتێکدا ئەوپەڕی دوو مانگ بۆی کافیە و لێی فێر دەبیت ان شاء الله، بۆیە زۆر خۆتان بەوە ماندوو مەکەن بەوەی بە سادە بەدیار تەجویدەوە بن.

٣- الناسخ والمنسوخ:

ئەوەیان یەکێکی ترە لە زانستەکانی نێو زانستی قورئان کە پێویستە قوتابی زانستی شەرعی بیزانێت، هەروەها هاوەڵان وەک: ئیمامی (علي) و (عبدالله بن عباس) (الله لێیان ڕازی بێت) زۆر پێداگریان لە فێربوونی ئەو علمە کردۆتەوە، بە جۆرێک تەنانەت ئەگەر کەسێک شارەزایی لەو علمە نەبووایە ڕێگەیان نەدەدا لە مزگەوتیش قورئان بۆ خەڵک بخوێنێت و ئەم

ئەڤەرانە لە زۆرینەی زۆری کتێبەکانی وەک ناسخ و منسوخەکان و (المدخل الی سنن الکبری للبیهقی) و کۆمەڵێکی تر هاتوون.

جا باشترین کتێب کە تایبەت بێت بەو علمە (الناسخ والمنسوخ) لأبي جعفر النحاس ـە، بەم ناونیشانە، بەڵام لە کتێبخانەکان زۆر زەحمەت دەست دەکەوێت چونکە ئێستا ئەو علمە بەلاوەنراوە و کەس گرنگی پێ نادات، بۆیە دەتوانن لە ڕێگەی (پی دی ئێف) دایبەزێنن و بیخوێننەوە، هەروەها (ناسخ والمنسوخ)ی ترمان هەیە کەوا (القاسم بن سلام) نووسیویەتی بە ڕێگای ئەبوابی فقهی، تا بڵێی کتێبێکی نایابە و گرنگە زۆریش، هەروەها (ابن جوزي) نووسیویەتی ئەویان دوای یەکەمە، هەروەها ئیمامی قتادە و ئیمامی ابن شهاب الزهري کە دوو تابعینن کتێبیان لەسەر ئەو علمە نووسیوە و کتابەکەش لە انترنێت بەردەستە بە (پی دی ئێف).

هەروەها ئەوانی تر واتە: زانستەکانی تری وەک (أسباب النزول) و (المحکمات والمتشابهات) ئەوانیش بەشێکن لە زانستی قورئان و لە سەرەوەش باسم کرد، جا ئەگەر سێرچ بکەن ئەوا دەیان کتێب لەسەر ئەو باسە بەردەستە، بۆیەش ناچمە نێو وردەکاری چونکە کتێبەکان زۆرینەی لە یەکەوە نزیکن، وە لەبارەی (أسباب النزول) (مختصر تفسیر الطبري) بە تەحقیقی (عبدالقادر الأرناؤوت) لە نێویدا کتێبێکی چاکی لەو زانستە بەکارهێناوە، هەروەها (لباب النقول)ی (سیوطي) تایبەتە بەو باسە.

سێیەم: زانستی فەرموودە (علم الحديث):

کە دەگووترێ (حدیث) تایبەتە بە نصی فەرموودەکانی رسول الله ﷺ ، بەڵام کە دەگووترێ (علم الحديث) (زانستی فەرموودە) ئەوا ئەو بەشانە دەگرێتەوە کەوا بۆ تێگەیشتن و خزمەتی خوودی فەرموودەکەیە، جا زانستی فەرموودە پێکدێت لە زانستەکانی: (الجرح والتعديل) یاخود (علم الرجال) و، (علل الحديث) و، (مصطلح الحديث) و، (الناسخ والمنسوخ الحديث) و، (شروحات الحديث). پێش ئەو علمانە لە هەموویان گرنگتر (حفظ الحديث)ـە یان (حفظ المتون)ـە، واتە: لەبەرکردنی فەرموودە و مەتنەکان، وەک دەڵێن (أشرف العلوم)، چونکە ئەگەر نیەتێکی پاکی تێدا بێت ئەوا سوودی دونیا و قیامەتی هەیە، کە دواتر ناوی ئەو کتێبانە دەهێنین بۆ ئەوەی بە پلەبەندی پێی تێپەڕن إن شاء الله. بەڵام پێش دەستپێک و چوونە نێو دونیایی ئەم علمە ئەوا پێویستە شارەزایی مێژوویی ئەم علمە بن، چونکە ئەم علمە وەک قورئان نەبوو بەڵکو دوای وەفاتی رسول الله ﷺ و بەتایبەت دوای چینی هاوەڵان لە سەردەمی تابعین سەری هەڵدا بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەو مەبەستەش کتێبێک هەیە بەناوی (التقيد العلم) للخطيب البغدادي کتێبێکی زۆر نایابە لەو بوارە، الحمدلله هەر لە سەرەتاوە لەوێدا دەستم پێ کرد بۆیە بۆ تێگەیشتن لە سەرەتاکانی ئەو علمە بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبە. دواتر بچنە سەر لەبەرکردن (حفظ)ـی حدیث چونکە هێندە زۆرە بەشی هەموو تەمەنت

دەکات. باشترین کتێبیش بۆ ئەوانەی لە سەرەتادان واتە: (ابتدائي)نە، بچنە سەر (أربعين + زوائد ابن رجب الحنبلي). دواتر ڕاستەوخۆ بچنە سەر (عمدة الأحكام) کەوا حافظ (عبدالغني المقدسي) نووسیویەتی، کە (٤٢٠) فەرموودەی (صحيح البخاري) و (صحيح المسلم)ی تێدایە و هەموویان فەرموودەی ئەحکامن و بە شێوەی باب و کتاب دایڕشتووە، کە زۆرینەی فەرموودەکان (متفق عليه)یە لە نێوان (بخاري) و (مسلم).

من خۆم الحمدلله لە سەرەتای هەموو شت لەوێدا دەستم پێ کرد تەنیا ئەوە نەبێت پێش ئەو (الأربعين)م حفظ کرد چونکە ئەو کات لە تەحقیقات و علم الرجال شارەزا نەبووم، بەڵام دەشکرێ وەک سەرەتایەک لەو چل فەرموودە دەست پێ بکەن و دواتر بچنە سەر (عمدة الأحكام)، بەڵام هەر لەگەڵ حفظ پێویستە بچێتە سەر (الجرح والتعديل)، جا پێناسە و ناساندنی کتێب زۆرە، لەپێش هەموویان (مقدمة الجرح والتعديل) لابن أبي حاتم الرازي، کە کتێبێکی گەورەیە، بەڵام تەنیا مقدمەکەی بخوێنن کەوا زۆر گرنگە، هەم پێناسەی ئەو علمە و گرنگی و سەرەتایی ئەو علمەیە، هەمیش ژیانی کۆمەڵێکی زۆر لە موجتەهدینی ئوممەت باس دەکات.

جا بە خوێندنەوەی پوختەیەک لەو زانستە تێدەگەیت و، هەروەها حاکم کتێبێکی هەیە بە ناوی (معرفة علوم الحديث)، وە خطيب البغدادي بە ناوی (الكفاية)، ئەو سێ کتێبە تەقریبەن پەیوەستن بە مەنهەجی سەلەف لەو بوارەدا، هەروەها لەنێو معاصریندا کتێبێکی هەتا بڵێی باش و چاک هەیە هەم بۆ پێناسەی (الجرح والتعديل) هەمیش بۆ (علم الرجال) و (قواعد) و

بنەماکانی، بە ناوی: (اصول الجرح والتعديل وعلم الرجال، د. نورالدين عتر)، ئەو کتێبە بخوێنەوە سوودی زۆر باشی لێ دەبینن ان شاء الله، هەروەها هەر لەو نێوەندەدا کۆمەڵێک کتێب هەیە کەوا پێیان دەڵێن: (مصطلح الحديث) کە زیاتر دانراوی متأخرینە، کتێبەکانیش: (نخبة الفكر لابن حجر)، (الموقظة للذهبي)، (تدريب الراوى للسيوطي)، (مقدمة لابن صلاح الشهرزوري)، (اختصار علوم الحديث لابن كثير وله شرح مهم باسم باعث الحثيث على اختصار علوم الحديث لأحمد شاكر)، و (منظومة البيقونية)، وە (فتح المغيث للسخاوي)، کۆمەڵێکی تر ...

تێبینی و خاڵێکی زۆر گرنگ لەسەر ئەو باسە: ئەو کتێبانە هەموویان یەک باسن تەنیا هەندێکیان لە هەندێکی تر وردەکاری و تفاصیلاتی زیاتری تێدایە، بۆیە پێویست ناکات بە سادە خەریکی بن وەک ئەمڕۆ بە **بیانووی پێدانی** ئیجازەی سەنەد و هەرچی کتێبە لەو بوارە بە قوتابی داماو دەیخوێنن، لە کۆتاییشدا هەموویان یەک شتن و پەیوەستن بە متأخرینەوە.

دواتر زانستێکمان هەیە کەوا پێی دەڵێن: (الناسخ والمنسوخ للحديث) ئەوەیان وەک چۆن لە قورئان هەیە لە فەرموودەشدا هەیە و پێویستە خۆمانی لێ فێر بکەین، دوو لەو کتێبانە: (الناسخ والمنسوخ) لابن شاهين، (الناسخ الحديث ومنسوخه) لأثرم ـە، بۆ زانیاری ئەوانە بە کتێب دەگمەن دەست دەکەون تەنیا بە (پی دی ئێف) دەتوانن بەدەستی بخەن،

هەرچەندە خۆم (ناسخ الحديث ومنسوخه) لابن شاهين مَ دەست کەوتووە و کڕیوە، بەڵام بە ئەلکترۆنی بە ئاسانی دەست دەکەوێت.

هەروەها یەک شت بزانن: هەموو ئەو علمانە بە تایبەت ناسخ و منسوخ، پەیوەستە بە هەبوونی حفظ یێکی باش چونکە دەبێت لەبەریان بکەیت هەم قورئان هەمیش فەرموودە، دواتر (علم الرجال) دێت کە تایبەتە بە ناسینی (رجال الحديث) و (علل الحديث)، لە ڕووی زانستی (علل)ـەوە کۆمەڵێک کتێبی گرنگی سەلەف هەن، وەک: (العلل) لعلي ابن المديني کۆمەڵێک لە (علل احمد برواية ابنه عبدالله او صالح والمروذي وسؤلات ابي داود عنه وعلل الميموني عنه) و (علل الكبير للترمذي). هەر لەو چوارچێوە سؤلاتەکانی (يحيى بن معين) و (احمد بن حنبل) و (علي ابن المديني) و گشتگیرترینیان کتێبی (الجرح والتعديل لابن أبي حاتم الرازي) کە ئەوانە ئێستا الحمدلله هەموویان کۆکراونەتەوە کراون بە موسوعة هەم (الضعفاء والمتروكين) هەمیش (سؤلات) و هەمیش (علل)، ولله الحمد.

هەروەها پێویستە دوای قورئان ژیاننامەی پێغەمبەرەکەمان ﷺ بزانین، بۆ ئەوەش دەتوانن لە کتێبەکانی (سير أعلام النبلاء) و (البداية والنهاية) دەست پێ بکەن، کە ئەوانە لە پێش دەستپێکی ژیانی هاوەڵان کتابێکی مجلدیان تایبەت کردووە بە ژیانی پێغەمبەر ﷺ ، هەروەها کتێبی تایبەت وەک: (سير النبي لابن هشام) و هەروەها لە کتێبەکانی فەرموودە، وەک: (صحيح البخاري)، (صحيح المسلم)، (سنن الترمذي)، ئەوا چەند کتاب و بابێکیان تایبەت کردووە بە (غزوات) و (علامات النبوة) و باسی تر. وە لە

نێو کتێبە کوردیەکان باشترین کتێب لەو لایەنە کتێبەکەی (محمد مەلا فایق)ـە، کەوا سێ بەرگە و بگرە لە زۆرێک لە کتێبە عەرەبیەکان باشترە، تەنیا ئەگەر خوێندتانەوە سەیری هامشەکان بکەن، واتە: سەرچاوەکەی چونکە هەندێ باس و خواسی لاواز هەن کەوا هێناویەتی واتە ئەو بە درێژی هەموو ڕیوایەت و باسەکانی لەسەر هێناوە، بیخوێننەوە سوودی دەبێت ان شاء الله.

هەروەها خوێندنەوەی سیرەی سەلەف، کە لەپێش هەموو شت بۆ (طالب العلم) پێویستە بە صیغەی ئەمر کەوا شارەزا بێت بە سیرەی سەلەف، واتە ژیاننامەی سەلەف، وەک: (صحابە) و (تابعین) و (اتباعی تابعین) سێ باشترین سەدەی هەموو ئوممەت، جا بە هەموو شێوەیەک لەسەر (طالب الحدیث) واجبە کەوا ئەم شتانە بزانێت و صحابە و تابعی و اتباعیان بناسێت، چونکە هەر خودی شارەزا بوون لەم سیرەی سەلەفە پێی دەڵێن: (علم الرجال) و (علم الجرح والتعدیل)، واتە: لە ڕێگای ئەو شتە دەزانیت. بۆ نموونە لە (طبقات الکبری)ی ابن سعد هەم ژیانی باس دەکات و هەمیش لایەنی حفظ و علم ی و توثیقی، کەواتە شارەزا بوون لە سیرەی سەلەف واتای شارەزا بوونیشە لە (تأریخ)، چونکە کاتێک ژیانی (حسن البصري) دەخوێنیت تێدەگەی چ شتێک لە سەردەمی ئەو ڕوویداوە و خەلیفە کێ بووە و سەردەمەکەش چۆن بووە، بۆ نموونە: تێدەگەی (عمر بن عبدالعزیز) ملتزم بووە بە ئامۆژگاری ئەو، یان (سعید بن المسیب) یان (عروة بن الزبیر)، لەگەڵ خوێندنەوەی سیرەی هەریەکێکیان ئەوەشت بۆ دەردەچێت کەوا هاوتەمەکانی ئەوان کێن، بۆ

نموونە تێدەگەی (ئیمامی مالک) و (الأوزاعی) و (سفیان الثوری) هاوتەمەن بوونە، هەروەها تێدەگەی ئەوزاعی شام یە و مالک مەدەنی یە و سفیان کوفی یە، بە پووختی شارەزا بوون لێی (چەندین علمە) کە لە سەرەوە باسم کرد.

باشترین کتێبەکان لەو لایەنە ئەوەی من خۆم خوێندوومە:

لە کتێبە پێشینەیەکان (طبقات ابن سعد)، (تاریخ الخطیب)، (حلیة الأولیاء) و هەروەها (سیر أعلام النبلاء) کە هەندێ تایبەتمەندی تێدایە لەوانی تر نییە.

ڕوونکردنەوەیەک لەسەری:

هەندێ خاڵی زۆر گرنگ هەیە لەسەری کە پێویستە بزانرێت، بەتایبەت بۆ (عەوام) یان (مبتدیء)، ئەو کتێبە گشتگیرە، واتە: ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و تابعین و أتباعی تابعین و سەلەف هەمووی لەخۆ دەگرێت، ئەوەی گرنگە خوێنەر بیزانێت ئەو کتێبە هەڵگری ناوەکەی نغیە چونکە (پاڵفتە) نەکراوە، بەڵکو هەرچی مبتدع و گومڕا و زەندیق هەیە تێیدایە، واتە: جێگای کراوەتەوە، بۆیە پێویستە لەو لایەنە وریا بیت چونکە لەلایەن نووسەر تساهلاتی زۆریان لەسەر کراوە لە بازنەی بیانوو (العذر) هێنانەوە بۆیان.

هەروەها ئەو کتێبە کۆکەرەوەی کتێبەکانی تری وەک (ابن سعد) و (تاريخي خطيب) و (حلية ی ابو نعيم) و ... هتد یە.

لە ڕووی سەنەدەوە کە گرنگترین لایەنە: نووسەر هەوڵی داوە زۆرترین ڕیوایەت لەسەر ژیانی هەر یەکێکیان کۆبکاتەوە، بۆیە زۆر بەسەرهات و باسی (عجائب و غرائب و منكر)ی تێدایە، هەندێکی خۆی تەحقیقی کردووە بەڵام لە زۆرینەی بێدەنگ بووە، بۆیە پێویستە لەکاتی خوێندنەوەی بە وردی سەیری تەحقیقەکەی بکرێت، بۆ ئەوەش (شعيب الأرناؤوت) تەحقیقی کردووە، هەروەها جگە لە لایەنی میژوویی و سیرەیی، نووسەر لایەنی (الجرح والتعديل)ی تێدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە: کاتێک باسی ژیانی (سفيان الثوري) دەکات ئەقوالی ئەئمەی (الجرح والتعديل)ی لەسەر نەقڵ کردووە، بۆ نموونە فلان زانا دەڵێ: (سفيان أمير المؤمنين في الحديث)، یان ئەگەر یەکێکیان جرح کرابێ وەک ابن لهيعة بە نموونە، بەڵام لێرەدا بە کورتییە. جگە لەوەش نووسەر تا ڕادەیەک تساهلاتی زۆری تێدایە لەسەر (الجرح) واتە کەمتر ئەو لایەنە دەگوازێتەوە بە بەراورد بە (التعديل)، بۆ نموونە لە کتێبی [من تكلم فيه وهو موثوق]، ئەگەر چوار ئیمام جرحی ڕاویەکیان کردبێ و تەنیان یەکێک توثیق ی کردبێ، دەڵێ: (وثقه) قال فلان لا بأس به ...

لە ڕووی سەرچاوە (مصدر): ئەو کتێبە نابێتە سەرچاوە بۆ بابەتی هەستیار چونکە لە ڕووی سەنەدەوە زۆر دوورە، بەڵکو دەبێ هەر باسێکی ناوی بۆ سەرچاوە ئەصلیەکە بگەڕێندرێتەوە، ئینجا تەحقیقی

لەسەر بکرێ و دوای تەحقیق ئەو کات بڕیار دەدرێت. بۆ نموونە: ئەڤەرێک هاتووە لە هاوەڵێک لە بابی عەقیدە، تۆ ناتوانی بێی بڵێی ئیمامی عومەر ﷺ وای فەرموە و بنووسی لە (سير أعلام النبلاء) هاتووە، بەڵکو پێویستە سەرچاوەی ئەو قەولە لە چ کتێبێکی تڕە ئەو بنووسی، بۆ نموونە: لە (تأريخ)ی (خطيب البغدادي) هاتووە، ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو کتێبە سەیری سەنەدەکان دەکرێ بەو شێوەیە.

بۆ ئەمەش محققەکان ئەو زەحمەتیەیان لەسەر خوێنەر نەهێشتووە، چونکە تخریجی هەموو ئەقوالەکانیان کردووە.

لە وەڵامدا: من هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووم کەوا لە هەموو شتێک بزانم و فێربم، وە گومانم نییە زۆرێکی تر هەمان حەزیان هەیە، وە ئەگەر ئەو حەزەمان هەبێت دەبێت زۆرترین جهد و تێکۆشان بکەین و زۆرترین قوربانی بدەین، چونکە علمێک نییە بڵێی سااڵێک یان دوای دوو ساڵ تەواو دەبێت. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک هیچ نەزانێت لە قەواعدی عەرەبی، بە جهد و تێکۆشانی دوو ساڵ فێر دەبێت و پێویستی زیاتری پێ نابێت، یان ئەگەر هیچ لە تەجوید نەزانێت ئەوا بە جهدی کەمتر لە ساڵێک تەواوی دەکات و شارەزا دەبێت، بەڵام (علم الحديث) یان (قورئان) علمێک نین بڵێی بە ساڵێک یان دوو تەواوی دەکەیت و دەگەیتە بنبەستی کۆتایی، وەکو سەلەف تاوەکو کۆتایی تەمەنیان هەر خەریکی ئەم علمە دەبوون، هەروەها لەلایەکی تر ئەگەر بتەوێت تەنها لایەنێک

هەڵبژێریت ئەوا لە لایەنەکانی تر تووشی جەهل دەبیت، وەک ئەگەر ڕوو بکەیتە قرائات و تەفسیر بەڵام اعتقادی سەلەف بەلاوە بنێیت، یان ڕوو بکەیتە فەرموودە و قورئان و عەقیدە بەلاوە بنێیت.

دابەش کردنی کاتەکان بۆ علم:

بەرنامەیەکی ڕۆژانە کەوا هەموو علمەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام لەو کاتەی چاو دەکەیتەوە لە خەو هەتا چاو دادەخەیت بۆ خەو دەبێت لەسەری بیت.

دوو علمی ئەساسی واتە: (قورئان و حدیث) دەبێت بکەیتە هاوڕێی بەردەوامی ڕۆژانەت، واتە: ئەوانە هەموو ڕۆژ دەبێت هەندێک لەو و هەندێک لەوەی تر بخوێنیت، چۆن؟

لە سەرەتایی بەیانی و ڕۆژانە حفظ ی قورئان، واتە: تۆ گەر لە ئیش بیت یان هەر شوێن و جێگایەکی تر بەپێی ئەو مەجالەی کە هەتە هەتاوەکو بانگی نیوەڕۆ خەریکی حفظ دەبیت، لەو کاتەدا دابەشی دەکەیت ئایا چوار ئایەت یان دە ئایەتت پێ لەبەر دەکرێت بە پێی ئەو توانایەی هەتە لە حفظ دا، دوای تەواو بوونی حفظ بە ساڵێک یان کەمتر یان زیاتر تۆ دەبێت لەسەر هەمان بەرنامە بڕۆیت، بەڵام لە مراجعەدا کاتت بۆ دەگەڕێتەوە، بۆیە دەتوانی ڕۆژانە لەو کاتەی کە بۆ قورئان یان مراجعە

داتناوە (أسباب النزول) یان مختصری تەفسیرێک بخوێنیت، ئەمە تایبەتە بە قورئان لە بەیانی تاوەکو نیوەڕۆ.

دواتر دوای نیوەڕۆ هەتا مەغریب خەریکی حفظ ی فەرموودە دەبیت ڕۆژانە بە بەردەوام، لە سەرەتا دوو حدیث دوای مانگێک دوو دانەکە بکە بە پێنج، دوای شەش مانگ بیکە بە دە، دوای ساڵێک بیکە بە بیست، دوای دوو ساڵ و سێ ساڵ بیکە بە سی و چل، ئەم شتە ئاسان دەبێت بە تێپەڕبوونی کات و زەمەن.

لە سەرەتادا کتێبی (عمدة الأحكام) کە (٤٢٠) حدیث ـە و، هەڵبژێردراوی بوخاری و موسلیم ـە بەبێ دووبارە، ئەگەر ڕۆژانە دوو حدیث لەبەر بکەیت ئەوا بە (٢٠٠) ڕۆژ هەموو کتێبەکە تەواو دەکەیت. ئەگەر پێنج حدیث بێت ئەوا بە (٨٤) ڕۆژ هەموو کتێبەکە تەواو دەکەیت، جا بە پێی مەجال و توانای خۆت. بەڵام ئەوەش نابێتە ئەوەی بڵێی هێندە مەجالم نییە بەڵکو دەبێت مەجال بۆ خۆت دروست بکەیت کە دواتر ڕوونی دەکەمەوە.

واتە: تۆ لە سەرەتا هەتا ساڵێک ئەو توانایەت هەیە دواتر وای لێ دێ ڕۆژانە بیست هەتا چل حدیث حفظ دەکەیت لەو ماوەدا، واتە: تاوەکو شەو ئەمە دوو بەرنامەی هەمیشەییتە کە دوای ساڵانێک بەروبوومەکەی هەزاران حدیث و حفظ ی قورئان و تەفسیر هەمووی فێر دەبیت و دەچێتە نێو سینگت.

دواتر شەو دەمێنێت، لە شەوەوە هەتا ئەو کاتەی دەخەویت پێویستە بنچینەکانی ئەو دوو علمە فێربیت، چونکە ئەگەر حافظی هەموو حدیثەکان بیت ئەگەر شارەزایی علمەکەی نەبیت وەک نابینا وایت و هیچت پێ ناگوترێت، بەڵام لەو کاتەدا زیاتر شتەکان خوێندنەوەیە نەک حفظ، هەروەها پێویستە کە تۆ لەو حاڵەدا کە شارەزایی مصطلحاتی حدیثی دەست بکەیت بە سیرەی سەلەف لە هاوەڵان و تابعین و اتباعیان و قوتابیەکانیان.

چونکە ئەگەر تۆ شارەزایی ژیانی هاوەڵێک بیت دەزانیت قوتابیەکانی کێن، بۆ نموونە: لە سەنەدێک دا تەنها نووسراوە (عن عبدالله)، ابن مسعود ـە یان ابن عمر یان ابن عباس یان ابن الزبیر یان ابن عمرو کە ئەوانە هەمووی عبدالله ـن، بەڵام ئەگەر ژیان و سیرەی ابن مسعود ـت خوێندبێت دەزانیت لە سییەکانی هجری وەفاتی کردووە، علقمە و عبدالرحمن عن ابن مسعود ـە و سالم و نافع عن ابن عمر ـە و سعید بن جبیر و مجاهد و عکرمە و ئەوانی تر عن ابن عباس ـە، دواتر بە خوێندنەوەی ژیانی تابعین شارەزایی ئەوە دەبیت، ئایا حسن گوێی لە عمر بووە، یان أبو عثمان گوێی لە ابوبکر بووە، یان ابن المسیب گوێی لە عثمان بووە، بەم جۆرە تۆ شارەزایی حدیثەکان دەبیت و تەنانەت ئەگەر حدیثەکەشت نەخوێندبێت بە بینینی دەزانیت ئایا صحیح ـە یان نا بە تێگەیشتن لە سیرەی سەلەف، بەڵام زانینەکە بۆ ارسال و انقطاعة، چونکە هەتا (الجرح والتعدیل) نەخوێنێت ناتوانیت بە تەواوی حوکم لەسەر راوی و رجالی حدیث بدەیت. جا مەرج نییە تۆ ڕۆژانە ژیانی هاوەڵێک یان

تابعیەک بخوێنیت و بە یەک ڕۆژ ژیانێکی کامل تەواو بکەیت، بۆ نموونە: سیرەی (عمر) دەیان لاپەڕە و ژیانی (سفيان الثوري) نزیکەی سی لاپەڕە و ژیانی (الشافعي) نزیکەی سەد لاپەڕە، خۆ ناکرێت بە یەک ڕۆژ تەواوی بکەیت، چونکە سوودت پێ ناگەیەنێت، بۆیە وردە وردە تاوەکو دوای ساڵێک بەرهەمی دەبێتە شارەزا بوون لە ژیانی دەیان ئیمام و پێشەوا، ئەمەش شەوان نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێکی بۆ تەرخان بکە، جا شەو ماوە بۆیە ناکرێت عەقیدەش بەلاوە بنێیت، بۆیە شەوان نیو کاتژمێر بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی عەقیدەیی تەرخان دەکەیت.

بۆ نموونە: (السنة لعبدالله)، کە دوو مجلدە، شەوان نیو کاتژمێرێک بیخوێنە ئینجا بە چوار مانگ یان هەشت یان ساڵێک تەواوی دەکەیت، کەوا جەمعی اعتقادی سەلەف لەو کتێبە بە سەنەد کۆبۆتەوە. کەواتە سەیر بکەن بە یەک ساڵ ئەگەر لەسەر ئەو بەرنامە بڕۆیت چ علمێک کۆدەکەیتەوە و فێر دەبیت، بەڵام دەبێت قوربانی بدەیت! نابێت بە کەیفی خۆت بگەڕێی و بچیتە میوانداری، یان دیوەخان خۆش بکەیت یان سەفرە بکەیت، ئەمانە هەمووی بکە بەڵام زۆر زۆر کەمی بکەوە، مەڵێن ئیشمان هەیە و مەجال نییە، واللە ی هەبووە کارتۆن و شلیفی لەسەر شان بووە لە ڕێگادا قورئان یان حدیثی حفظ کردووە، تۆ کە تێکەڵ بوویت بە تۆ بێت هەموو ژیانت تەنیا خەریکی علم بیت، بەڵام یەک شت بکەن نابێت پەلەتان بێت و نابێت بڵێن وا تەمەنمان ڕۆیشت و نابێت بڵێن بە ساڵێک هەموو شت بزانین، چونکە علم پێویستە زۆر لەسەرخۆ بیت و پەلەی لێ نەکەیت، وە ئەو بەرنامە بۆ کەسانێکی زۆر تایبەتە کەوا ئامادەن

تێبکۆشن في سبيلي علم و فێربوون کە دەزانن ڕێگای بەهەشتە ان شاء الله، بۆیە ئەم بەرنامە کۆکردنەوەی هەموو علمەکانە لە یەک ڕۆژ و یەک کات، ان شاء الله سوودی دەبێت بۆ ئەوانەی کە لەسەری دەڕۆن.

ولله الحمد والمنة بۆ شاهێدی ئەو بەرنامەی کە دامناوە، یەکێک لە (طالب العلم)ەکان کە برایەک بوو دوای ئەوەی ڕێگاکانم بۆ ڕوون کردەوە و هانم دا کەوا پێش هەموو شت ئەگەر توانای هەیە قورئان لەبەر بکات، توانا و ئاستی لەبەرکردنی خۆی پێ گووتم، دوای ساڵێک کە دابڕا پەیوەندی پێوە کردم، گووتی: الحمدلله (ئێستا حافظ قورئانم، هەروەها شەش سەد فەرموودەشم لەبەر کردووە و ئیجازەی هەندێ قیرائاتیشم وەرگرتووە) والله على ما أقول وكيل.

بەڕاستی ئەوە بۆ ئێمە هەموو دونیا دێنێت و بۆ ئێوەش هاندانە تاوەکو بزانن کە ئەگەر خۆتان مەیلتان لەسەری بێت و هەوڵ و ماندوو بوونی بۆ بدەن دڵنیابن هەموو شتێک بەدەست دێ، دەبێ ڇ هەستێک لە چێژی علم و دیراسەی قورئان خۆشتر هەبێ، والله ی لە دونیادا دوای چێژی ئیمان هیچ هەستێک وەک ئەوە نییە و نابێ، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەوە پێویستە و دەبێت کەوا هەموو ئەو زانستانە بە سلسلە و پلەبەندی بێت، هەروەها دەبێ لای مامۆستایەک بێت کەوا (ثقة) بێت، واتە: متمانە پێکراو بێت و بیروباوەڕێکی سەلیمی هەبێت، هەروەها (حافظ) بێت، واتە: زانستی لە ناخی هەڵگرتبێت و بلفعل و بە کرداریش شارەزا بێت. چونکە ناکرێ و نەبووە تۆ بێ هیچ کەس و لایەنێک بگەیتە لوتکەی

علم، وە گەر هەوڵیش بدەیت ناتوانی کامل بیت ئیللا کەم و کوڕیت دەبێت.

فهرست

پێشەکی..... ١
بەشی یەکەم: فضل العلم: پێگە و گرنگی زانستی شەرعي..... ١٤
دەرچوون بۆ علم وەک جیهادە:..... ٢٢
هەریەک الله خێری بۆی بوێ لەدین شارەزای دەکات:..... ٢٤
باشترینی جاهلیەت باشترینی ئیسلامە بە هۆی علم:..... ٢٦
تەنها لە بەدەستهێنانی علم حەسادەت دروستە:..... ٢٧
فەزڵی ئەوانەی لەپێناو علم کۆدەبنەوە:..... ٢٩
ئەو کەسەی کە کردەوەیەکی خراپ یان چاک دادەهێنێت:..... ٣٠
ئەوەی خەڵکی بانگ دەکات بۆ ڕێگای هیدایەت یان گومڕایی:..... ٣٢
ڕێگای علم ڕێگای بەهەشتە:..... ٣٣
علم دوای مردنیش سوودت پێ دەگەیەنێت:..... ٣٤
گەورەیی مەجلیسی (علم):..... ٣٥
تێگەیشتن لە دین باشترە لە بەندایەتی کردن بە جهل:..... ٤٢
ڕێزگرتنی سەلەف لە ئەهلی علم:..... ٤٤
بیانووی نەزانین بۆ هیچ کەس نیە:..... ٤٥
سەلەف منداڵەکانیان هاندەدا بۆ علم:..... ٤٧
فەزڵی علم لای هاوەڵان:..... ٤٩
فەزڵی علم لای التابعین:..... ٥٢

فەزڵی علم لای ئەتباعی تابعین:..... ٥٦
ئەو زانستەی کە فێری بوویت لێت دەپرسرێتەوە لەسەری:..... ٦١
یەک کەس هیدایەت وەرگرێ لەسەر دەستت:..... ٦٤
بەشی دووەم: پێگەی زانایان لە قورئان و فەرموودە:..... ٦٦
پلەو پایەیی زانا لە قورئاندا:..... ٦٨
پلەو پایەیی زانایان لە حدیثدا:..... ٧٥
طائفة المنصورة، ئەهلی علم و حدیثن:..... ٨٠
فەزڵی زانا بەسەر عابد..... ٨٣
دیراسەی فەرموودەکان کە لەسەری هاتوون ئەوانیش:..... ٨٣
زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن:..... ٨٨
پێگەو گەورەیی کەسی زانا:..... ٩٩
پێگەو گەورەیی زانایان لای هاوەڵان:..... ١٠٠
پێگەو گەورەیی زانایان لای التابعین :..... ١٠٣
پێگەو گەورەیی زانایان لای أتباع التابعین و سەلەفدا:..... ١٠٥
کاریگەری یەک زانا بەرامبەر هەزار عابدە:..... ١١٢
ئەو زانایەیی کار بە زانستەکەی ناکات:..... ١١٣
ڕق و بوغز بەرامبەر بە زانایانی سەر ڕاست نیشانەی گومڕاییە:..... ١٢٠
بەشی سێیەم: ڕێگاکانی فێربوونی زانستی شەرعی:..... ١٢٢